# کۆمەڵە شیعری جیهانی

وەرگێڕ: سەلام عەبدوڵلا

پێشکەشە بە هەموو ئەوانەی کە بڕوایان بە هێزی وشە هەیە، بە هەموو ئەوانەی کە لە ڕێگەی خوێندنەوەوە، دەخوازن جیهانێکی باشتر، مرۆڤانەتر و پڕ لە خۆشەویستی بخولقێنن.

نیسانی ٢٠٢٥

## پێشەکی

لە ئامێزی وشەدا دنیایەک هەیە، لە نێوان دێڕەکانی شیعردا ئاسۆیەکی بێ سنوورمان بۆ دەکاتەوە. ئەم کتێبەی لە بەردەستاندایە پردێکە بۆ پەیوەندی نێوان کەلتوورەکان، نەتەوەکان و ئەزموونە مرۆییەکان. هاوڕێ سەلام لە ڕێگەی وەرگێڕانی ئەم کۆمەڵە شیعرەوە سنووری زمانە جیاوازەکان تێدەپەڕێنێت، بۆ ئەوەی دەنگە هەمەچەشنەکانی شاعیرانی جیهان بێنێتەوە ناو دڵ و مێشکی خوێنەری کوردزمان.
ئەم کۆکراوەیە تیشک دەخاتە سەر سێ بواری سەرەکی کە بە درێژایی مێژوو، شاعیران وزە و هێزی داهێنانی خۆیانیان پێ بەخشیوە: خەباتی چینی کرێکار، دەنگی شۆڕشگێڕی فیمینیستی و ئەفسوونی هەمیشەیی خۆشەویستی. لەم سێ بوارەدا، ئاسۆی هەستیاری و جوانی شیعر دەبینین، لە هاواری ناڕەزایی کرێکارانەوە بۆ ڕووناکی ئومێدی فیمینیستی، لە ئازار و ناسۆری دڵ شکاوییەوە بۆ هەستی ناسک و ئەبەدی خۆشەویستی.
ئەم کتێبە، بەرهەمی ڕەنج و ماندووبوونێکی زۆری هاوڕێ سەلام ە کە سەرباری کارە بەرچاوەکانی لە بواری هەرەوەزیدا لە شاری خانەقین و دەور و بەری، سەرباری بەشدارییە زۆر و زەبەندەکانی لە بواری سیاسەتدا، کەچی ئەوەی بیر نەچووە کە دەرگای بەشێکی بەرچاوی شاعیرە جوانەکانی جیهانمان بەروودا بکاتەوە. ئەم نامیلکەیە نوقسانی و کەموکوڕی خۆی هەیە. بەڵام ئامانجی سەرەکی ئێمە، ناساندنی شاعیرانی جیهان بووە بە خوێنەری کوردزمان، بۆ ئەوەی پەنجەرەیەکی نوێ بکەینەوە بۆ تێڕوانین لە جیهان، بۆ تێگەیشتن لە خەمی هاوبەشی مرۆڤایەتی، بۆ هەستکردن بەو جوانییانەی کە زمانی شیعر دەتوانێ بیانخولقێنێ.

گۆران عەبدوڵڵا
dengekan.info

## بۆ ئیرنیستو جیڤارا
## شیعری رافائیل ئەلبیرتی

لەوێ بە منالّی تۆم ناسی،
لەئاواییەکی قورتوبەی ئەرژەنتین
لەنێو دارە سنەوبەر و کێڵگەی گەنمەشامی و،
مانگاکانی کێڵگە کۆنەکان و کرێکاران یاریت دەکرد.

لەو ساتەوەختەوە هیچی ترم نەدەزانی
تا ئیمڕۆ پێمزانی کە تۆ
بووی بە رووناکییەکی پرشنگدار،
بووی بە باکوور،
بەو ئەستێرەیە کە،
هەموو چرکەیەک دەبێ تەماشات بکەین،
تا بزانین شوێنمان لە کوێیە؟

بۆ عەرەبی: صالح علمانی و عاصم الباشا

**لە هاڤانا شیعرێکی یەکەم شاعری شۆڕشی کۆبا و هاورێی کاسترۆ (یەسوس ئۆرتا رویز- Jesús Orta Ruiz ) لەسەر دەرگای حزبی شیوعی کوبی نووسراوە و پێشکەشکراوە بە کریکار و شەهیدان:**

ئەگەر نەهاتووی بۆ بەخشینەوە،
بەخشینی کات، دڵ و ژیان،
ئەوا مەیە ژوورەوە،
چونکە لە کوێ هاتیتە ژوورەوە،
هەر لەوێوە بەجێیدەهێڵیت.
ئەگەر بە ئارەزووی ئیمتیاز یان
دەستکەوت هاتوویت،
پێویست ناکات لێرەبیت،
لەم شوێنە کە برین جوانترین گوڵە.
ئەم شوێن فێری خۆشەویستی خۆبەختدانت دەکات،
تۆ دەبێ لێرە
دواکەس نانبخۆیت،
دواکەس بخەویت،
دوا کەس هەتبێت و،
یەکەم کەس بیت بمریت.
بۆ عەرەبی: لینا الحسینی

لە شیعری ماریو بینیدیتی
خۆت بەدەستەوە مەدە،
گەر ساردی بتسوتێنێت،
گەر ترس گازت لێبگرێت،
گەر خۆر خۆی شاردەوەو
با کپ بوو،
گەر ئاگر لەناو روحت بوو،
گەر ژیان لە ناو خەونەکانت بێت،
چونکە ژیان بۆ تۆیە،

ئارەزووتیش هەیە،
چونکە هەموو رۆژێک، دەستپێکێکی نوێیە،
چونکە ئەم کاتژمێرەیە و باشترین چرکە
بۆ ئەوەی بەتەنها نەبیتـ
چونکە من خۆشتتوام.

بۆ عەرەبی صالح علمانی
تیبینی: بەداخەوە  ناوی شیعرەکەی لەبیرچووە بنووسێت.

## (ئەم شیعرە گەشبینترین دەقە لە دنیا)

لەناو هەر شیعرێک
لە شیعری ماریا وین
لەناو هەر هۆنراوەیەک
چشتێکی بچووک بریقەدەدات...
لە ناو ژوور
لە ئەتمۆسفێر و
لەسەر زەمین و
دەریا،
لەناو مرۆڤ، ئاژەڵەکان و
گشت بوونەوەرێک،
بەهۆی سرووشت و دەستەکانی مرۆڤ
شیعرێک هەیە ،
وەک رووناکی بریقەدەدات.

ڕەنگە تۆ ئەگەر بەباشی بگەڕێیت
ئەوا لەناو قووڵترین تاریکیت،
ڕووناکی دەدۆزیتەوە.

## پێنج کورتە شیعر
## لانغستون هیوز

1

بۆ (و.ی.ز، دوبوا)

من ڕووبارەکانم ناسی
من ڕووبارە کۆنەکان بە کۆنی جیهان و کۆنتر لە ڕۆیشتنی
خوێنی مرۆڤ لە دەمارەکانی، و
هەتا ڕوحیشم وەک قووڵی ڕووبارەکانی لێهاتووە.

لە دەریای فورات خۆمم شوشت کاتێ سپێدە کەنج بوو،
لە نزیک ڕووباری کۆمگۆ کەپرێکم درووستکردو
ئارامیدەکردمەوە تا بخەوم،
ڕونیم بۆ نیل و ئەهرامەکانم لەسەر درووستکرد،

گوێ ملە سروودی مەسیسپی بوو کاتێ مەسیسپی بوو،
کاتێ ئەیب لینکۆڵن بۆ نیو ئۆرلیانز باری کرد و،
سنگی بە قوڕاو پۆشراویم بینی کە لە کاتی ڕۆژئاوابووندا
ڕەنگی ئاڵتوونی دەبێتەوە،

من رووبارەکانم ناسی،
ئەو رووبارە دێرینانەو،
روحیشم وەک ئەوان قووڵبوو.

2

گۆرانیەکان

لەوێ دانیشتم و گۆرانیم وت،
لە تاریکیدا گۆرانیەکانیم دەوت،
من وتم
لەم وشانە
تێناگەم.
ئەو وتی
لەوێڕا
وشە
نیە.

3

خراپی

پێدەچێت ئەوەی من بەرەو شێتی دەبات،
هیچ کاریگەری لەسەر تۆ نیە،
بەڵام من
درێژەی پێدەدەم
تا تۆش بەرەو شێتی ببات.

4

وەک یەک

وتی من لەم جیهانە بەتەنهام،
هیچ کەس بەشداری ناو جێگاکەم ناکات،
هیچ کەس دەستم ناگرێت،
راستی مەسەلەکە ئەوەیە،

من پیاوم نیە.
کوڕە گەورەکەم دەمی کردەوە و وتی:
کێشەکەت ئەوەیە تۆ سەرت نیە،
ئەگەر تۆ سەرت هەبوایە، ئەقڵت بەکار دەهێنا،
تۆ دەتوانی من بکەی بە هاوڕێیەکی دایمی خۆت.
وتی: چیم لەسەرە بیکەم خۆشەویستەکەم؟
وتی: لێگەڕێ یەکێک بەشداری جێ نووستن و
پارەکەت بکات.

5

منیش هەروا
منیش هەروا گۆرانی بۆ ئەمریکا ئەڵێم،
من برایەکی رەنگ ئەسمەرم،
کاتێ مێوانەکان دێن،
دەمنێرن بۆ متبەخ نانبخۆم،
بەڵام من پێدەکەنم و،
باش دەخۆم و
بەهێزدەبم.
سبەی
کاتێ مێوانەکان دێن،
لەسەر مێزەکە دادەنیشم،
ئەوکات هیچ کەس ناوێرێت پێم بڵێت
"بڕۆ لە متبەخ نان بخۆ"،
سەرباری ئەوەش،
دەبینن من جەند جوانم و،
شەرم دایاندەگرێت.
منیش گۆرانی بۆ ئەمریکا دەڵێم.

بۆ عەرەبی: دکتور عادل صالح الزبیدی

## گۆرانی پاکۆ ئیبانێز
## شیعری فیدیریکو گارسیا لۆرکا

قورتوبە
قورتوبە دوور و تەنیایە
ئەسپێکی رەشە،
مانگ و
دەنکە زەیتونی بە تامە و
گەرچی رێگاکانی بەرەو قورتەبە دەناسم،
بەڵام هەرگیز ناگەمە قورتوبە.

بەرێگای دەشت و با
ئەسپێکی رەش، مانگێگی سوور
و مەرگیش لە  قوللەکانی قەرتوبەوە،
چاو دەنێتە چاوم.

ئای چ رێگایەکی درێژە،
ئای ئەسپە ئازاکەم
ئای لەو مەرگە کە پێشی گەیشتنم بە قورتوبە،
 چاوەڕوانم دەکات.
قورتوبە دوور و تەنیایە.

بەبیرم دێت لەدواییدا تۆ بووی
شیعری پاپلۆ نیرۆدا
گۆرانی پاکو بانیت
بەبیرم دێیتەوە، کە لە دوا پایز لێرەبووی
بەیرم دێیتەوە کە لە دوا پایز لێرەبووی
تۆ کڵاوێکی بۆر و دڵێکی هێمن بووی و
لە چاوانت گەرمی سپێدە خەباتدەکەن و
گڵاکان دەکەوتنە ناو ئاوی روحت.
وەک گڵامێو باڵم دەکردەوە
گڵاکان لەسەرخۆ و بە هێمنی
دەنگی تۆیان کۆدەکردەوە.
ئاگردانی ترس کە لەناویدا تینوێتیم دەسووتا،
سنبولی شینی شیرین خۆی بە روحم دەپێچایەوە،
هەستدەکەم چاوەکانت گەشتدەکەن و
پایزیش دوورە.
کڵاوی بۆر و دەنگی چۆلەکە و دڵی ماڵەکەم
بۆ ئەو شوێنە کە ئارەزووی قووڵی من کۆچیکرد و
ماچەکان هێندە دڵخۆشبوون، هەر وەک کلۆی ئاگر.
ئاسمانی پاپۆڕێک
کێڵگەیەک لە گرد، یادوەرێکانت لە رووناکییە،
لە دوکەڵ  لە چاوگەیەکی هێمنە.
لەپشت چاوەکانت سپێدە داگیرسا و
گڵا وشکەکانی پایز
لە ناو روحم دەسوورێنەوە.
شیعری(ئەی ئامادەبووی بێجووڵە)
لویس ئەراغۆن

لەبەردەم هەموو دەرگا و
بیابانەکان بەجێی هێشتم
لە بەیانییەوە بەدوات گەڕام و
ئێوارە لەدەستم ڕۆیشتی
لە شوێنێک نەبووی
پێی بگەم.
لە قەلەباڵەغی دووشەموانەکان
هیچ شتێک لە تۆ ناچێت،
ڕۆژ زۆر بەتاڵترە لە پردی روو لە دەریا
بێدەنگیت کاتێ بانگت دەکەم و تۆو وڵام ندەیتەوە
تۆ منت بەجێهێشت
ئەی ئامادەبووی بێجووڵە
لە هەموو شوێنێک منت بەجێهێشت،
لەناو چاوت منت بەجێهێشت
لەناو دڵی خەونەکان
وەک رستەیەکی تەواونەکراو بەجێمتهێشت
وەک بارێکی رێکەوت، شت و کورسی،
پالتۆیەک لە کۆتایی هاوین
کارتێکی پۆست لەسەر رف
لە بچووکترین رەفتار،
هەموو ژیانم لەلای تۆ دەکەوێت،
تۆ قەت منت نەبینیوە لەپێناو
روخسارە پرشنگدارەکەت بگریم
نیگاکانت لە ناخمە و
ئاخ تۆش لێیەوە ئامادەنەبووی
ئایا هیچ جارێک
بەزەییت هاتووە بە سێبەری خۆت لەلای قاچەکانت؟

وەرگێڕان بۆ عەرەبی: بول شاۆول
شیعرێک بۆ پەیگەری قارەمانەکانی بەرگری
شیعری رافائیل ئەلبیرتی

لێرە بە رۆژ رادەوەستین و
شەوان بەرووی بای نیشتمان بێداردەبین
ئێمە مردوو نین، نەخێر
ئێوە، ئەی ئەوانە ی هەموو کاتژمێرێک بەدەورمانەوەن
ئێوە دەتوانن بماندوێنن،
گوێمان لێبگرن و
بەدوامانەوە هەنگاوبنێن
ئەی ئەوانە وا لێرە هەموو چرکەیەک هەنگاوەکانتان رادەگرن،
ئێمە لە برۆنز و بەرد بەهێزترین و
بۆ سەردەمانی داهاتووشدا
دەمێنینەوە.
نموونە پرشنگدارە ساناکانمان.
ئەمە نموونەی شانازی کویلایەتیمانە،
نە لەبیرکردنەوەو نە دەستی خەمباری
دەتوانیت ئێمە بەخاک بسپێرێن،
چونکە ئێمە لێرەدا زیندووین،
چونکە ئێمە  هەمان ئەو زەمینەین کە
روحمان پێدەبەخشێت.

بۆ عەرەبی: علی شقیر لە دیوانی (وما اخطر علی المارة)

## شیعری ژیان
## لە شیعری رۆبێرت کریلی

خۆشەویستی بە بێدەنگی
دێت و،
پاش چاوەڕوانییەکی زۆر
دادەبەزێت
بە شێوازە کۆنەکانیەوە،
بەسەرمدا دەکەوێت.
من بیرم بە چی دەکردەوە
کاتێ پێموابوو،
هێشتا دەتوانم بە درێژایی
ڕێگا بە تەنیا
بڕۆم؟
ئەوانەی خەون بە شیعر دەبینن
لە شیعری غی مای

زۆرباشە، کەواتە سەرلەبەری نوشستیم قبوڵدەکەم و
بوتڵی مەیی خاڵی و ئەو هێلکانە کە کونی رەشی بچووکیان تێدایە.
زۆرباشە، ئێستا دەتوانم نوشستییەکی گرنتر ئەنجامبدەم،
دەبا ئەم جارەیان بەشێوەیەکی نموونەیی بێت،
و سەبارەت بە مەیەکەمان و دەستنووسی وشەکەکانمان
و خۆشەویستی، رەفتار، تف، حەزە گەورەکانمانەوە،
دەتوانم لەناو مەنجەڵێک بیانکوڵێنم و
پێشکەشی تۆی بکەم،
ئەی ئەوەی  وا بەحەسرەتەوەی

سەرتاپا بڕوخێم.

بۆ عەرەبی: یارا المصری

## چەند شیعرێکی یابانی هاوچەرخ
## ئەکیکۆ یوسانو

ئەستێرەکان
لەشەوانی زستان، تۆی،
من نالێم تەنها ئەستێرەیەک،
هەموو ئەستێرەکان، تۆی.

## شاعر هیرۆهیکو ئوکانو

هەر یەکێک لە ئێمە
گەنجینەی خەمبارین،
سەرێک بۆ خوارەوە شۆڕبۆتەوە،

لە شەمەندنەفەری شەوان سەرگەردان بووە.

## شاعر ئی ئەکیتسو

ئەگەر منالٌت دەبێت،
لە ناو دارستانە سەوز
پڕ لە خونچەکە،
دنیا لەدایک بهێنە.
شیعری (تەنها دەزانم)
پرسیارم لێدەکات، چیم دەوێت
....نازانم،
بەڵام تەنها ئەوەی هەیە و دەیزانم
خەونی ناو ناخم بەرێوەم دەبات و، منیش
لەپشتی هەورەکاندا وێڵم.
تەنها دەزانم کە من
مرۆڤم خۆشدەوێت بە چیا و باخچە و دەریاکانەوە،
تەنها دەزانم کە
زۆرێک لە کۆچکردووان
لەناخمدا دەژین،
چرکەکانی ناو ناخم قبووڵ دەکەم و،
تەنها دەزانم
کە ئەوە یارییەکی کاتیە
لە هاتن و رۆیشتنی لار.
ئایا تۆ رەزامەندی
نا...هەرگیز...هەرگیز
من لارم

ئەوەی مرۆڤ بەرەو دیلی دەبات
لەوێ
خوشکە کۆچکردووەکانم
نیشتەجێن
ئێمە خوێ دەخۆین
و جیهانگەلی ئاوی
دەخۆینەوە.
مرۆڤ بە خۆشەویستی و ترسەوە لەناو چاوەکانمان
دەگەڕێن،
ئەوەیە بەهەشت
چی؟
چۆن؟
چۆن؟
من دەبێ  دیاریتان پێشکەش بکەم
بەڵام نەک گوڵە دەم پشکووەکان و
پیتەکانی لاپەرە خەمگینەکانم،
من لایەنگیری لە پیتەکانم دەکەم کە
ئێوە لایەنگیری دەکەن.

## لەناو هەر شیعرێک

## ماریا وین(دنیمارک)

لەناو هەر هۆنراوەیەک
شتێکی بچووک بریقەدەداتەوە...
لە ناو ژوور

لە ئەتمۆسفێر و
لەسەر زەمین و
دەریا،
لەناو مرۆڤ، ئاژەڵەکان و
گشت بوونەوەرێک،
بەهۆی سرووشت و دەستەکانی مرۆڤ
شیعرێک هەیە،
وەک رووناکی بریقەدەداتەوە.
رەنگە تۆ ئەگەر بەباشی بگەڕێییت
ئەوا لەناو قووڵترین تاریکیت،
رووناکی دەدۆزیتەوە.

بۆ عه ره بی: حسن حسن

## ستایشکردنی شیوعییەت
## بیرتۆڵد بریشت

شیوعییەت ژیرییە، هەموو کەسێک

لێی تێدەگات،
ئاسانە.
تۆ سەرمایەگوزار نیت و،
دەتوانی لێی تێبگەی.
بۆ خۆت باشە،
لە بارەیەوە پرسیار بکە!
گێلەکان، بە گێلی دەزانن و
پیسەکان، بە پیس
لێ کۆمۆنیزم دژی گێلایەتی و پیسییە؛

سەرمایەگوزاران پێدەڵێن تاوان،
بەڵام ئێمە دەزانین شیوعییەت:
کۆتایی پێهێنانی تاوانە.
شێتی نییە، بەڵکو
کۆتایی پێهێنانی شێتییە.
ئاژاوە نییە، بەڵگو رێکخستن و
چارەسەرە.
شوعییەت، سادەیە، بەڵام بە سەختی
بەدیدێت!

## شیوعییەکان
## شیعری پابلۆ نیرۆدا

ئێمە فومان لە بەرد و ئاسن کرد،
لە دسپلینی توند و

تەنها بە خۆشەویستی درێژەمان بە ژیان دا.
هەمووان دەزانن کاتێ ئەستێرەکەمان تێکدرا،
بە دەستی مانگگیرانی توڕەوە، تێکدرا،
خەڵتانی خوێن کراین.
ئێستا دەبینن ئێمە کێین و بیری چی دەکەین،
ئێستا دەبینن ئێمە کێین و بیری چی دەکەین،

ئێمە زیوی بێگەردی زەمینین،
کانزای مرۆڤی راستەقینەین
شەپۆلدانی دەریا بەرجەستە دەکەین،
بۆ پشتیوانی گشت هیوایەک و
چرکەیەک لە تاریکی بینینمان لێ زەوت ناکات و
بەبێ ژان دەمرین.

بۆ عەرەبی: کمال یوسف حسین

## سەردەمی نوێ
## هۆنراوەی شاعیری شیلی نیکانو بارا

بەڕاستی ئەم سەردەمە کە تێدا دەژین،

کارەساتئامێزە.
ناتوانی قسەبکەی بەبێ ئەوەی نەکەویتە ناکۆکییەوە،
یان هێمنیت بپارێزی بەبێ ئەوەی لەگەل بنتاگۆن تووش نەیەییت،
هەمووان دەزانن
کە هیچ رێگایەکی ئەڵتەرناتیڤی تر لەبەردەست نیە،
هەموو رێگاکان بەرەو کۆبا دەڕۆن،
بەڵام باکە پیسە و
هەناسەدانیش کارێکی سەرنەکەوتووە.
دوژمن ئویشد:
لۆمەکە لەسەر خودی وڵاتەکەیە
وەک بلێی وڵاتان پیاو بن،
هەوری نەگریس لەسەر
گڕکانە نەگریسەکانە
پاپۆڕە نەگریسەکان هەڵدەستن بە هەڵمەتی نەگریس
داری نەگریس، باڵندە نەگریسەکان پارچەپارچە دەکات
هەموو شتەکان هەر لەسەرەتاوە بیسبوونە .
لە ئەسپانیەوە بۆ عەرەبی نزار سرتاوی

---

## شاعیرە گەنجەکان

## شیعری نیکانور بارا

چۆن دەتانەوێت، ئاوا بنووسن
بەهەر شێوازێک حەزی لێدەکەن،
خوێنێکی زۆر لەژێر پردەکە رژا
بۆ ئەوەی ئەو بڕوایە درێژەی هەبێت کە
هیچ رێگایەکی تر نیە وتەنها یەک رێگای درووست هەیە.
لە شیعردا هەموو شتێک رێگەپێدراوە،
هەڵبەت تەنها بەمەرجێک،
لەسەرتانە باری پەڕە سپییەکان باشتر ببێت.
وەرگێران لە ئەسپانیەوە بۆ عەرەبی نزار سرتاوی

## دەستەکانی ئیلزا

## هۆنراوەی لویس ئەراگۆن

دەستی خۆتم پێبدە
تا لەو پەژارانە رزگارم ببێت کە ئابڵۆقەیان داوم

دەستتم پێبدە کە وا  لە هەموو کاتەکانی تەنهاییمدا
خەونم پێیانەوە دەبینی،
دەستتم پێبدە تا لە ونبوون رزگارم ببێت.

کاتێ دەستەکانت دەنێمە ناو داوی سۆزداریمەوە:
لە لەپ و لە ترس و پەلەکردن و هەڵچوون دەیانبەم
کاتێ وەک بەفراو دەیانبەم کە
لە نێو پەنجە و گیانم هەڵدێن

تۆ نازانیت هەموو کات چی لەناخمدا دەجووڵێت و
تورە و داگیرم دەکات.
ئایا دەزانیت چی روودەچێتە ناخم؟
لەداهاتوو دەزانیت چ ناپاکییەکم کرد کاتێ
بە ئاگری دەستەکانت سووتام
و زمانی ناخم ئاوا دەپەیڤێ :
وەکو ئاژەڵان بە بێدەنگی بدوێین
بەبێ دەم و چاو/ وەکو ئاوێنەی بێ وێنە
لە خۆشەویستیدا بەبێ وشە، بلەرزێین

داخۆ نازانی پەنجەکان چۆن بیردەکەن؟
نێچیرێک هەیە لەنێو پەنجەکانت و بەرگی تایبەتی بەختم دەمگرێت.
و هەموو کات دەزانی بۆچی بێدەنگی دەکەن لە وتنە رێپێدراوەکان و
هەر ئەڵێی برووسکە شتە نەزانراوەکان، دەزانیت.

دەستتم پێبدە،
خوێنبەرەکانم ئێستا پێکدێن
دەستتم پێبدە تا لەلانی کەمەوە دنیا بۆ چرکەیەک بێدەنگ بێت،

دەستتم پێبدە تا روحم لە ناویاندا خەوی لێدەکەوێت.
خوازیارم لەوێڕا روحم بۆ هەمیشە بخەوێت.

## چاوەکانی ئیلزا
## هۆنراوی شاعیری فەرەنسی لویس ئەراگۆن

چاوەکانت هێندە قووڵن،
کاتێ بۆ ئاوخواردنەوە دەچەمێمەوە،
خۆم لەناویاندا دەبینم.
هەموو خۆرەکان لەناویاندا دەبینرێن
و هەموو چارەڕەشەکان تا مردن
خۆیان تێدا هەڵدەدەن.
چاوەکانت هێندە قووڵ
یادوەرەییەکانم تێدا وون کرد.

لەسێبەری باڵندەکان، ئۆقیانووسێکی نائارام هەیەو
لەپڕ کەشوهەوای خۆش دەردەکەوێت و
رەنگی چاوت دەگۆڕێ.

هاوین بە مەلایکەتان دەوری سرووشت دەداو
ئاسمانیش هەرگیز بەو شێوەیە شین نەبووە لەسەر کێڵگەگەنمەکان،
با بەبێ ئازار خەمی شینایی پیشاندەدا
چاوەکانت روونتر دەبنەوە کاتێ فرمێسکیان لێدەرژێت،
چاوەکانت ئەو ئاسمان کە باران بەدوای خۆی دەهێنێت

ئێرەیی پێدەبات.
پەرداخ هەرگیز شینتر نابێت تەنها لە کاتی شکاندنی،
دایکی حەوت خەمانی لێوانلێو لە فرمێسکی
حەوت شمشێری رەنگ بڕن
خۆر جەرگبڕترە کاتێ لە نێو فرمێسکەکانت هەڵدێت،
پەلکەزێڕینە لەلایەن شینایيەکی تۆخ بە خەمباری پۆشراوە،
چاوە خەمناکەکانت دووجار درز دەکەنەوە و تێیاندا
کارە سەرسوڕهێنەرەکانی پاشانی تێدایە،
کاتی هەر سێانیان بە دڵەکوتانەوە بینی
کراسەکەی مەریم لە ناو تەویلەکەیە.

تەنها دەمێک بەس دەکات بۆ وشەکانی ئایار
بۆ هەموو گۆرانی و خەمبارییەکان
بەرینی ئاسمان کەمە بۆ ملیونەها ئەستێرەو
هەردووکیان لەناو سیحراوی چاوت شوێنیان دەبیتەوە.

ئەو زارۆکە کە لەلایەن وێنە جوانەکانەوە کۆنترۆڵ دەکرێ
بەبێ گوێدان و بە هاوسەنگی بۆیان دەڕوانیت و
کاتێ تۆب ە چاوەکانت دەڕوانیت
نازانم داخۆ درۆی دەکەن
هەر ئەڵێی بارانێکی بەخورە و گوڵی دەشتان دەکاتەوە
بریسکەیەکی شاراوە لەناو سەوزە کێڵگەی بۆنخۆشن
و لەناویدا مەلومۆرەکان خۆشەویستییە شێتانەکەیان دەردەبڕن و،
تۆش کەوتیتە ناو تۆری ئەستێرە باڵگرەکان
وەک ماسیگرێک لە گرمەی مانگی اوغوست گیان لەدەستدەدا
من لەم(رادیوم)ە لە چینەکانی فلز دەرهێنا
پەنجەکانم لەناو ئەو ئاورە حەرامە سووتا

تۆ سەدان جار بەهەشتت دۆڕند
چاوەکانت(پیرۆ)ی منن و(لی) و (گۆلکۆند) و دوورگەکانی هیندن
ئەو ئێوارەیە گەردوون ویران بوو لەسەر تاشەبەری ئەو کنارانە کە چەتەکانی دەریا دایانگیرساند.
من بینیم چۆن چاوەکانی ئیلزا، چاوەکانی ئیلزا و چاوەکانی ئیلزا
لەسەر دەریا، بریقەی دەهات.
ئای چاوەکانی ئیلزا، چاوەکانی ئیلزا و چاوەکانی ئیلزا.

جارێک پرسیاریان لە لۆرکا(شاعیری گەورەی سپانیا) کرد: بۆچی کاری سیاسی دەکەی؟
لەوڵامدا وتی: بە سانایی دەڵێم لەبەر ئەوەی بەرگری لە خەندی خۆم دەکەم .
لە هۆنراوەیەکیدا نووسیویەتی:
لەپێناوی خۆش ژیاین و
لەپێناو خۆشی خەبات دەکەین
و لەپێناو خۆشی دەمرین
هەرگیز خەم پەیوەندی بەناوی ئێمەوە نیە!
سەرچاوە: ماڵپەری(الاراده الشعبیه(

**سروودی شادی**

**هۆنراوەی شیلەر**

## شادی

ئەی بڵێسەی خواوەندی جوان
ئەی کچی سەرزەمینی نەمر،
پیرۆزیت، ئاسمانییە
هەرچی جیاوازی تیژ لەنێوانمان هەبوو
بە جادۆکەت دووبارە بەیەکەوە دەمانبەستێتەوەو
لە هەرکوێ باڵە نیانەکانت لە شەقەدەدەن،
هەموو مرۆڤایەتی دەبن بە برا.

کێ گەورەترین دەستپێشخەری بەدەستهێنا
ببێت بە برادەرەی برادەرێک و،
جوانترین کچ  بوو بە هاوڕێی
با لە شادمانیمان بەشداری بکا.

بەڵێ، هەر کەسێکیش لەسەرزەمین،
 تەنها هەر روحی خۆی دەناسێت،
با بە گریانەوە لەم کۆمەڵە دووربکەوێتەوە .

هەموو بوونەوەران بە باش و خراپیان
 لە مەمکەکانی سرووشت
شادی دەنووشن و،
شوێنپێی گوڵەکانی هەڵدەگرن،
ماچ و شەرابی پێداین
برادەرێکە لە مەرگدا ئەزموون کراوە،
شادمانی بە کرمەکانی دراوە،
پاشایش لەبەردەم خواوەند رادەوەستێت!

خۆشحاڵم بەوەی چۆن ئەستێرەکانی دەفڕن،
بە نەخشەرێگا ئەفسەناوییەکەی ئاسمان،
براکانم بە شادمانییەکەوە وەک قارەمانێک بەرەو بەدەستهێنانی سەرکەوتن،
ڕێگاکەتان بگرنەبەر.
ئەی بڵێسەی خواوەندی جوان
ئەی کچی سەرزەمینی نەمر،
پیرۆزیت، ئاسمانییە
هەرچی جیاوازی تیژ لەنێوانمان هەبوو
بە جادۆکەت دووبارە بەیەکەوە دەمانبەستێتەوەو
لە هەرکوێ باڵە نیانەکانت لە شەقەدەدەن،
هەموو مرۆڤایەتی دەبن بە برا.
ملیونان مرۆڤ لە ئامێز بگرن،
ئەم ماچە بۆ هەموو جیهانە!

براکانم!
لەسەر چادری ئەستێرەکە
دەبێ باوکێکی خۆشەویست  هەبێت،
ملیونەها دەکەون؟
ئاگات لە خالقی زەمین هەس؟
لەسەر چادری ئەستێرەکە بۆی بگەڕێ!
دەبێ لەسەر ئەستێرەکان بێت!
دەبێ لەسەر ئەستێرەکان بێت !
بیتهۆڤن سیمفۆنیەی 9ی بۆ داناوە

1

هاوڕێ گیان: بابەتەکانی ڕۆژگار پەڕە پەڕەکەو

به خورپ وەرە گیانم
به خورپ وەرە و رزگارم کە.
ئاوا، وەک هەر نەبەردێک
دیلی ئەم دەڤەرە کڵۆل و نامۆیە،
بە میهرەبانی حزورت،
وەردوخاشکە،
رەفی کتێب و ئاوێنە و باخچەی بێناز و سوچ و بنمێچ و پەرژینی ماڵ
هەر هەموویان بهێنە گۆ و،
تەنها و تەنها
بە خۆت و دنیای جوانترین رەنگ
سەرقاڵم کە!
-2
من بەهەشتم بینی
لەوێ پرسیارە بێ وڵامەکان
هەر وەک خۆیان لەناو داڵان و کۆربەندەکانیدا
وێڵ بوون،
من بەهەشتم بینی،
سەرانسەری لە نامۆیی
مرۆڤ
تەنیبوون.
دەرگاکەیم داخست و،
بە قاچاخە رێ هەڵهاتم،
ئێستا تۆ لە دەرگاکەم بدە
ئێرە دەستەخوشکی(ئەکریبۆلس)ە
وەک(ڤیدیبیدس(
لە بری پەیامی سەرکەوتنی(ئەسین(
تا دەتوانی پەنجەکانت ئازاد بکە

و له ناخمدا
گوڵچنینی ئەم بەهارە
ڕاگەیەنە!
شیعر و ئامێزی گەرم
وەک باران
بەسەر خەڵکی
داباریێنە.
بە گۆرانی ژیانی
هاوبەشی ئازاد، هەموو
دنیا ڕاچەڵەکێنە.

## من خۆشمدەوێیت
## پاپلۆ نیرۆدا

بێ ئەوەی بزانم چۆن، لە کەی و لە چییەوە سەریهەڵداوە.
هەروا بە سانایی خۆشمدەوێیت بەبێ کێشە و شانازی بەخۆ.
بۆ خۆشەویستی تۆ، هیچ ڕێگایەکی تر شک نابەم،
بێجگە لەو ڕێگایە کە بەشێوازێک خۆشمبوێیت
کە وشەی من و تۆ بسڕێتەوە.
هێندە لێکنزیکبین کە
هەستبکەم دەستت لەسەر سینەم، دەستی خۆمە.
هێندە لە یەک نەزیک بین،
کاتیک تۆ چاوت دادەخەیت،
منیش دەستبەجێ خەوم لێبکەوێت.
پاپلۆ نیرۆدا

پەرتووکی پرسیارەکان
پێم بڵێ
ئایا گوڵ رووتە یان
ئەوە تاقە کراسەکەیەتی؟
بۆچی دارەکان رەگە جوانەکانیان دەشارنەوە؟
کێ گوێ دەگرێت لە پەشیمانی دزی ترۆمبیلان؟
ئایا لە دنیا خەمبارتر هەیە لە شەمەندنەفەرێک
لەژێر باراندا راوەستابێت؟
ڕەنگە

بازاڕی ئینسان
لە گۆرانیەکانی گروپی(یوروم)
ئێمە لە(کۆندۆ)وە هاتووین
ئێمە لە برسان و هەژاریدا دەناڵین
هەموو بەیانییەک
لە باخچەی(گویڤەن) کۆدەبینەوە.
برسێتی ئاینی نیە،
لێگەرێ وڵاتی هەژاری وێرانبکرێت.
لەو باخچەیە پەیگەرێک هەیە،
لە بەردی رەش درووستکراوە،
لەسەری نووسراوە: ژەمی خواردن متمانەی تورکە.
ئاودەمی شوشەیی بریقەدەداتەوە،
تەنەکەی سپیکردن
تا نانەکە دەگات
ئێمە هەموو کارەکان دەکەین.
ئێمە زۆر رێزمان هەیە بۆ
ئایشە و فاتمە

پێویستیەکانی(گویلویشیک)ی پەیگەرەکەی باخچەی(کویڤن(
گەر بەباڵایاندا هەڵبڵێین یان متمانەیان هەبێت
سەرەڕای ئەوەی کاردەکەین
"بڵێن" ئێمە تورکین
برسییەتی زمانی"تورکی" نازانێت.

## بەرەو کوبا
## گۆرانی ڤیکتۆر گارا

کاتێ من گۆرانی بەرەو کوبا دەڵێم،
ئەوا گۆرانییەکت بۆ دەڵێم،
دەبێ کوڕێک بێت،
کوڕێکی شۆڕشگێر،
هەنگاو بە هەنگاو، دەست لەناو دەست،
دڵ بە دڵ،
دڵ بە دڵ،
هەنگاو بە هەنگاو، دەست لەناو دەست،
وەک چۆن بۆ برایەکت قسە دەکەیت.
ئەگەر ئێوە منتان خۆشدەوێت،
ئەمە منم لێرە،
من چیتر دەتوانم بە شێوە پێشکەشی بکەم؟
هاوڕێی فەرماندە، نموونەی خۆتان بۆ پێشەوە ببەن،
هەر بژی شۆڕشەکەت.
ئەگەر ئەتەوێ چاوت بە مارتی و فیدل بکەوێت،
بەورەو کوبا، بەرەو کوبا، من بۆ کوبا دەڕۆم،

ئەگەر ئەتەوێت شارەزای رێگاکانی گیڤارا ببیت،
بەرەو کوبا، بەرەو کوبا، من بۆ کوبا دەڕۆم.
ئەگەر ئەوتەوێت(روم)بخۆیتەوە بەبێ کۆکاکولا،
بەرەو کوبا، بەرەو کوبا، من بۆ کوبا ئەڕۆم.
ئەگەر ئەتەوێت لە کێڵگەکانی شەکر کاربکەیت،
بەرەو کوبا، بەرەو کوبا، من بۆ کوبا دەڕۆم.
بە پاپۆڕێکی بچووک دەڕۆی،
ئەگەر من گۆرانی بەرەو کوبا وت،
گۆرانیەک بۆ دەڵێم.

## برسێتی و شعر
## لە شیعری بێرتۆڵد برێخت

ئەوەی برسیبێت یان کێشەی قورسی ژیان هەیە،
شیعر و بەیاننامەی پێمەدە،
داوای سەبووری لە دنیا و
باسی بەهەشتی بۆ مەکە،
نا،
قسەی گاڵتەجاڕی و شۆخی لەگەل مەکە،
لێدوانی ئاگرینی بەرگوێی مەدە،
رەشبینی مەکە
نا عزیزم،
هیچ لەوانە دادی نادا،
قسەی زلی بۆ مەکە،

دڵنەوایی مەکە،
لەبری هەر هەموویان:
نان، دەرمان، خانوو و ئازادی و
شیعر و مۆسیقا و ئابلۆی پێبدە!

بەرەی یەکگرتوو
چونکە مرۆڤ، مرۆڤە،
بە سوپاسگوزارییەوە دەیەوێت نانبخوات،
بەڵام قسە ناتوانێت شوێنی گۆشت بگرێتەوە،
یان قاپە بەتاڵەکەی پڕبکات.
کەواتە، بەرەو چەپ، دوو، سێ
کەواتە بەرەو چەپ، دوو، سێ
هاوڕێ، لێرە شوێنێک بۆت ۆ هەیە،
هەڵویست وەربگرە لە بەرەی یەکگرتووی کرێکاران،
چونکە تۆش کریکاری.
چونکە مرۆڤ، مرۆڤە،
نایەوێت شەق لە روخساری بدرێت،
نایەوێت کەسێک لە خوارەوەی بکات بە کوێیلە
یان لەسەریەوە دەسەڵاتی چینێک هەبێت و
چونکە کرێکار، کرێکارە
هیچ کەس ئازادی ناکات،
ئەوە کاری هیچ کەسێکی تر نیە، بێجگە لە کاری خودی کرێکارەکان
بۆ رزگارکردنی کرێکاران.
گەواتە بەرەو چەپ، دوو، سێ
کەواتە بەرەو چەپ، دوو، سێ
هاوڕێ، لێرە شوێنێک بۆت ۆ هەیە،

هەڵویست وەربگرە لە بەرەی یەکگرتووی کرێکاران،
چونکە تۆش کریکاری.

## خۆشتمئەوێت
## هۆنراوەی پۆل ئیلوارد

لەپێناو هەموو ئەو ئافرەتانە کە ئاشنایان نەبووم، خۆشتمئەویت
لەپێناو هەموو ئەو سەردەمانەی تێیاندا نەژیام، خۆشتمئەویت
لەپێناو بۆنی دەریا دوورەکان و
 بای نانی گەرم، خۆشتمئەویت
لەپێناو ئەو بەفرەی دەتوێتەوە و نەوبەری گوڵان،
لەپێناو ئاژەڵە بێتاوانەکان کە مرۆڤ ناترسێنن
بۆ ئەوەی خۆشەویستی
بکەم، خۆشتمئەویت
لەپێناو ئەو ئافرەتانە کە هەرگیز خۆشیانم نەویستووە، خۆشتمدویت
کێ هەیە لە تۆ باشتر خۆمم پێدەناسێنێت
گەر تۆ نەبیت،
من خۆم زۆر کەم دەبینم
بەبێ تۆ  هیچ نابینم و تەنها بیابانێکی قاتی بە قاتیم
 لە نێوان ئەو سەردەمانە و ئیمرۆ
هەمووی مەرگ بوون و لێیانەوە تێپەڕبووم و پەراوێزیانم کرد.
من نەمتوانی دیواری ئاوێنەکەم بڕوخێنم و
ناچار بووم وشە بە وشە ژیان لەبەرکەم

مرۆڤ چۆن دەتوانێت لەبیریان بکات
لەپێناو دانایی کە هی خۆم نیە، تۆم خۆشدەویت
لەپێناو تەندرووستی و
دژی هەموو ئەوەی کە تەنها وەهمن
خۆشتمدویت،
لەپێناو ئەم دڵە نەمرە کە هی خۆم نیە
تۆ بڕوات وایە گومانت هەبێ،
بەڵام تۆ تەنها داناییت
تۆ گەورەترین خۆری کە لەناو مێشکمدا سەرهەڵدەدەیت
کاتێ لەگەڵ خۆمدا دڵنیادەبم.

## ناڕونی

## هۆنراوەی ئیریش فرید

خۆشەویستی بکەی لە کاتێک مرۆڤ بە چەکی باشتر
یەکتری دەکوژن و
یەکتر برسی دەکەن.
ئەزانی بە ئەستەم دەتوانی لە دژیاندا راوەستی و
هەوڵبدەی وەڕس نەبی و ئەوجا
هەر خۆشەویستی بکەی...هەر خۆشەویستی بکەی
و یەکتر برسی بکەن
خۆشەویستی بکەی و بزانی کە
بەئەستەم دەتوانی لە دژیاندا راوەستی
خۆشەیستی بکەی
و هەوڵ بدەی

وەڕس نەبی
خۆشەویستی بکەی و لهگەل کاتدا
یەکتر بکوژن و
یەکتر خۆشبوویت بە
چەکێکی باشتر.

## بێتاوانی
## لە شیعری مرتا بابدوبولوس

بێتاوانی ئەوەیە...
لەناو ناخی خۆتدا بخنکێی
کاتیک دنیای دەوروبەرت دەبێت بە تاریکستانی.
تاریکی بخۆیتەوە و
لە رووناکی لەدایک بیت و
نیگاکانت بکەی بە ئایکۆن!
بێتاوانی واتە
دەرگیری لەگەل بەرد بە بەرد بکەیت
لەگاتی هەڵکشان بە چیایەکی بڵند
بۆ ئەوەی بە خۆر بگەیت و
راستی بە رەنگی سپێەوە
لە روخسارت بدرەوشێتەوە
بێتاوانی ... سیمفۆنیای روحە
داهێنانی شیعرێکە
بە خوێنی دڵ،
بە دەستەکانتەوە بۆنداری دەکەی
کاتێ ئازاری پیرۆز رادەخەیت و

لەسەریدا خۆشەویستی دەروێنی.

بۆ عەرەبی: غادە البندک

## بۆمیان  بگەڕێنەوە
## شیعری یان لی

ئەو دەرگایەم بۆ بگەڕێنەوە،
بە پەنجەرەی بێ قوفڵەوە بۆم بیگەڕێنەوە
با بەبێ ژووریش بێت،
بۆمی بگەڕێنەوە.
ئەو کەڵەشێرەم بۆ بگەڕێنەوە،
کە هەموو بەیانییەک بێداری دەکردمەوە،
ئەگەر خواردویشتە، هەر کەلەسەرەکەیم بۆ بگەڕێنەوە،
گۆرانییە شاخاوییەکانم بۆ بگەڕێنەوە،
ئەگەر تۆماریشت کردبێت، هەر بۆمی بگەڕێنەوە،
پەیوەندییەکانم بە برا و خوشکەکانم بگەڕێنەوە،
با نیوساڵیش بەسەری تێپەڕیبێت،
بیگەڕێنەوە،
ئەم بۆشاییە خۆشەویستەم بۆ بگەڕێنەوە،
گەر دەمێکیش بێت بەکارت هێناوە،
هەر بۆم بیگەڕێنەوە،
زەمینم بۆ بگەڕێنەوە،
گەر کردبێشت بە هەزار دەوڵەت و سەدان هەزار ئاوایی،
بۆمی بگەڕێنەوە!

## بیرکردن لە دۆزەخ
## شیعری بیرتۆڵد بریخت

کاتێ بیر لە دۆزەخ دەکەمەوە، خۆم کۆدەکەمەوە،
شللی برام بەو شێوەیە وا تێگەیشتبوو کە
هاوشێوەی شاری لەندەنە.
من کە لە لەندەن ناژێم، بەلکو لە لۆس ئەنجلس،
کە بیری لێدەکەمەوە، وای دەبینم
هاوشێوەی لۆس ئەنجلسە.
من هەرگیز گومانم لەوە نیە کە لە دۆزەخیش
باخچەی رازاوە بە گوڵانی هەیە کە بەقەت دارەکان بەرزن و
ئاساییشە کە لەناویش دەچن و بەبێ دواکەوتن سیس دەبنەوە، ئەگەر بەباشی ئاو
نەدرێن.
هەروا بە بار میوەی بێ تام و چێژی تێدایەو،
ترۆمبیلی بیرقەداری سووکتر لە سێبەریان بە خێرایی دەڕۆن، خێراتر لە تێڕامانی
شێتانەو،
لە ناویاندا کەسانی رووخۆش دانیشتوون کە لە شوێنی نادیارەوە
بۆ شوێنی نادیار دەڕۆن.
خانووەکانی کە بۆ دڵخۆشی مرۆڤ درووستکراون، بە چۆڵی ماونەتەوە،
ئەگەرچی خەڵکیشیان تیابێت.
هەروا هەموو خانووەکانی دۆزەخ ناشرین نین،
بەڵام ترس لە دەرکردن و بۆ شەقام فڕدان
کەمتر نیە لە ترسی تەنەکەنشینان لە وێرانکردنی شوێنەکانیان لەلایەن
دانیشتوانی ڤیلاکانەوە.

پیاوێکی دەوڵەمەند و پیاوێکی هەژار لەوێ راوەستابوون و تەماشای یەکتریان دەکرد
پیاوە هەژارە رەنگ زەردهەڵگڕاوەکە وتی :
ئەگەر من هەژار نەبم، تۆش دەوڵەمەند نەبوی.

## لەبیرچوونەوە

**شیعری ئالان بوسکێ**

من پێستم لەبیردەکەم،
گیانم لەبیردەکەم و،
ئێسکوپروسکی خۆم لەبیردەکەم،
سەدە و دیکۆر و
رۆژگاری بۆری شەوانی سپی لەبیردەکەم
ماف و ئەرک،
تاک و کۆمار،
شەقام و کناری شاری لەبیردەکەم،
بۆسەکانی مۆسیقا و نان و خۆشەویستیش لەبیردەکەم.
خوشک و ژنی دڵخۆش و ریگای دارستان لەبیردەکەم.
شانازییەکەم کە هاندەرمە و،
تینوێتیشم لەبیردەکەم لەکاتی راوەستانم لەبەرامبەر ئاوفرکێنی شێَت،
خەمباری حەقیقەتم کە گوێڕایەڵی قسەکانمە، لەبیردەکەم
لەبرم دەچێت کە من لە ئاستی
تێوەگلانەکانم نەبووم،

لەپشتی چاویشمەوەو لە دڵی نەبووندا
هیچم بەبیر نایەتەوە،
تەنها ئەم هۆنراوەیە نەبێت
ئەم رەهایە
تەنها ئەم هاوارم بۆ خودا بەبیردێتەوە.
گۆرانی(یەکێک هەیە منم) لەلایەن ئەنریکیە ئەغلیسیاس
بە بیرتان دێمەوە؟
وەک چۆن بەبیرم دێنەوە؟
بە بیر،کاتەکەت بەسەر دەبەی بۆ گەراندنەوە ئەو کاتە؟
چونکە من بەتەنها لەسەر شەقامەکان دەڕۆم
من رقم دەبێتەوە لە تەنهایی و
هەموو کەسێک دەتوانێت ببینێت من چۆن هەر بەڕاستی روخاوم و
بەناو دۆزەخدا گوزەردەکەم
کاتێ بیردەکە کە تۆ لەگەل کەسێکی تری
کەسێک  تۆی دەوێت
کەسێک پێویستی بە تۆ هەیە
کەسێک هەموو شەوێک خەو بە تۆ دەبینێ
کەسێک ناتوانێ بە بێ تۆ هەناسە بدا و
بەبێ تۆ تەنهاییە
کەسێک ئومێدەوارە رۆژێک َت بزانی
کە ئەو کەسە منم، ئەو کەسە منم
ئێمە چۆن بە هەڵدا چووین؟
زۆر باش بوو و ئێستا کۆتاییهات،
شەوان نزادەکەم، رێگاکەمان بەیەک بگەن و
ئەوەی هەمانبوو، وون نەبن
چونکە تۆ هەمیشە لەبیرم بووی
کەسێک تۆی دەوێت

کەسێک پێویستی بە تۆ هەیە
یەکێک هەوو شەوێک خەون بە تۆوە دەبینێ
کەسێک بە بێ تۆ ناتوانێت هەناسە بداو
بەبێ تۆ تەنهاییە
کەسێک هیواداره رۆژێک بێت بزانی
کە ئەو کەسە منم
تۆ هەمیشە لە ژیانم دەبیت
گەر منیش لە ژیانی تۆدا نەبم
چونکە تۆ لە بیرمی.
کەی بیرمدەکەیتەوە
پێش ئەوەی ئازادم بکەیت
تکایە گوێم لێبگرە
کەسێک تۆی دەوێت
کەسێک پێویستی بە تۆ هەیە
یەکێک هەوو شەوێک خەون بە تۆوە دەبینێ
کەسێک بە بێ تۆ ناتوانێت هەناسە بداو
کەسێک هیواداره رۆژێک بێت بزانی
کە ئەو کەسە منم
کە ئەو کەسە منم
کە ئەو کەسە منم

## هۆنراوەی(بیر لە وانیتر بکە)

## مەحمود دەرویش

کاتێ بەیانیان ئەناشتاکەت ئامادەکەی، بیر لەوانیتر بکە،
دانەویڵەی کۆترەکان لەبیرمەکە.
کاتێ جەنگەکانت بەرپادەکەیت، بیر لە وانیتر بکە،
ئاشتیخوازەکان لەبیرمەکە.
کاتێ پسۆلەی ئاو دەدەیت، بیر لەوانیتر بکە،
ئەوانە خەم شیردەدەن، لەبیرمەکە.
کاتێ بۆ ماڵەوە، ماڵەکەت دەگەڕێیتەوە، بیر لەوانیتر بکە،
گەلی نیشتەجێی جادەرەکان لەبیرمەکە.
کاتێ دەخەوێت و ئەستێرەکان دەژمێریت، بیر لە کەسانیتر بکە،
کەسانێک هەیە شوێنی نووستنیان نیە.
کاتێ تۆ خۆت بە(میتافور)ئازاد دەکەیت، بیر لە کەسانیتر بکە،
لەوانەی کە مافی قسەکردنیان لێ زەوتکراوە.
کاتێ بیر لە دوورخراوکان دەکەیت، بیر لە خۆت بکەو،
بلێ: خۆزیا مۆمێک دەبووم لە تاریکی.

## تەنهایی

## هۆنراوەی شاعیر جۆزێف برۆدسکی

کاتێ هاوسەنکی  لەدەستدەدەی،
ئاگاییت ماندوو دەبێت،
کاتێ ئاستی پاچینەکە
لەژێر پێمدا بەردەبێتەوە،
وەک سەربانی پاپۆڕێک
تف لە مرۆڤایەتی دەکەیت.
----
تۆ دەتوانیت لە شەوی تەنهاییتدا
لە خەڵوەت بیت
بیر لە نەمری و
گومان لە دەستپاکی و
بیر و گرێمانە و پیشبینی و تابلۆکان
و لەوەیش کە
مادۆنا کوڕی مەسیحە.
بەڵام باشتروایە،
عاشقی راستی ببیت
لەگەل گۆڕە قوڵەکانیان
بەپێی (وەسفەکەیان(
شیرین دیارن.
باشتروایە
عاشقی راستی ببیت
لەگەل شەقامە کورتەکەی
کە پاشان سەرسوڕهێنەرانە
بەرفرەوان و
 گەورە و
تەپوتۆز دەردەکەوێ

لەگەل لێکتێگەیشتن،
باڵندە گەورەکان
دەردەکەوێ.
باشتروایە  عاشقی راستی ببیت
سەنگە هەژارەکان
کە پاشان تا کۆتایی
وەک(هندوانە)بۆ تۆ دەبێت(گەرچی زۆر پاک نیە)
هاوسەنگی
راستیە ئەفلیجەکەتان
لەسەر ئەم پاچینە شکاوە
بپارێزن.

## تەنها رۆمیرۆ

## شیعری لیون فیلیبی

لەژیاندا گیای(رۆزەمارین)بیت،
تەنها رۆزەماری رێگای نوێ تێدەپەڕێنێت،
لەناو ژیانی رۆزەمارین بیت.
بەبێ نووسینگەی زیاتر، بەبێ ناویتر و بە بێ مرۆڤ
لەناو ژینی رۆزمارین بیت، تەنها رۆزمارین، تەنها رۆمارین.
ئەم شتانە نە لە روح و نە لە گیان داخراون.
بە هەموو شتێک تەنها یەکجار تێپەڕیم و بە سانایی،
بەسانایی، هەمیشە بە سانایی.
لێنەگەڕێن پێتان رابێت تەنها لەسەر  هەمان زەمین بڕوات،
نە لەسەر شانۆی کۆمیدی و نە لە گۆڕەپانی پەرستگا،

واتە هەرگیز نوێژناکەین، وەک ئەوانەی نوێژ پیرۆزدەکەن و
نەک وەک ئەکتەرە کۆنەکانی کۆمیدیا،
ئایەتەکان ناڵێینەوە.

## گۆرانی ( بۆچی ناتوانین پێکەوە بژین؟)

پێم بڵێ بۆچی، پێم بڵێ بۆچی، پێم بڵێ بۆچی
هممم، ئێمە بۆچی ناتوانین پێکەوە بژین؟
پێم بڵێ بۆچی
هەر کەسێک دەیەوێت پێکەوە پژێ،
بۆچی ناتوانین پێکەوە بین؟
بەبێ جەنگ، بەبێ جەنگ، بەبێ جەنگ
هممم، تەنها تۆزێک ئاشتی،
چیتر جەنگ نەبێت، چیتر جەنگ نەبێت،
ئێمە دەمانەوێت لەم جیهانە تەنها تۆزێک ئاشتیمان هەبێت.
هەر کەسێک دەیەوێت پێکەوە بژێ
بۆچی ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین؟

گرنگ نیە، گرنگ نیە رەنگی پێستت چۆنە
هممم، تۆ هێشتا هەر برای منی
من وتم، گرنگ نیە رەنگی پێستت چۆنە،
هممم، تۆ هێشتا برای منی.
هەموو کەسێک دەیەوێت پێکەوە بژێ
بۆچی ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین؟

هەر کەسێک دەیەوێت بژی
هەموو کەسێک دەیەوێت پێکەوە بژێ
بۆچی ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین؟
هەر کەسێک دەیەوێت بژێ
هەموو کەسێک دەیەوێت پێکەوە بژێ
بۆچی ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین؟

من وتم، گرنگ نیە رەنگی پێستت چۆنە،
هەممم، تۆ هێشتا برای منی.
هەر کەسێک دەیەوێت بژێ
بۆچی ئێمە ناتوانین پێکەوە بژین؟
ئێمە دەبێ پێکەوە بژین.

## تانس
## لە شعری همبرتو ئەقبال

هەمووومان دەرەقصین،
لەسەر کناری مایەپووچی،
هەژارەکان
چونکە هەژارن،
هەنگاوەگانیان لەدەستدەدەن و
دەکەون.
ئەوانیتر
لەسەر لووتکە دەکەون!

—

باپیرە

شەو ئەو کاتە دەستپێدەکات

کە مانگ(باپیرەی ئاواییەکان(

مۆمێکی

سپی

وەک قاوغ

بەدەستەوە دەگرێت و

بۆ ئەوەی شەو رۆشنابکاتەوە.

——

تاریکایی

لە گۆناکان خۆی دەشارێتەوە،

چۆلەکەکان

لە گۆرانی رادەوەستن و

دارەکان

لەسێبەرەکانیاندا

دەخەون.

——

نەنک

ئەو نەنکە

کە چەندین سەدەیە

نەنووستووە،

لەناو چاوی شەو

دەخنکێت.

——

نوێژ

لە کڵێساکان

تەنها دەنگی
صەڵەوات دەبیسترێت،
صەڵەواتی ئەو دارانە
کە گۆڕاون
بە ریزە شوێنی دانیشتنە درێژەکان.

**(تیودۆراکیس)ی مەزن شیعرێکی ریتسۆس(ریمۆسینی) بە گۆرانی دەڵێ:**

ئەم دارانە بۆ ئاسمانێکی نزمتر نەخوڵقاون
ئەم بەردانە نەخولقێنراون بۆ هەنگاوەکانی نەناسەکان
ئەم روخسارانە تەنها لە پێناو رۆژ خولقێنراون
ئەم دڵانە تەنها لەپێناو عەداڵەت خولقێنراون
شوێنێکی سەخت وەک بێدەنگی
بەردە ئاگرینەکانی لە باوش دەگرێت
لە رۆشناییدا دەست لە ملی دارە زیتون و ترێ هەتیوەکانی دەکات
ئاو نیە، بەڵکو رۆشنایی
رێگاکە لەناو رۆشنایی لەناودەچێت
و سێبەری دیوارەکەش لە ئاسنە
سێبەری دیوارەکەش لە ئاسنە.

ساڵهایە هەمووان تینویانە
هەمووان برسی بوون
چاویان خوێنی تیا زاوە لە بێداریان

لەنێو چەوانیشیاندا لۆچی قوڵ درووستبوون
هەر وەک دارە سنەوبەر لەنێوان دوو چیا لەکانی خۆرئاوا
دەستەکانیان لەگەل چەکەکایان یەکیانگرتوووەو
چەکەکانیان درێژەی دەستەکانیانە
و باڵیشیان درێژەی روحیانە و
تورەییش لەسەر لێویانە و
ئازارەکان لە قوڵی قولایی چاویانە
لە ئەستێرەیەک دەچێت لە ناو چاڵی خوێ
لە ئەستێرەیەک دەچێت لە ناو چاڵی خوێ
لە ئەستێرەیەک دەچێت لە ناو چاڵی خوێ
کاتێ مەچەکیان سفت دەگرن
خۆر متمانەی بە جیهان دەبێت
کاتێ پێدەکەنن
پەلەسرکی بچووک لە ردێنە دڕندەکانیان لە باڵ دەدەن
کاتێ دەکوژرێن
کاتێ دەکوژرێن
کاتێ دەکوژرێن
ژیان بەرەو بەرزی هەڵدەکشێت و
بە شەکاوەیی ئاڵاکان و دەهۆڵ لێدانەوە
کاتێ دەکوژرێن، کاتێ دەکوژرێن
ژیان بەرەو بەرزی هەڵدەکشێت و
بە شەکاوەیی ئاڵاکان و دەهۆڵ لێدانەوە.

وەرگێران لە یونانییەوە بۆ عەرەبی: ئەدهەم ئەلغەزالی

## گۆرانی فەرەنسی (تۆ هەموو شتێکی بۆ من)

تۆ هەموو ئەوەی لە ناخمدایە
ئەو خۆرەی کە رۆشن و خۆشحاڵم دەکەیت
ئەو هێزەی کە بوونم بەڕێوەدەبەی
تەنها تۆ خۆشەویستی منی
کاتێ لە ئامێزت دەگرم
هەستدەکەم زاتتان لە ناخمدا بەرشوبڵاودەبێتەوە
پانتاییەکی تر لە هەستم نامینێت
تۆ نوری منی و
هەموو ناخمی
و هەموو زەوقەکانت لەسەر لێوم دەبارێن و
من بۆت ۆ لە قوڵاییترین ئۆقیانۆس تێدەپەڕم
بۆ ئەوەی هەواڵت بزانم .
لەو رۆژەوە تۆم بینی
بۆ هەمیشە لەناخمی
هیچ ترسێکم نیە
چونکە بە خۆشەویستی تۆ، هەستدەکەم دووبارە لە دایکدەبمەوە
من بۆ تۆ باڵدەگرم
بەرەو جیهانێک کە تەنها لە خۆشەویستی تۆ دەخۆمەوە
مەودایەک لەشت سەرمەوە ناهێڵم
تەنها من و تۆ
تۆ هەموو ناخمی
و هەموو زەوق و نشوەت لەسەر لێوم دەبارێن و

لە قوڵاییترین ئۆقیانۆس تێدەپەڕم
بۆ ئەوەی لەبارەتەوە بزانی کە
لەو ڕۆژەوە تۆم بینی
تۆ بۆ هەمیشە لەناخمی
هیچ ترسێکم نیە
چونکە بە خۆشەویستی تۆ، هەستدەکەم دووبارە لە دایکدەبمەوە.

## پۆرتریە
## لە شیعری ماریا یوجینا راموس

لەم وڵاتە
پیرەژنێک لە تەمەنی هەشتا ساڵانە دەژیٚ،
نەخۆش و تاڕادەیەک کەڕە
پڕاوپڕە لە ریتم و نەخۆشییەکان.
پاڵ بە عارەبانەی مناڵەکان دەنیٚ تا
بۆ ژووری خواردن بڕوات،
لەگەل هاوسەر و نەوەکانی ناخۆشی دەبێت و،
ناوحەوشە دەڕوات و دەگەڕێتەوە.

لە ژووری کتێبەکانی
خەون بە وڵاتێکی باشتر دەبینێت،
بە وڵاتێکی راستەقینە، وڵاتێکی راستتر و،
سۆز، مەحکومدەکات
و لە شۆڕشی چاوەڕوانیدا

لاپەڕە ئاگرینەکان
بە رووی دوژمنانی نیشتمانەکەی هەڵدەدا.

## گۆرانی Nathalie Cardone
## (پەرییەکەم)

ئەگەر هەموو شتێک رێکە وەک من بیری لێدەکەمەوە
هەموو ئەوەی پێکەوە بینیمان
سەرەڕای گومان و فرەبێژی
سەرەڕای ترس و ئازارەکان
وابزانم نیازی دیدارمان هەبوو
ئەم چیرۆکە بەرەو شێتی دەمانبات
سیحر یاسای خۆیی هەیە
لەگەل تۆ هەموو شتێکم دەوێت.
وەک چۆن خۆشتم ئەوێت، پەرێکەم
مەهێڵە هیچ بگۆڕێت.
ئەمەوێت تۆ رێگریم لێبکەیت
ئەمەوێ تا ئێرە و بەس
هەموو ئازارەکانت سارێژکەو
سەرلەنوێ لەدایک ببە
ئەم پانتاییەی دەوروبەرم و
ئەم بۆشاییە،
تۆ رۆشناتکردەوە
من زانیم ئەو رۆژانە کۆتایی پێدێت و

بڕوام هەبوو کە ڕۆژێک تۆ دەدۆزمەوە
خۆشی من ئەوەیە
تۆ لێرە لەبەردەممی و
ئەمەوێت ئەم جارەیان لەلاتان بمێنمەوە.
چیتر بڕوا مەکە ئەگەر حەزیشم کرد،
بەجێم دەهێڵن.
من...

## پایز لەسەر مەرگە
## شیعری ماتیاس جوهانسین(شاعرێکی ئیسلەندیە)

1
بۆ خۆم هێلانەیەک درووستدەکەم
لەناو دڵی تۆ
جنجاڵی بیرم لەناو روحت
ڕێکدەخەم.
2
باڵەکانیش چاوەڕوانی
باڵەکانیەتی.
3
چاوەڕوانی:
هەموو بەیانییەک
لە تەنیشتت
بێداربیمەوە.
4

دەستەکانمان
لقەدارن
گڵاکانی دەچنێت
پاشان لەبەریان دەکات.
ئەوەتە بەهار
5
چاوەکانت
دوو چۆلەکەن لەنێو گڵاکانی دارە پایزێک.
پرچت
پوشی پایزن
لە سەرزەمینی(براح (
هاوشێوەی ئاورینگە
لەسەر گڵایەکی سوور.
ئەمە ئامادەیی تۆیە.
6
کۆتری(زقزاق) ئاڵتونی
رووەو کێڵکە دێرینەکان دفڕێ،
تۆش هەر ئاوا
لە من تێدەپەڕی.
7
چاوەکانت بەرەو ئەو دارستانانە
کۆچدەکەن،
کە با بە رەنگی زەرد رەنگی کردووە،
چاوەکانت
باڵیان رووتکرایەوە.

## رۆژان
## له شیعری تورستاین فرا هامری

رۆژان
کاتێکی زۆره بەسەرناژێت
رۆژان نیمچە ماندوو
رۆژان دەلەرزێت
و لەدواییشدا نامینێت
بەدەوری خۆیدا درێژەی دەبێت
له هەورێکی باراناوی وندەبێت و
پاشان دووباره به شێوەی چۆلەکەیەکی بچووک،
دەردەکەوێت.

## بانگەواز
## له شیعری بودفار غودموندسون

بێدەنگی ئەو دەنگە
کە هەندێجار گوێت لێدەبوو،
نووستنی بێ خەون بوون،
بە خۆشییەوە فشاری بێزاریان،
لەسەرت کەمدەکردەوە.
لەو رۆژە بێدەنگانە کە بێ کۆتایین
بەڵام ئەو بەیانییە
پێشی تۆزێک
هاوارێک لە دوورە هات و بێداری کردیتەوە.
ئەوە دەنگی منالێک بوو ترسی لێنیشتبوو،
هاواری دڵەڕاوکێی شین و توندبوو
بۆ چرکەیەکی لەپڕی هاتنی رەشی نووستن، سەریهەڵدا.
جارێک، یەک جار
جارێک، تەنها جارێک
پێش ئەوەی گوێچکەکانت دابخەی،
بۆ ئەوەی سەقاڵت بکات لە خەوی بێ خەون و
جارێکیتر و بەخۆشییەوە،
لە گومانە ترسناکەکانت دوورتبخاتەوە.

**پاولۆ کوێلۆ:**

هێزی راستەقینە بریتیە لە پاراستنی هەموو شتیک پێکەوە کاتێ هەمووان چاوەڕوانی ئەوەیان لە تۆ هەیە رووبدات.

ژیان بریتیە لە گەشتێکی درێژ لە ترسەوە بۆ خۆشەویستی. دەکرێ خۆشەویستی و خوێنشرینی وەک رقوقینە و ترس بە ئاسانی بڵاوببنەوە. ئازایەتی تاقە شتە کە لە خۆم داوای دەکەم ئەنجامی بدەن:

ئازایەتی بۆ نووسین و
خۆشەویستی
و رووبەڕوونی رەخنە
بۆ ئەوەی بتوانم بە پێی رێسای تایبەت بە خۆم بژیم بۆ بەدواچوونی خەونەکانم.

## پاسەوانی خەون
## شیعری لانگستون هیوز

ئەی ئەوانەی خەو دەبینن،
هەموو خەونەکانتان بە من بدەن،
هەموو ئاوازەکانی دڵتان بە من بدەن،
بەڵکو
دوور لە پەنجەی
زبری جیهان،
لە کراسێکی شین،
بیانپێچمەوە.

بۆ عەرەبی: موفق اسماعیل

## جیهانی خەونەکانم

لەخەونمدا جیهانێک دەبینم
هیچ مرۆڤێک رقی لە مرۆڤێکیتر نیە،
زەمین پڕە لە خۆشەویستی و هاوڕێتی و
ئاشتی و متمانەیی دالآنەکانی دەڕازێنێتەوە
لە خەومدا جیهانێک دەبینم
هەمووان رێگا عەزیزەکان بەرەو ئازادی دەناسن
غیرەیی روح ناکوژێت و
چاوچنۆکی سەردەم، ستەممان لێناکات

لە خەومدا جیهانێک دەبینم
سپی یان رەش و
هەر رەگەزێک بیت،
بەشداری دەکات لە نیعمەتی زەمین و.
هەر مرۆڤێک ئازادە،
هەژاری لە ئابرووچوونەوە دێت و
دڵخۆشی وەک مرواریەکی گرانبەهایە
پێداویستی هەموو مرۆڤایەتی پڕدەکاتەوە
من ئەمە خەونمە

## حەزت لێدەکەم کاتێ بێدەنگ دەبێت
## شیعری پاپلۆ نیرۆدا

حەزت لێدەکەم، کاتێ بێدەنگ دەبیت،
من لەو بێدەنگییە وندەبم
لە دوورەوە گوێم لێت دەبێت و، دەنگم
هێشتا بە تۆ نەگەیشتووە،
چاوەکانت وا هاتنە بەرچاو دەفڕن و،
خەندە روونەکەت وا هاتە بەرچاوم
ویژدانم باڵی بەسەر هەموو شتێکدا گرت
و پەپوولەیەک لە خەونەکەم فڕی و دەستی بە روحم هێناو،
وەک هاوڕێی روحم مایتەوە...
تەنها لە وشە خەمبارەکان، لە دوورەوە خۆشتم ئەوێت،
و بێدەنگیت لەگەل دەنگی ئەو باڵندەیە،
لە دوورەوە گوێم لە تۆیە و دەنگم هێشتا بە تۆ نەگەیشتووە.
لێمگەڕێ لەگەل بێدەنگیت، بێدەنگ ببم،
لێمگەڕێ لەگەل بێدەنگیت، بدوێم،
لەگەل رۆشنایی ئەو چرایە،
تۆ شەوی بە کپی و هەموو ئەستێرەکانی،
بێدەنگیت ئەو ئەستێرە دوور و بێدەنگەیە
خۆشتوام وەختێ بێدەنگ ئەبێت، چونکە لەو بێدەنگییە وندەبم،
تۆدووریت و وەک مەرگ بە ئازاری،
من بە وشەیەک لە یان تەنها خەندەیەک لە تۆوە بەسدەکەم،
بۆ ئەوەی دڵخۆشم، بەڵام ئەو دڵخۆشییە نایەت.

بۆ عەرەبی: نوف مفرج الجری(لە کتێبی مراکب العشق(

## جێنی، جێنی، جێنی

## شیعری کاڕل مارکس

ئایا جێنی، باڵاترین چاکەی من
خاوەن روحی شیرین،
تۆ منت خۆشدەوێت؟
ها، ئامێزی خەیاڵاویت بدەکەیتەوە و
لێوی وەنەوشەیی نەرمت، بێدەنگ دەبێت!

گەر ئاسمان بێتەخوارەوە،
ئەوەی دەمێکە لە روحم هەڵهات،
شەوە ترسناکەکانی بەدوایەوە بوو و،
لە تۆدا، جوانترین گەوهەری خۆی ویست؟

شێوەکانی خەونە شەڵەژاوە گەرمەکانی ناو تاریکایی شەوان
زانیان چەندە پابەندی شەوقی تۆم و،

خەیاڵەکان بەدەورمدا تا لەرزاندنی نائومێدی
هەڵپەڕین و،
گۆران بۆ دێوی گەورە و دڕندە.

## خوداوەند
## لە شیعری فرناندو بیسوا- پورتوگال

هەندێجار من ئەو خوداوەندەم

که لەنوا خومدا هەڵمگرتووە:
ئە حات من ئەبم بە خوداوەند و ئیمداندار و نوێژ و
وێنەی (عاجی) و
ئەم خوادوەندەمان لەبیرئەکەین.
هەندێجار من لە بێئیمانێک  بەم خوداوەندە کەسێتیە زیاتر نیم کە لە نەشوەتمدا پێکیدەهێنم.
لەناخمدا لە هەموو ئاسمان تێرادەمێنم و
ئەوەش تەنها ئاسمانێکی بەرز و بەتاڵە.

بۆ عەرەبی: اسکندر حبش

## من هیچ نیم
## لە شیعری فرناندو  بیسوا

من هیچ نیم و
نابم بە هیچ شتێک و
نەمویستووە بە هیچ شتێک،

دوور لەو شتانەش،
هەموو خەونەکانی جینا لەناخمدان.

بۆ عەرەبی: بقنه الشهرانی

## چەندەگەشت بکەم، لەسەرتادام
## لە شیعرەکانی ئەلفارۆ دی کامبس

چەندە گەشت بکەم، هەر لە سەرەتادام،
چەندی بزانم، من هەر لەکاتی دەرچوون لە شوێنێک، لەکاتی گەیشتنم بە شوێنێک،
ناسراو یان نەناسراو بێت،
من لەکاتی رۆیشتن و گەیشتنم و لە هێڵی بەجووڵەی نێوانیاندا، وندەبم
هەست بە لەرزین دەکە، ترس لەوەی نوێیە، بورانەوە- ئەو بورانەوەیە هەستە کە دەزانێت جەستە روحی هەیە.
سی رۆژ گەشت بکەی، سێ رۆژ، سێ کاتژمێر گەشت بکەی،
هەمیشە تەنگەنەفەسی خۆی بۆ ناو قوڵایی دڵم دزە دەکات.

## گۆرانییەکی ئەرمە نی
## خودا تۆ لە کوێ بووی؟

خودا تۆ لە کوێ بووی کاتێ خەڵکی بێتاوانی ئاواییەکانی مێخاس، دارا، تەفرەقە، شیرگ، شەفیق، ئەحمەد تاهر، شەنگاڵ، برادۆست، قەندیل، ئاواییەکانی سیدەکان) تیرۆر و بۆردومان کرێن؟
ئەمە گۆرانییەکی ئەرمەنیە دژ بە ئەنفالکردنی ئەرمەنییەکان لەلایەن حکومەتی تورکیاوە...هیچ جیاوازییەک نیە .
خودا تۆ لە کوێ بووی کاتێ رقیان لە هەموو گەلەکەم بووەوە و تا ئەو رادەیە عەقڵمان لە دەستدا و شیتبوو؟
خودا تۆ لە کوێ بووی
کاتێ ئیمانمان و هاوارمان بۆ فریادرەسی وردوخاش بوو؟
خودا تۆ لە کوێ بووی
کاتێ ئەم وڵاتە جوانەیانە وێران کرد؟
تۆ لە کوێ بووی خودا،
کاتێ ئازاری لەبنەهاتوومان هیشتی
تکا بکەین و بڵێین ئامین .
ئامین.

## ئەننا ئەخماتۆڤا

15

خواوەندی ئیلهامبەخش
کاتێ شەوان چاوەڕوانی هاتنی دەکەم
هەر ئەڵێ ژیان بە تەڵێکی پرچییەوە
هەڵواسراوەتەوە،
ئاخر لەبەرامیەر میوانێکی قەدرگرانێکی
شمشاڵ بەدەست،

شەرەف چییە؟
لاوێتی چییە؟
ئازادی چییە؟
ئەوەتە هات،
سەرپۆشەکەی لاداوەو
دێتە ژووریّ و بە بەبایەخەوە لێم دەڕوانێت.
پێی دەڵێم: تۆ ئەو کەسە نیت کە(دانتی)ت
ناچارکرد(دۆزەخ)بنووسێت؟
لەوڵامدا وتی:"من."

## ئەننا ئەخماتۆڤا

(18)
بۆ مەرگ
سەرەڕای هەموو شتێک هەر دێی- ئایا بۆچی ئێستا نایەی؟
من چاوەڕوانتم و باریشم سەختە،
ئەی خاکی و جوانەکە
ئەوەتە چراکەم کوژاندەوەو دەرگاکەشم بۆ تۆ کردەوە.
لەپێناو ئەو روخسارە کە دەتەوێت، وەرەو
هەڵمەت بۆ فیشەکێکی ژەهراوی ببە،
یان وەک تاوانبارێکی بە ئەزموون بە ئامێرێکی قورسەوە،
بۆ لام دزە بکە،
یان بە تیفۆئید ژەهراویم بکە،
یان بمکوژە بە داهێنانی خورافەیەک کە هەموو بەسەرهاتەکانی تا رادەی خۆخاڵیکردن،
زانراوە،
بۆ ئەوەی(قوبە)ی شین و
روخسارە زەرد هەڵگەڕاوەکەی بەرێوەبەری بالەخانەکە
لە ترسەوە، ببینم،

ئێستا هیچ شتێک بەلامەوە گرنگ نیە
ئەستێرەی پۆل بەرزببێت یا نا،
یان"ئینیسی"بەرزدەبێتەوە و
بریقەی شینی ئەو چاوانە کە خۆشمدەوێن لەناودەبات،
ئەمە دوا تۆقانە.

دادوەری زەمین(لە شیعرەکانی پاپلۆ نیرۆدا(
ئەی زەمین
تۆ زوقمت دا
بە هەژارە بەئازارەکان و،
رەشی کانە تاریکەکان
بە کرێکارە خەمبارەکان،
لە ئەشکەوتی ترسناک،
پەنای لانەوازاندا و،
ئاگری گەرماییەکەت بە کوڕی بیابان...
ئا بەو شێوەیە، نە سێبەرەکەت بوو بە هاوخەمی بۆ هەمووان و
نە ئاگرەکەت فێنکی بۆ هیچ کەس...
لە شیعری سروودی گشتی
بۆ عەرەبی: لینا الحسینی

## گۆرانی روسی (کاتیوشا)

دارە سێو و هەرمێکان چرۆیان کرتووەو
تەمیش رووی رووبارەکەی پۆشیوە،
کاتیوشا لە کناری رووبارەکە پیاسەی کرد

لەکنارە تیژ و بەرزەکەیەوە،
هەنگاوی دەنا و گۆرانی
بۆ هەڵۆیەکی بۆر دەوتەوە
سەبارەت بە خۆشەویستە راستەقینەکەی
ئەو خۆشەویستە کە نامەکانی پاراستووە.
ئای گۆرانییەکەم
کورتە گۆرانی کیژێک
بۆ رۆشنایی خۆر
و لەگەڵ سەڵاوی کاتیوشا
بیگەیەنێت بەو سەربازە
کە لە سنوورە دوورەکانە
کچە خاکییەکەی بەبیر بێتەوەو
ببیستێت چۆن گۆرانی دەڵێت
و هەر چۆن کاتیوشا خۆشەویستییەکەی بۆ ئەو پاراستووە،
ئەویش ئاوا پاسەوانی لە وڵات بکات.

## گۆرانی رووسی(کالینک)

کالینکا، کالینکا، کالینکای خۆم
لە باخچەی توو، تووەکەی خۆم

ئا، لە ژێر دارە سنەوبەرەکە
لەژێر ئەو سەوزاییە
منت خەواند!
ئەی لۆ لی، ئەی لۆ لی ئەی لۆ لی
تۆ منت خەواند
کالینکا، کالینکا، کالینکای خۆم.
لە باخچەی توو، توەکەی خۆم!
ئا، سنەوبەرە بچووکە سەوزەکەم،
دەنگت لەسەرم بەرز مەکە،
ئای لو لی، ئا لو لی، ئای لو لی
دەنگت لەسەرم بەرزمەکەوە
کالینکا، کالینکا، کالینکاکەی خۆم
لە باخچەی توو...لە باخچەی توو...

## خوێنڕژاوەکان

## لە شیعری ماریو بینیدیتی

کاتێ برین لە شوێنێکی دوورەوە سەرچاوە دەگرێت
ئەوا خوێنەڕژاوەکان وشک نابن،
لەناو خۆیدا خەمێکی چڕ هەڵدەگرێت و

هەرگێز لەتوانادا نیە بەتەواوەتی بشۆردرێت.

خوێنەڕژاوەکان مێژووە،
ئەو کویلانە کە لەژێر خۆر مردن،
لە هەناویدا دڵێکی بێئارامی هەڵگرتووە،
هەندێ جار لێدەدا و هەندێ جار نەخێر.

خوێنەڕژاوەکان زمانە،
چیتر ناچنە ژێرباری وشەکانەوە،
لە هەناویدا تەوقە و ماڵئاوایی هەڵگرتووە و
گۆرانییەک هەمووان لەبیریان کردووە.

بۆ عەرەبی: احمد یمانی

## گۆرانی ئەنگیلا دیمیتریو
## منت خۆشدەوێت یا نا

پێکی شەراب بە من مەدە، بە من مەدە،
من لێی ناخۆمەوە

تۆ سەرخۆشم دەکەی و لە ناخمدا هەستی شادیم دەروێنی
کاتێ نیگا بۆ خۆم دەکەم و
گردە بە نەرگیزەکان دەبڕم
بەدرێژایی ڕێگاکە پرسیاریان لێدەکەم
منی خۆشدەوێت یان نا؟
ئایا بە هۆی منەوە ئازاردەچێژێت؟
گەر تەنها بزانیت
چەندە شەوقی بینینی دەکەم
کاتێ لێکجیابووینەوە
تەنها پەشیمانیم دەستکەوت
مەهێڵە، مەهێڵە لە پێناوتدا تووشی شێتی ببم
تۆ وات لە من کرد
کاتێ تەماشای خۆم دەکەم
لە ناخمدا پرسیار لە خۆم دەکەم
منت خۆشدەوێت  یا نا
منت خۆشدەوێت یا نا
ئەگەر بەدرێژایی شەو لە پێناوی مندا شەونخونی دەکەی
منت خۆشدەوێت یا نا
منت خۆشدەوێت یا نا.

## خۆشتمئەویت بێ ئەوەی بزانم چۆن

## شیعری بابلۆ نیرۆدا

خۆشتتوام بێ ئەوەی بزانم چۆن،
لە کەیەوەو،
یان لە کوێوە؟
بەسانایی خۆشتتوام
بەبێ گرێ،
بەم شێوەیە خۆشتمئەوێت،
چونکە هیچ ڕێگایەکیتر نازانم:
من یا تۆی تێدا نیە،
بەیەکەوە نووساوین، دەستت لەسەر سینەم، دەستی خۆمە،
پێکەوە نووساوین، تۆ چاوت دادەخەیت، من خەوم لێدەکەوێت.

بۆ عەرەبی: چی رحمی

## گۆرانی سادیی(گۆرانی کوێیلەکان)

دەبینم لەسەر دەریا کۆبوونەتەوە،
جارێکیتر رووم کردە دواوەوە و دەبینم و
ئەوەی من ناناسێت،

با بمبات بۆ ناو سکی تاریکی.

فرمێسکەکان خێرا و بەخوڕ دەچۆڕن و
کاتێ دێنەخوارەوە
تەنانەت ئاسودەیی بەردێک
دەبێتە دەستکەوت.
سەردەمانێک هەبوو، وامدەزانی
ئیدی دەبێ خۆم بەدەستەوەبدەم
بەڵام من سوپاسگوزارم بەوەی من
ئەو کەسەم کە بەهێزم و هەوڵدەدەم
هەموو تواناکانم بەکاربهێنم.

فرمێسکەکان خێرا دەچۆڕن و
ئەو فرمێسکانش دێن کە وەکو باران دێنەخوارەوە
فرمێسکەکان وەکو ئازار، بەساردی دەچۆڕن.

داوا لە خوا دەکەم
ئەو کارەی لەگەل نەکەم کە ئەو بە منی کرد،
منالە خۆشەویستەکانم
کە بە کویلە کران، فێربکات
بەردەوام بەدوای گەیشتن بە رووناکی بن
زۆرم نوێژم کرد
زۆر نوێژم بۆ تۆ کرد،
بۆ تۆ نوێژم کرد
تەنانەت ئاسودەیی بەردێک
دەبێتە دەستکەوت.
گەر هێز و دانایی جەنگاوەرێکم نەبوایە،

دەبوو خۆم بەدەستەوەبدەم،
بەڵام من سوپاسگوزارم، چونکە بەهێزم و هەروایش دەمێنمەوەو،
هەوڵدەدەم هەموو تواناکانم بەکاربهێنم.

دانایی بلێسەیە
دانایی ئەو جەنگاوەرە ئازایەیە کە
کێ ئیمە بەرەو خۆر دەبات،
داواکارم زوو ئەنجام بدرێت،
کێ ئێمە بەرەو خۆر دەبات،
ئەو فرمێسکانش دێن کە وەکو باران دێنەخوارەوە
زۆرجار، زۆر جار.

## دانپێنان
## لە شیعری جۆهانس ڤۆلڤگانگ غۆتە

چی قورسە بۆ شاردنەوە؟
ئاور!

چونکە بەرۆژ دوکەڵەکەی ناپاکی لەگەل دەکات،
بەشەوانیش بڵێسەکەی، ئەم دڕندەیە کە لە دووریشەوە بێت، شاردنەوەی هەر سەختە،
هەروا
خۆشەویستیش چەند بە هێمنی بیشاریتەوە،
بە ئاسانی لە چاوت دەردەکەوێت.
شیعر لەگشتی سەختترە بۆ شاردنەوە،
چونکە مرۆڤ ناییپۆیت.
هەر کە شاعرەکە دەست بە گۆرانی بکات،
هەست بە سۆز و خۆشی دەکات و
ئەگەر بە جوانی و ڕێکی نووسیبێتی،
دەیەوێت هەموو دنیا خۆشیبوویت.
بە خۆشحالی و دەنکی بەرز وبێ گوێدان بەوەی ئازارمان دەدات یان بنیاتماندەکات،
بۆ هەمووان دەیخوێنێتەوە

دیوارەکانی ماڵەکەم
لە شیعرەکانی ئەنیس کولتنز(وڵاتی لۆکسمبۆرگ(
من بەو بەردانە کە
تێتانگرتم،
دیوارم
بۆ خانووەکەم
درووستکرد.

بۆ عەرەبی: چیاو نافع

## هەژار وەک با
## شیعری ئەنیس کولتز(وڵاتی لۆکسمبۆرگ)

من ئەمەوێت وەک با
هەژاربم،
وەک با
ئازادبم،
بەبێ خانوو...
بەبێ سێوەر،
شەقامەکانی نیوان خانووەکان ببڕم و
لەپێچوپەناکانی لقە دارەکان بژیم.
ئەمەوێت ئازاد و هەژاربم
وەک با،
خێرا بۆ شوینەدوورەکان برۆم و
لە پاڵ پەرژینەکانیشدا وشکبمەوە و
خۆیشم بکەم بە قوربانی
بۆنی گوڵاڵەکان.

رۆژە بەختوەرەکانی داهاتوو
لە شیعری: هۆشی مننە

هەموو شتێک دەگۆڕێت و
رەورەوەی کاتیش دەسووڕێت
بێ ئەوەی هیچ شتێک رایگرێت.
پاش باران، کەشوهەوا جوان ئەبێت و

له چرکەیەک
گەردوون جلوبەرگە پیسەکەی
دادەکەنێت و،
بەهار لە دەیان هەزار میل، وەک جلوبەرکێکی
رەنگاورەنگ بڵاوەدەکات.
رۆشنایی خۆری دڵگیر وبای شەماڵ
گوڵاڵە لیوبەخەندەپۆشەکان، لەنێو دارەکان جۆلانەدەکەن
جوانەکانیشی ماڵئاوایی دەکەن بۆ ئەوەی
هەموو چۆلەکەکان بە هاودەنگی
بخوێنن و
مرۆڤ و هەموو گیانلەبەرێکیش
سەرلەنوێ لەدایک ببن.
ئایا لەمە سرووشتیتر هەیە و
پاش خەم
دڵخۆشی دێت.

رۆژ
سەردەمانی بەردەکانە و
با
چەرخی بایە،
سەردەمانی دارە و،
بەردەکانیش مرۆڤەکانن،
با دەچەرخێت،
لە رۆژی بەرد
تێکدەچێت و دەنێژرێت،
ئاو دەستناکەوێت، بەڵام چاو
فرمێسک دەرێژێت.

بۆ عەرەبی اسکندر حبش

## روخسارت دەبینم
## لە گۆرانیەکانی ئەسکیمۆ

من روخسارت دەبینم
گەرچی چەندین رۆژ لێتەوە دوورم،
بەڵام هەمیشە لەنزیکمەوەی
لە یادەوەرییە قوڵە بە سۆزەکانمی و روخسارت دەبینم.
من روخسارت دەبینم،
تەنهام و لە شەوێکی تاریک
رووناکی دەکوژێنمەوە و
لەو تاریکییەش روخسارت دەبینم.
روخسارت دەبینم،
تۆ ئارەزووی گریانت نەبوو، بەڵام من
ئێستا گریەکانتم لەبیرە کە کاڵئاواییمان لەیەکتری کرد.
بەو شێوەیە روخسارت دەبینم، بەیادم دێتەوە.

هەروا لە دوارۆژیشدا دەمێنم بە بینینی روخسارت
ئەوەی پێویستە، چاوەڕوان بیت،
کاتێ باڵندەکانی بەهار بۆ وڵاتەکانیان،
کۆچدەکەن،
لەوێ لانە و هاوسەری دەکەن،

منیش وەک ئەوان دەکەم و،
روخسارت دەبینم.
بۆ عەرەبی: فەوزی محیدلی

## 3 شیعری لیون فیلیبە

### رستەیەک

خودایا من تۆم خۆشدەوێت،
چونکە دادپەروەرانە یاری دەکەی،
بە بێ دەستکاری دەکەی و موعجیزە،
چونکە رێتاندا دەربچین،
هەنگاو بە هەنگاو،
بەبێ دەستکاری و موعجیزە،
پیت بە پیت،
بەبێ گۆڕانکاری.
تۆ بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەرانە،
بەتەنهای.

---

### رووناکی

کاتێ فرمێسکەکانم دەستگیرت دەکەن،
کاری چاوم ئیتر لە گریان دەکەوێت،

بەڵام با ببینین.

---

## (هوستن)ە رەشەکەتم بدەرێ

ئەی رووناکی،
بەزەییت بە من نەیەتەوە،
تۆ دێوەخانە تاریکەکەت و دوا نانەکەتم بدەرێ،
خەونێک بە بێ گەڕانەوە و بیرکردنەوە.
رێگام پێبدە لەم چاڵە،
لە ژێر قوڕاو کەرمەکە، بخنکێم،
لەو شوێنە کە ژیان روحێکی سەوزە و
لە هیچ کاتێک، کەس نەیبینیوە.

## رەگەزی مرۆڤ

## لە شیعری بیت هاین(دەنیمارک)

شەیتان وتی: خەڵک لەگەل براکانیان خاسن:
نایانەوێت خۆیان خاس بکەن،

بەڵکو دەیانەوێت یەکتری خاس بکەن.

## دەوڵەت
## لە شیعری بیت هاین(دەنیمارک)

سرووشت دایکوباوکمانە
هەموو ئەوەی دەستمان کەوتووە، ئەو پێشکەشی کردووین.
دەوڵەت کە برا گەورەمانە،
هەموو شتێک دەدزدێت.

)تێبینی: دەوڵەت بۆ ماوەیەک تەنها ئامرازە، بۆ نموونە وەک چەقۆ، یەکێک بۆ لەتکردنی سێو بەکاری دەهێنێت و ئەوی تر بۆ مرۆڤکوشتن(

## ڕێگاکەلی زۆر بڕی
## شیعری ئەنتونیو ماتشادو

ڕێگاکەلی زۆرم بڕی
بە ئاراستەگەلی زۆر ڕۆیشتم
لە هەموو شوێنێک

کاروانی خەمەکان
بەرز و دڵتەنگ
سەرخۆشانی بە سێبەری رەش و،
قسەخۆش و خۆهەڵکێش
دەڕوانن، بێدەنگ دەبن و پاشان بیردەکەنەوە
دەزانن بۆچی مەیی ناو مەیخانەکان ناخۆنەوە.
کەسانی شەڕەنگێز رێدەکەن و دەڕۆن
زەمین بۆگەندەکەن.
لە هەموو شوێنێک
مرۆزم بینی تانس یان بە کیفن
و کاتێ دەتوانن،
کێڵگە بچووکەکانیان دەکێڵن.
ئەگەر گەیشتنە شوێنێکش،
قەت پرسیارناکەن بە کوێ دەگات و،
بە سوواری قاترە پیرەکانیانەوە رێگا دەبڕن،
تەنانەت لە رۆژانی جەژنیش پەلەپەلکردنیش نازانن،
لە هەرکوێ شەرابیان دەستکەوت، دەخۆنەوەو
ئەگەر نا، ئەوا ئاوی سارد دەخۆنەوە.
خەڵکی دڵۆڤانن، بۆ خۆیان دەژین و جووتیاری دەکەن و
دەڕۆن و خەوندەبینن و
لەرۆژێکدا وەک رۆژانیتر،
لەناو گۆردا پشوودەدەن.

وەرگێران بۆ عەرەبی: شریفە بقنە الشهرانی

## سەرکەوتنمان بۆچی
## شیعری ئیدیت سودەرجران

لە چی بترسم؟ من بەشێکم لە بێکۆتایی
من بەشێکم لە هێزێکی گشتی لەرادەبەدەر،
تاقە جیهان لەناو ملیونها جیهان،
ئەستێرەیەک لە پلەی یەکەم کە لەدواییدا دەکوژێتەوە،
سەرکەوتن لەپێناو ژیان،
لەپێناو هەناسەکێشان و بووندا!
سەرکەوتن بۆ هەستکردن بە کات لەنێو دەمارەکانی بە ساردیەوە دەڕوات و،
بۆ گوێگرتن لە دەنگی ئاوی بێدەنگ و
راوەستان لەسەر چیا و لەژێر خۆر،
من تەنها خۆر دەناسم.

لەگەڵ تۆمە ئەی کات- کاتی گۆڕین- و تینۆکردن و کاتی جادوبازی-،
پیلانگێری نوێ دێنیت و هەزار لەخشتبردن بۆ بانگێشتکردنم و ئامادەبوونم وەک تۆیەکی بچووک، وەک ناوکێکی گلۆڵەبوو، وەک بەردێک لەناوەڕاستی دەریا.
کات-ئەی خوێنڕێژ- لێمگەڕێ بە حاڵی خۆم!
خۆر بە هەنگوینی شیرین سینەمی پڕکردووە و دەڵێ:
ئەستێرەکان جارێک دەکوژێنەوە،
بەڵام بێ شەرمانە،
هەمیشە رۆشنادەبنەوە .

بۆ عەرەبی: حمید کشکول

## گۆرانی ماجیده الرومی(سەربازێک خەون بە سەوسەنی سپی دەبینێت)
## لە شیعرێکی مەحمود درویش

خەون بە گوڵە سەوسەن دەبینم
بە لقە زەیتون
بە باڵندەیەک  لەسەر لقە لیمۆیەک،
سپێدە لە ئامێزدەگرێت.
دڵێکی دلۆڤانم دەوێت، نەک
چەک پڕکردن،
ڕۆژێکی بەخۆرم دەوێت، نەک چرکەی سەرکەوتنێکی
شێت و خوێناوی.
منالێکی ئەوێت بۆ ڕۆژ پێبکەنێت،
نەک پارچەیەک لە ئامرازێکی جەنگ،
من بۆ ئەوە هاتووم،
هەڵهاتنی ڕۆژ بژێم، نەک ڕۆژئاواکەی.
دڵێکی دلۆڤانم دەوێت، نەک
چەک پڕکردن،
ڕۆژێکی بەخۆرم دەوێت، نەک چرکەی
سەرکەوتنێکی شێت و خوێناوی.
خەون بە گوڵە سەوسەن
دەبینم،
بە شەقامێک گۆرانێبێژێ و خانویەکی ڕۆشنا...بە گوڵە سەوسەن.

سروودی یەکی مای لەلایەن (گروپی یوروم) وتەی ئیبراهیم گوێکجک کە ئیمرۆ گیانی بەخت کرد و
ئەو ستەم و خوێنەی کە ئەم ڕۆژگارە بۆ ئێمەیان هێناوە،

بەڵام بەم شێوەیە بۆیان بەسەرناچێ،
لێرە و لە هەموو شوێنێک دایدەمەزرێنین ژیانی نوێ.
یەکی مای، یەکی مای جەژنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە
جەژنی گەلانە لەسەر رێگای مەزنی شۆڕش پێشرەوی دەکات
خۆرێکی نوێ لەسەر لوتکەی چیاکان هەڵدێت
ژیانی خۆشگوزەرانی لە ئاسۆی خەبات سەرهەڵدەدات
رۆژانی خۆشبەختی لە وڵات بێگوومان هەر دێن.
یەکی مای، یەکی مای جەژنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە
جەژنی گەلانە لەسەر رێگای مەزنی شۆڕش پێشرەوی دەکات.
رێ مەدەن مرۆڤ خوێناوی بکرێت و تۆش بێدەنگی بکەن
مافەکانتان بە بەرزکردنی هۆشیاریتان دەستەبەردەکەن
رۆژگارە پرشنگدارەکان ناو دەستی ئێمە هەر هەڵدێن
یەکی مای، یەکی مای جەژنی کرێکاران و زەحمەتکێشانە
جەژنی گەلانە لەسەر رێگای مەزنی شۆڕش پێشرەوی دەکات.
هاواری دەنگی گەلانە ئاسمان دەلەرزێنێت
مشتی پۆلایینی خەڵکە وەک چەکوش بڵێسەدەدات
شەپۆلی شکۆداری شۆڕشە جیهانمان دەگرێتەوە.
رۆژ دێت و دەڕوات و ستەمکاران لەناودەچن،
وەک پەڕەیەک لە رێگای مەزنی شۆڕشدا، دادەڕزین.

شۆڕش
هەمیشە بەفری لەخۆبایی دەبێت،
چ دیمەنێکی هەیە چیای(هیرمەلینک)و
ئەو ئاوە ساکارە کە
لە سەر بەنداوی ئاسیاوەکە، دوڕوات.

هەروا هەمیشە لەوێ خۆرێک هەیە

-خۆری جەلاد و برادەرە-
من بەفر بە فرمێسک دەگۆڕمەوەو
رووبارەکە پڕبکات.

## دوێنی کەس لەوێ نەبوو
## شیعری لیون فیلیبە

نە دوێنی و
نە ئیمرۆ و نە سبەی،
هیچ کەس بۆ لای خودا ئەڕۆن.
لەسەر هەمان رێگا
من بۆ هەر مرۆڤێک
دەڕۆم
پرشنگی خۆری بۆ بهێنم و
شەقامێکی پاکیزە
خودا.

## شەوێکی شووم
## شیعری ماجدا بورتال

ئای! ئەستێرەکان کوژاونەتەوە و شەوێکیشە مەرگ بە دەوریدا دەسووڕێتەوە،

شەوێکی خەمناکە و باڵە ڕەشەکانی،
شەونخونییە بەئازارەکەم بریندارده‌کات!
بەبێ حەسانەوە لە شەوی ئامادەنەبوون و شووم کە
ژیان وەک فرمێسک دەکەوێنە ناو بیرێکی قووڵەوە،
جەستەی خاج بەرزمدەکات و لە ئامێزم دەگرێت،
بەڵام تەنها بۆ بەرزی هەڵمدەگرێت،
بۆ ئەو شوێنە کە هیچ ڕێگایەکی نیە.
هیچ کەس ناتوانێت بڵێت کە من دەستپێهێنانەکەیم لێدزیووەو،
چاوە بە ئاگاکەیم داخستووە،
بەبێ حەسانەوە،
چ شەوێکی ڕووزەردە.
ئەی شەوی دوورە ئەستێرە!
جریوەی چۆلەکە دێت،
دڵی شلە سپێدەدەمان، ئاوادەبێت،
دەنگی مۆسیقا نایەت و تەنانەت گریانیش،
دوورە دەنگی دەریای دوور و،
شەویش بە بێدەنگییە لەرادەبەدەرەکەیەوە بەسەر دنیا ڕاکشاوە،
من لە هەمووان دڵ خەمبارترم،
دەنگەلێکی ئامادەنەبووی بێ هەرای ئەستێرەکان،
و هیچ هێمای ڕووناکییەک نیە کە بتوانێت ئێمە لە پشت نهۆمە بەرزکاندا،
لەیەک نزیک بکاتەوە.
بێگومان من پاشماوەی یادوەرییەکانی لەبیردەکەم،
لە سێبەری شەوانی درێژمەودا،
سپێدەی شین سەرهەڵدەدات و،
پاشماوەی پێکهاتە زەردهەڵگەڕاوە بەلەرزینەکەی
کە خەونەکان شکستی پێهێنان، ڕووناک دەکاتەوە.
ئەوەی لە ژانەکان ماوەتەوە،

لەناو دارە پێچاوپێچەکان
دەخنکێن،
دارەکانی رێگا بێ رێگاکان،
بێبەزەیی و خەواڵو وەک شەو.
ئای! ەستەکانم بۆ بۆشایی درێژدەبن،
وەک رفاندنی ەرگ،
وەک مانگە تەڵخ و قیزئاو،
دڵی شەوێکی بەهەورەوە،
تەپوتۆزی ئەو ئەستێرانە کە قەدەر تەکانی پێداون و،
بەسەر شانوملە خاوەکان کەوتووە.
سەر بزمارڕێژکراوە لە فرنەکانی هۆلۆکۆست،
بەسەر ستارەی شەوی ترسناک،
ئەم ئەستێرەیە دەبێت بە تاقە ئەستێرەیەک،
لە خولێکی بێ گەڕانەوە.

بۆ عەرەبی: هاجر الکافی

## شەوێکی سارد
## لە شیعری هۆشی میننە

شەوێکی پایز،

نە جێینووستن و نە پەتو و،
نە خەوم هەیە.
گیانم بەسەر یەکەوە تێکشکاوە و
دەمارەکانی قاچیشم دەپلێن.

مانگ لەسەر بەوری بە گڵامۆز پۆشراو رووناکدەبێت و
وڵاتەکەم لەپشت ئاسنی زیندانە
ورچە گەورەکەش لە پۆلی باکوور بە لارەلارەوە دەڕوات .

شەوانی واهەیە حەزناکەم هیچ بزانم
لە شیعری فرانسیسکو اوزیل

شەوانی واهەیە، نە حەزدەکەم هیچ بزانم و
نە گوێم لە هیچ ببێت،
لە دانیشتن لە شەقامێکی چۆڵ
هیچیترم ناوێت و
سەگێک ببیم کە تەنانەت لەکاتی بیدەنگییەکشیدا،
تێدەگات چی دەوێت.
حەزدەکەم بەتەنها بمێنمەوەو
سەگەکە لەگەلمدا بدوێت،
کە دەنگێکیش بێت،
بێدەنگ دەبێت بۆ
پیاوێک ئارامییەکە ونکردووە،
ئەو کات شیعرێک دەخوێنمەوە،
بۆ ئەوەی بە ئاشتی بمرێت.
لەو چرکەیە کە بیر لەوە دەکەمەوە،

سێبەرێک هەڵدەکوێتە سەر سنگم،
دەستی ناوچەوانم دەهێنێت،
منیش بێدەنگ دەبم.

نە شەو و
نە شاقامەکە و
نە سەگەکە
دەتوانن ئارەزووی گەرمی ئەم ئامادەنەبوونە بکوژێننەوە.

بە ئارامی دەتهێڵێتەوە
لە پەنجەکانمدا
ئاسنی زیندانم هەڵگرتووە،
زیندانێک لە با پێتدەڵێت
دەست پێبهێنە تا ئازاد ببم،
شەوان، چاوەکانم زیاتر دەکرێنەوە،
درزی نیوان جەستەم و جەستەی تر بەرینتر دەبێتەوە،
چوار ملیون ساڵ
لەم زیندانە بمهێڵنەوە،
بایەکی خاڵی لە تەنیشتمەوە،
بەسە ئازادییە تۆقێنراوەکەم لەگەل خۆم
بۆ سەر زەمین بگەڕێنمەوە.

من خۆم ناناسمەوە
لە بەیانیانە ناپاکەکان لە
لاپەڕەیەک، بۆنی مردۆکانم پۆشیویەتی
ژەنگ لەناو ناوکەی ساردی ئەو دارانە کە بەڕاوەستاوی چاوەڕوانن.

وامدەبینی ڕاهاتووم بەوەی
لە چاوەکان و ئێوارە تاڵەکان و
لە دوو کونی ئاسمان بنێژرێم؟
داخۆ چی هەی لەوە زیاتر ئازارم بدەن؟
هێمایەک لەبەیندەچێت لە سوچێک لە سوچەکانی وێستگاکە

ئەم وێستگایە تەنها نابێت بە وێسگایە
تەنها هێما لەبەینچووەکەم دەمبینێت لە تەپوتۆزی پەندەرەیەک،
ئەمەش ئەگەر پەنجەرەیەک هەبوو،
ئەمە ئەگەر بڕیارمدا هێمایەک بەدوای خۆم بەچێبێڵم
لەیەکێک لە وێستگەکان،
لتەنیشت کوشکی تەلەفۆنەکان چاوەڕوان دەبم،
لەناوچوونی کاتژمێرەکان لە شینایی جگەرە داگیرساوەکان،
لە تێڕوانینە خەمبارە بەئەژنۆداچۆکان.
دەمبینن زۆر بەسەر دندانەکانم دەکەم
با هەڵدەمژم
وەک باڵنە کۆچەرەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر و،
نازانن چی چاوەڕوانیان دەکات
ئەوەتە باکە تاڵ بوو و
لەگەل ئەوەشدا
من نازانم لە چ وێسگایەک
تەنهاییەکە سواری چ گیانێکی تر دەبێت.

## شارێکی گوناهکار

## له شیعری: یاروسلاف سیفیرت

شاری خاوەن کارگە و وەرزشکارانی بۆکس و ملیونێرەکان
شاری دۆزەر و ئەندازیارەکان،
شاری ژەنەڕاڵ و بازرگان و شاعیرە نیشتمانپەروەرەکان،
شاری ئەو گوناە رەشانە کە سنوورە تورەیی خوداشیان بەزاند،
تەنانەت تورەیی خودا چەندین جار
سەددان جار هەڕەشەی تۆڵەسەندنی لە شارەکە کرد،
بارانی کبریت و ئاگر و هەورەتریشەکە،
سەدان دار خودا رووی لە بەزەییپێکردن برد،
چونکە بەڵێنەکانی بەبیردەخاتەوە کە پێشتر پێدابوون،
ئەوە ریزی منە بۆ دوو لە پیاوە دادپەروەرکانە و شارەکەی خاپوور ناکاتو،
دەبێ هێزی بەڵێنی چاکە بپارێزرێت.

لەو کاتژمێرە، دوو ئاشق لە باخچەکە تێپەڕین و
بۆنی گوڵەکانیان هەڵمژی لە دارە ژاڵژالک.

بۆ عەرەبی: صبحی حدید

## فەلسەفە

## شیعری یاروسلاف سایفەرت

دانایی فەیلەسوفەکانت بەبیربێتەوە:

ژیان لە چرکەیەک زیاتر نیە،
بەڵام کاتێ دەبێ چاوەڕوانی خۆشەویستەکانمان بکەین،
ئەوا ژیان دەگۆڕێت بۆ ئەبەدییەت.

بۆ عەرەبی: صبحی حدید

## گۆرانییەک
## لە شیعری یاروسلاف ئیفیرت

کاتی ماڵئاوایی
بە دەستماڵێکەوە دەستبەرزدەکەین
لە گشت رۆژێک شتێک کۆتایی دێت،
شتێکی جوان کۆتایی دێت.

کۆتری(زاجل) با دەبڕێت و
بەهیوا یان بە بێ هیوا،
دەگەڕێتەوە.
ئێمەش دەبێ هەر بگەڕێینەوە.
برۆ فرمێسکی چاوت وشک بسڕەوەو
بە دوو چاوی بریقە پارێزەوە
پێبکەنە،
لە گشت رۆژێک شتێک دەستپێدەکات.
شتێکی جوان دەستپێدەکات.

بۆ عەرەبی: صبحی حدیدی

## شۆڕشەکەمان خۆشەویستیمانە
## شیعری رۆبیرتۆ فرناندیز ریتامار(کوبا)

یەکەم ساڵ، پاش چاوەڕوانی و یەقینمان بە نیشتمان
زانیمان ئاگرە کوژاوەکانی سەر چیاکان
سەرلەنوێ بۆ پاراستنی زەمین دادەکرسێنەوە،
وەک خەونمان پێوەدەبینی و بونیادمان ناوە.

ساڵی دووهەم بینیمان چەکمان بەدەستەوەیە
خۆشحالین بە تواناکانمان بۆ بەشداری لە مەترسی و پایەبەرزی
ئەوانەی بەحال دوێنی باشترین مرۆیان ناسی
خاوەن ردێن و هیوا لەناو دڵی شەوە تاریکەکان.
لە ساڵی سێهەم دەوڵەمەندبووین بە سەرکەوتنی مەزن،
پڕبووین بە وشە و چەک و بڕیارگەلی  زیاتر،
لە ساڵی چوارەم شۆڕشەکەمان، خۆشەویستیمانە
چەندین جار مردین و زیندووبووینەوە
هاک ابە باشی دەزانین کە تۆ نەمری و
جوان و بەهێزی،
هەر وەک ئەستێرەکان و زیاتریش: وەک ئەم گەلە
کە درووستی کردی و تۆش درووستتدەکرد،

شۆڕشەکەمان خۆشەویستیمانە.

## چراکەم
## لە شیعری ئۆجینۆ مۆنتیجۆ

شەوان، پاش کوژانەوەی، لە بێدەنگیمدا،
گوێم لێیە دەگری.
لە سووتاندنیەوە ماندووبووە،
هەمیشە شەونخونی دەکات و
رووبەرووی تاریکی دنیا دەبێتەوە،
چراکەم بە زمانێکی تایبەت کە لێی تێناگەم،
نوێژدەکات
لە پێناوی تۆ،
لەپێناوی من و
لەپێناوی گشت ئەوانەی ئازاردەدرێن و
دوا رۆژنامەکەیان لێکدەنێن و
لە خەونەکانیاندا
تاریکایی لە پیتەکانی دووردەکەوێتەوە،
وەک ئەوەی نایەوێت بزانێت

سەرباری ئەوەی، چی لەوە بەدەستدەهێنێت،
چەندە بۆ ژیان .
سبەی لەکاتی  بێداربووندا
دووبارە زەمینمان بۆ دەشارێتەوە.

## بیرکردن لە تۆ
## لە شیعری نازم حیکمەت

بیرکردن لە تۆ شتێکی جوانە،
شتێکە لێوانلێوە لە هیوا،
وەک ئەوە وایە،
مرۆڤ گوێی لە جوانترین گۆرانی و
جوانترین دەنگ بێت لە دنیا.
بەڵام هیوا بەتەنها بەس نیە،
من نامەوێت گوێ لەو گۆرانییە بگرم،
من ئەمەوێت خۆم ئەو گۆرانییە بڵێم.
چەند جوانە بیر لە تۆ بکەمەوە
هیوادارم بیر لە تۆ بکەمەوە
گوێم لە جوانترین دەنگی دنیا ببێت و
گوێم لە جوانترین گۆرانی ببێت
چەند جوان بیر لە تۆ بکەمەوە
هیوادارم بیر لە تۆ بکەمەوە
بەڵام ئێستا
هیواداری بەس نیە.
من دەمەوێت تۆ ببینم.

من چیتر گویَ لەو گۆرانییە ناگرم، من دەمەوێت ئەو گۆرانییە بڵێم.
من چیتر گویَ لەو گۆرانییە ناگرم، من دەمەوێت گۆرانییەکە بڵێم.
چەند جوانە بیر لە تۆ بکەمەوە.
هیوادارم بیر لە تۆ بکەمەوە.

## هۆنراوەی نازم حیکمەت... لە ئەڵمانیەوە بۆ کوردی

## چەند بێئاگای لە پێویستیم بە دەنگت

شیعری ماریو بینیدیتی
چەند بێئاگای لە پێویستیم بە دەنگت،
من پێویستیم بە نیگات هەیە،
پێویستیم بەو وشانەت هەیە کە ئاسوودەم دەکەن.
من زۆر پێویستیم بە ئاشتی ناخت هەیە و
بە رووناکی لێوەکانت.
من چیتر ناتوانم درێژە بە کاروانەکەم بدەم،
ناتوانم،
مێشکم توانای بیرکردنی نەماوە،
ناتوانێت بیر بە یەکێکی تر بکاتەوە،
من پێویستیم بە گوڵی دەستی تۆ هەیە.
ئەم ئارەزووە بۆ گشت کردەیەکە،
لەگەل ئەم دادپەروەرییەتدا کە ئیلهامم پێدەبەخشی،
لە پێناو گشت ئەوەی شەوکەتم پێکدەهێنێت،
سەرچاوەی ژیانم تووشی کزی بووە،
لەگەل هێزی لەبیرکردنەوە.

من ئێستا دەسووتێم،
ئەوەی دەمەوێت، پێشتر دەستمکەوتووە،
سەرەڕای ئەوەش،
من بیرتدەکەم.

## چاوەڕوانتم
## شیعری ماریو بینیدیتی

بە هەناسەساردی هیوا ونبووەکانمەوە
چاوەڕوانم رۆژببێتەوە،
پێموایە تۆ سەردانم بکەیت
خۆم دەزانم،
خۆم دەزانم تۆ هەرگیز سەردانم ناکەیت،
دەزانم ماوە بریندارکەرە،
دەزانم شەوان زۆر ساردە،
دەزانم تۆ لێرە نیت،
پێوایە من هەموو شتێک لەبارەتەوە دەزانم،
دەزانم رۆژ زوو دەبێتە شەو،
دەزانم تۆ خەون بە خۆشەویستیم دەبینیت،
بەڵام دەرینابڕیت،
من دەزانم گێڵم چونکە چاوەڕوانیت دەکەم و،
دەشزانم تۆ هەرگیز نایەییت.
بەسۆزەوە چاوەڕوانیت دەکەم کاتێ شەوان بۆ ئاسمان دەڕوانین
تۆ لەوێی و
منیش لێرە

به سۆزەوە بۆ ئەو ڕۆژانە
کاتێ ماچ
ڕێگای ماڵئاوایی بەدوای خۆی بەجێشت و
ڕەنگە بۆ ئەوەی لە ژیانمان ماوەتەوە.
کارەساتە من بەم شێوەیە دەدوێم.
کاتێ شەو دەبێتەوەو،
مانگ
خۆر دەشارێتەوە،
هەست بە تەنیایی دەکەم و دەزانم
هەرگیز لە ژیانم هەستم بەتەنهاییی نەکردووە
وەک ئەوەی ئیستا دەیزانم کە من چەند زۆر تەنهام و
تۆش لێرە نیت،
بۆ ئەم هەستە داوای لێبووردنت لێدەکەم،
هەرگیز مەبەستم سووکایەتی بە تۆ نیە،
هەرگیز خەونم بە عیشقی تۆ نەرکردووەو
نەیش بەم شێوەیە هەستت پێبکەم،
هەناسەم کۆتایی پێدێت، وەک ئاو لە بیابان و
ژیانیشم لەناودەچێت کاتی لە ناخم دەرناچیت،
هیچ هیوایەکم نیە تەنها تۆ و
و منیش لەوێ نیم ...
بۆچی من لەوێ نیم؟
پرسیارم لێدەکەی:
تۆ بۆچی سواری ئەو پاصە نەبووم کە دەمگەیەنێت بۆ لای تۆ؟
چونکە ژیانم لێرە ڕێگام پێنادات لەوێ بژێم
چونکە هەرکاتێک بیری تۆ بکەم،
شەوەکان سزام دەدەن،
بۆچی من بۆ جارێک لەبیرت ناکەم؟

بۆچی بۆ جارێک ناژیم؟
بۆچی جارێک؟

وەرگێر بۆ عەرەبی: احمد عبد الطيف

## ئەڤانگارد

ماوەی نیوە سەدەیە،
شیعر
بەهەشتی گەمژەترین کەس بوو
تا من هاتم و
ئەم پێشڕەوایەتییەم دامەزراند.
فەرموو سەرکەوە گەر حەز دەکەیت،
هەڵبەت من بەرپرسیار نیم
ئەگەر تۆ دابەزیت و
دەم و لووتت خەڵتانی خوێن کران.

بۆ عەرەبی: نزار سرتاوی

## ئەوە یاسای شیرینی مرۆڤە

## شیعر پۆڵ ئیلوارد

ئەوە یاسای شیرینی مرۆڤە
لە ترێ شەراب درووستدەکات،
ئاگریش لە زوغاڵ درووستدەکات
و مرۆڤیش لە ماچ کردن درووستدەکات.

ئەوە یاسای راستەقینەی مرۆڤ
بە سەلامەتی دەپارێزرێت، سەرەڕای
بەدبەختی و جەنگ،
سەرەڕای مەترسی مەرگ.

یاسایەکی دێرین و نوێیە،
خۆی لە دڵی مناڵەوە
بۆ بەرزترین ئاستی عەقڵ
کەماڵی خۆی وەردەگرێت.

## لە نزیکمانەوە
## شیعری پۆڵ ئیلوار

...ئەی فریاگوزار
راکە
تا هەموو شتێک بدۆزیتەوە،
هەموو شتێت هەڵگریتەوە
فریکەوتن و دەوڵەمەندی
راکە خێرا بۆ پەتێک
وا هەرای کۆتریک تێکدەدات
یان ئاڵایەکی هەمیشە بەجێماو.

## شیعری فیدیریکۆ کارسیا لۆرکا(کۆتری رەش)
## شیعری لۆرکا

لە بەینی لقەکانی(لاوریل)
دوو کۆتری رەشم بینی
یەکەم: رۆژ
و ئەوی تر: مانگ
پێیانم وت: دراوسێکانم
گۆڕەکەم لە کوێیە؟
رۆژ وتی: لە کلکمە
مانگ وتی: لەهەناومە
منیش کە لە پیاسەدابووم  و
زەمین کەمەربەندەکەمە.
ئەو کات دوو هەڵۆی لە مەرمەرو
کچێکی رووتم بینی

له یەکتری دەچوون و
کچەکەش هیچ کەس نەبوو
پێیانم وت: ئەی هەڵۆکان،
گۆڕەکەم له کوێیه؟
ڕۆژ وتی: له کلکمه.
مانگ وتی: لەهەناومه
له بەینی لقەکانی(لاوریل(
دوو کۆتری رووتم بینی
ئەمیان ئەویتر بوو و
هەردووکیان ...هیچ کۆترێک نەبوو،

بۆ عەرەبی: عدی حربش

## شەقام
## له شیعری ئۆکتاڤیو بات

شەقامێکی رێژ و هێمن
له تاریکی پیاسەدەکەم و بەسەر واقع
پێم هەڵدەکەوێت و،
پاشان هەڵدەستمەوه و کوێرانه به هەردوویانەوه
بەردی کەڕ و کڵای وشک دەشێلم.
کەسێکی نەناسیش بەدوامەوه
دەیانشێلی.

ئەگەر پشووبدەم، ئەویش پشوو دەدات،
ئەەر رابکەم، ئەویش رادەکات.
روو دەکەمە دواوەوە، هیچ کەس نابینم.
هەموو شتێک تاریک و بێ جەربازە
بە دریژایی دەستمکرد بە گەڕان و گەڕان
بەم سووچانە کە بەرەو ئەو شەقام دەڕوات کە
هیچ کەس چاوەڕوانم ناکات یان بەدوام نایەت
لەوێ بەدووی کەسێکم، پێی هەڵدەکەوێت وهەڵدەستێت و
هەر کە بینیمی، وتی: هیچ کەس نیە !

## گۆرانی 21

## شیعری رافائیل ئەلبێرتی

من ئەومەوێت گۆرانی بڵێم: ببم بە گوڵێک
بۆ وڵاتەکەم و،
مانگایەکی بمخوات،
جووتیارێک لە وڵاتەکەم
لەسەر گوێ َەی دامبنێت و،
گوێ لە مانگی وڵاتەکەم بگریت،
رووبار و دەریای وێتەکەم، تەڕم بکات،
مناڵێکی وڵاتەکەم لێمبکاتەوەو،
زەمینیش لەناو دڵی وڵاتەکەم
بمنێژێت،

چونکە وەک دەبینن،
بە بێ وڵاتەکەم، تەنیام.
)لەگەڵ ئەوەی من بە بێ وڵاتەکەم نیم(
بۆ عەربی: صالح علمانی و عاصم باشا

ئەوەی بۆ تۆ بەجێمهێشتووە
شیعری رافائیل ئەلبێرتی

دارستان و دارە ونبووەکان و،
سەگە پاسەوانەکان و
سالانی ئاوارەییە گرنگەکەم بۆت ۆ بەجێهیچشتووە.
من
موچرکە و پشیلە و
رووناکی ئاگری کوژاوە،
سێبەرەکەم لە چاوە بێئومێدەکان بەجێهێشت کە ماڵئاوایی خوێناوی کرد.
کۆترگەلێکی خەمبار لە نزیک رووبارەکە
ئەسپ لەسەر خۆری لمەکانم بەجێهێشت
بۆنی دەریان بۆ تۆ بەجێهێشت
دەستم لە بینینت هەڵگرت
دەستم لە هەمووی ئەوەی هەمە، هەڵگرت
ئەی رۆما تۆش ،
لەبری ئازارەکانم
دیارییەکم بدەرێ، وەک چۆن بۆ تۆ بەجێمهێشتن تا بۆ من ببیت.

بۆ عەرەبی: صالح علمانی و عاصم الباشا

## سەردەمی مەحکومکردن

## شیعری رافائیل ئەلبێرتی

سەردەمی خەم و وەحشیگەریێتی
فەمی لەسێدارەدان و
سێبەرەکان تەنیون لە هاوار و نوزەو
ناتوانی بخەویت و ئەگەر خەوتیشی
خەوتن زیندانێکی قوفلّدراوە بوو.
سەردەمێکە خۆشەویستی بە دڵەراوکێوە ئەشکەنجە دەدرێت و
بانگەوازە خێراکان بۆ خەبات دەیشکێنێت و،
رەنگە لە ناوجێگاکەیەوە دەریبێنن تا
لە بەیانییەکی کەمڕەنگ لەسێدارەی بدەن.
بە نەعلەتبووە سەردەمی داواکردنی رۆژانەو،
شەوانی خەمباری لە چاوەڕوانی رۆژ و
ئەو دەقە رەشەیە کاتێ دەستێکی بەفرین،
ژیانی پیاوەکان دەسڕێتەوە.
سەردەمی توڕەیی
بێچارەو رەنگی زەردەکانەو تێدا
وا خەریکە تێڕامان لە گوڵەکان و
پێهەڵدان بە شینی دەریا و هارمۆنی
فڕینی کۆترە دوورەکان لە پایز
دەبێتە تاوان،
بەلاّم سەرەڕای سالاّنی دووروودێژی رەشی

ئەم سەردەمە کە روح چاوەڕوانی لووتکەی خەمباری،
بە خوێن، رووناکی هەڵدەبژێرێت و
ئاشتی لەسەر شتەکان جێگیربێت.

بۆ عەرەبی: صالح علمانی و عاصم باشا

**گۆرانی یاسمین لیفی**
**لە ئەلامۆ لە دایکبووم**

من هیچ شوێن و دیمەنێکم نیەو
لە هەمووان کەمتر وڵاتێکم هەیە.
بە پەنجەکانم ئاگر دەکەمەوەو
بە دڵم گۆرانی بۆت ۆ دەڵێم
ژێکانی دڵیشم دەگرین.
من هیچ شوێن و دیمەنێکم نیەو
لە هەمووان کەمتر وڵاتێکم هەیە.
بە پەنجەکانم ئاگر دەکەمەوەو
بە دڵم گۆرانی بۆت ۆ دەڵێم
ژێکانی دڵیشم دەگرین.
من لە ئەلامۆ لەدایکبووم
من لە ئەلامۆ لەدایکبووم و

هیچ شوێن و دیمەنێکیشم نیە
من...

## گۆرانی خۆشەویستی
## لە شیعری هێرمان هێسە

من کەڵە کێویم و تۆ ئاسک،
تۆ چۆلەکەی و منیش دار،
تۆ خۆریت و منیش بەفر،
تۆ رۆژی و منیش خەون.
شەوان لە دەمی خۆتوومەوە
چۆلەکەیەک بۆ لای تۆ دەفڕێ،
دەنگی زوڵاڵە و باڵەکانی فرەڕەنگ و،
گۆرانییەکی لێوانلێو لە خۆشەویستی بۆ تۆ ئەڵێ،
گۆرانی منت بۆ ئەڵێ .

هاوینریش هاینە
گەرمی هاوین لەسەر گۆناتە و
ساردی زستان لەناو دڵە بچکۆلەکەتە .
خۆشەویستەکەم
ئەمە لەگەڵ تۆ دەگۆڕێت.
زستان دەچێتە سەر گۆنات و هاوینیش بۆ ناو دڵت!
ئایا دوا مەنزڵگای مرۆڤی ماندوو کوێیە؟

لەژێر دارە خورماکانی باشوور؟
یان لەژێر لیندن لە کناری راین؟
ئایا لە بیابانەکان پێکەوە لەگەڵ کەسێکی تر دەبم؟
یان لەسەر لمی کناری دەریایەک پشوو دەدەم؟
پاش هەموو شتێک،
من بە ئاسمان دەورم گیراوە و
چرای مەرگ وەک ئەستێرەانی شەو بەسەرمەوەیە.

## گۆرانی چاڤێلا فێرکاس
## گەر بزانی

گەر بزانیت من چیم کردووە،
بۆ ئەوەی بتبینم
گەر  بزانیت، چیم وتووە،
بۆ ئەوەی دووبارە تۆ ببینم،
هەرگیز تورە و دوودڵ نابی.
لە خۆشەویستیمەوە بۆت ۆ
گەر بزانی کە من درۆم کردووە،
بۆ ئەوەی تۆب بینم.
گەر بزانیت چ جەنگێکم کردووە
بۆ ئەوەی بتوانیت بڕۆی
وادەزانن من هێشتا گەنجم تا دڵخۆش بم
هیچ کەس لەماڵەوە لە من تێناگات،
هەموویان هەست بە رەفتارم دەکەن
گەر تۆ بزانیت چیم داهێناوە

بۆ ئەوەی دووبارە ببینم
کاتی ئەو رۆژە هات
ناتوانم جارێکی تر لە تۆ دوور ببمەوە
ئەگەر کاتە کەی دێت کە
پێکەوە دەربچین بەڵام بە بێ درۆکردن
یەکتر دەبینین و قسەیان لەگەل دەکەین
هەر کاتێک بمەوێت
وەر بمبینە و قسەم لەگەل بکە،
ئەگەر ویستت.

## چرکەی راستی
## شیعری یانیس ریتسوس

زۆرێک لە مردوان، زیندوون،
زۆرێک لە زیندوان، مردوون.
لەسەر کورسی دانیشتوون و
قۆپچەکانیان دەژمێرن.

تۆ لەگەل کێی؟
دەبێ چی ئەنجام بدەیت؟
چی دەکەیت؟

بۆ عەرەبی اسکندر حبش

## گۆرانی سامبا بۆ جیڤارا
## گۆرانی ڤیکتۆر گارا

من دێم و ئەم گۆرانی(سامبا)یە
بە رۆڵی ئازادیخوازێک دەڵێم.
ئەوان لەناو دارستانەکانی(پامپا)و چیاکان
فەرماندە شی گیڤارەیان کوشت کە،
چارەنووسی وڵاتە یان مەرگ.
ئەوان لە بەشێکی زۆری ئەمریکای لاتین
دەستدرێژی لە مافی مرۆڤ دەکەن.
یەکشەمان و دووشەمان و سێشەمان،
سوپا بە زۆرەملی ناچارمان دەکەن،
شارەکان  وێران بکەین،
ژەنەڕاڵە دکتاتۆرە مرۆڤکوژەکان
پێشمەرگە و جووتیار و کرێکارانی کانە خەڵوز و هەموو کرێکارەکانیان
دەچەوسێننەوە،
چارەنووسیان چەند بە ئازارە،
هەر برسییەتی، بەدبەختی و ئازارە،
)بۆلیڤار) رێگاکەی پیشاندا و،
جیڤارایش
رێگاکەی بەرەو ئازادی گرتەبەر.

## پلان و ستراتیژ
## له شیعری ماریو بینیدیتی

پلانەکەم ئەمەیە...
تەماشات بکەم،
بزانم تۆ کێی،
تۆ چۆنیت، هەر بەو شێوەیەش خۆشتمبوێت.

پلانەکەم ئەمەیە...
قسەت لەگەل بکەم،
گوێت لێبگرم،
لە وشەکانتەوە پردێکی نەمر درووستبکەم.

پلانەکەم ئەمەیە...
لە یادوەرییەکانت بمێنمەوە،
من نازانم چۆن و،
بە چ بیانوویەکەوە،
تەنها لە روحتدا بمێنمەوە.

پلانەکەم ئەمەیە...
راستگۆبم لەگەلتدا و،
بزانم تۆ راستگۆی
بەدرۆ فێڵ لەیەکتری نەکەین و
لەنێوانماندا چارۆک و درز نەبێت.

ئەمما ستراتیژییەکەم
بەپێچەوانەی ئەوانە،
قوولْتر و خاکیتربیم...

ستراتیژییەکەم
تۆ لە رۆژێکی دلْڕەوێن و تایبەتمەنددا،
نازانم چۆن و...
بە چ بیانوویەکەوە..
لەدواییدا پێویستیت بە من ببێت.

بۆ عەرەبی: نرمین علی

## گۆرانیNathalie Cardone
## پەرییەکەم

ئەگەر هەموو شتێک رێکە وەک من بیری لێدەکەمەوە
هەموو ئەوەی پێکەوە بینیمان
سەرەڕای گومان و فرەبێژی
سەرەڕای ترس و ئازارەکان
وابزانم نیازی دیدارمان هەبوو
ئەم چیرۆکە بەرەو شێتی دەمانبات
سیحر یاسای خۆیی هەیە
لەگەل تۆ هەموو شتێکم دەوێت.

وەک چۆن خۆشتم ئەوێت، پەرێکەم
مەهێڵە هیچ بگۆڕێت.
ئەمەوێت تۆ ڕێگریم لێبکەیت
ئەمەوێ تا ئێرە و بەس
هەموو ئازارەکانت سارێژکەو
سەرلەنوێ لەدایک ببە
ئەم پانتاییەی دەوروبەرم و
ئەم بۆشاییە،
تۆ ڕۆشناتکردەوە
من زانیم ئەو ڕۆژانە کۆتایی پێدێت و
بڕوام هەبوو کە ڕۆژێک تۆ دەدۆزمەوە
خۆشی من ئەوەیە
تۆ لێرە لەبەردەممی و
ئەمەوێت ئەم جارەیان لەلاتان بمێنمەوە.
چیتر بڕوا مەکە ئەگەر حەزیشم کرد،
بەجێم دەهێڵن.
من...

## هایکۆی جەنگ..ئاسەواری فیشەک لە جیهان

1

شاوری ئاگاداری:

خەڵک بۆ حەشارگەکان رادەکەن و

باڵندەکان بۆ ئاسمان(ج. کات(

2 گەرام بۆ شیعری دژ بە جەنگ،

دوو منالّم دۆزیەوە خەریکی یارین(ناعومی. کەنەدا(

3

بە چاوی مردووان بەرەو جەنگ دەڕۆن،

نابینن، نابینن، نابینن( رون روس، تسمانیا(

4

دەستێکی بڕاو لە خۆرِایی هەوڵدەدا فرمێسکی بسڕێتەوە(سیفا میزیریت، سلۆفینیا(

5

ئەی بای بیابانەکان، هەڵبێن

چاوی پیاوە گەمژەکان بە لم بڕبکە.(ئەلینکا زۆرمان، سلوینیا)

6

هێرشێکی زەمینی

گوڵەکە لە شوێنی خۆیەتی.(علمدین قادریش، سربیا)

7

ئاسمانێکی زستانەیەو

لە رادیوکانەوە

یەکەم بۆمب.(دوروتی هاوارد، کەنەدا)

8

لە ئاواییەکی بۆردمانکراو،

قیرەژنێک نەفرەت لە مانەوەی بە زیندوویی دەکات.(زیلجکو فوندا، کرواتیا(

9

منالێکی ئاوارە، فێرە کۆترێکی بچووک لە لانەکە بەربوو، چۆن بفڕێت.(ندی ساباجی، کرواتیا)

10

ناوی سەربازەکە بە بەرگی زەماندەوە، بەبیرنایەتەوە.(کارل بالمەر، ئەمریکا)

بۆ عەرەبی: ئازاد ئەسکەندەر

## یادی لەدایکبوونی سەرتاسەرترین خەباتگێڕ

کاتێ سەرۆکی بانقی نیشتمانی کوبا بوو، واژووی لەسەر هەندێ دراو دەکرد بۆ دەربرینی گاڵتەجاری بە پارە و خۆشەویستی بۆ خەڵک و رقی لە شتە گرانبەهاکان دەهات.

جیڤارا لەو بڕوایە بوو جیهانێک مرۆڤ هەڵسەنگێنێت بە مولکومالی، جیهانێکی نەخۆشە. هیچ بۆ خۆی هەڵنەگرت و هیچیشی داوا نەدەکرد. درووشمەکەی ئەمە بوو: بژێی واتە زاتی خۆت پێشکەش بکەیت.

جیڤارا بە کردەوە ئەمەی سەلماند.

جیڤارا بۆچی ئەم قودرەتە زلهێزەی هەیە بۆ درێژەپێدان و یاخیبوون لە مەرگ؟!

چەندە سووکایەتی پێبکەن و یاری بە چیرۆکی بکەن و خیانەتی لێ بکەن، هێندە سەرلەنوێ لەدایک دەبێت.

جیفارا پیاوێکی تایبەت بوو، وتەی کرد بە کردە و ئەمەش تایبەتمەندییەکی دەگمەنە لە جیهانێک بەدەگمەن  وتن و کردەی کۆدەکرێنەوە.

ئیدواردو غالینو

بۆ عەرەبی: لینا الحسینی

## هۆنراوەی لویس ئەراگۆن (پێویستی بەوە نەکرد)
## بۆ ژن وەک سوپاسگوزارییەک بۆ ژیان

پێویستی بەوە نەکرد،
تەنها ماوەیەکی زیاتر بۆ هاتنی مەرگ،
بەڵام لەو کاتەدا دەستێکی رووت هات و
دەستی گرتم.
ئەوە کێیە وا رەنگە ونبووەکانی بۆ رۆژ و هەفتەکان و
راستییەکان بۆ پانتایی و مەزنی هاوین
و هەموو شتە مرۆییەکانی گەڕاندەوە؟

من بەردەوام لە ململانێ بووم بەبێ ئاگاییم لە توڕەیی.
دوو دەست بەس بوون بۆ ئەوەی
بازنەیەکی مەزن لە با بۆ ژیانم دروستبکەن،
تەنها تاقە بزووتنەوەیەک و بەس
ئەو ئاماژانە لە کاتی نووستن
هێدی هێدی دەستت پێدەهێنن،
هەناسەیەکی نەرمونیانتر لە ئاورینگ
لەسەر شانم هاتووچوودەکەن.
باخچەیەکی جوان وناسک کە
لەپڕ لە گژوگیا گەشەدەکەن.
دڵە مردووەکەیشم سەرلەنوێ لە بۆنخۆشییەکەیەوە
لەدایک دەبێت.
ئەوەی شەوان
سێبەری زوڵال دروستدەکات و
نێوچەوانێک پاڵم پێوەدەدا.

دوو چاوی گەورەو کراوە و
هەموو شتێکی ئەم گەردوونە وەک
کێڵگەی گەنم دێتە پێش چاوم.

پێویستی بەوەی نەکرد
تەنها ماوەیەکی زیاتر بۆ هاتنی مەرگ،
بەڵام لەو کاتەدا دەستێکی رووت هات و
دەستی گرتم.
سەرچاوە بە عەرەبی (اراغون...روايه غير مكتمله...غاليمار... 1956)

## پیاوێک لە حاڵەتی تێڕامان
## لە شیعری یانغ کیانغمان

هەنگاوێکی هەڵە تۆی هەڵدایە ناو
قوڵایی
ئەو خوێنەت لسیەوە کە پۆشیتی.
کاتێ تۆ بێدەنگی درێژی رێگاکەی بەردەمت دەپێوی،
لە نێوان دوو هەنگاو
خۆت بە تەنها بە سەرخواری، سەردەرکەیت و،
لەناو چاڵە فێنکەکەت ئاسوودەیەکی نموونەیی درستدەکەیت و
زەمانێک دەمێنیتەوە
گوێ لە دەنگی جێپێی ئەو هاوڕێیانە دەگری کە بەجێیان هێشتی.
کاتێ تۆ ئازارەکانت دەچووی،

وەک پاشماوەی ئاگرکەوتنەوە،
یان لە ناو فرمێسکی پاپۆڕێکی نغرۆ.
لە پڕ خەمەکانت  سەوزدەبن،
تۆ منالّی ژێرکەوتنەکانی،
منالّی ژێرکەوتنە جوانەکانی
منالّی ژێرکەوتنە سەرکەوتووەکانی.
تۆ نە بومەلەرزکان دەتلەرزێنێ و
نە لافاوی دەریاکان و
بەبێ دەنگی دمێنیتەوە،
بە پەشیمانیەوە رابردووت دەجووی و
لە تێڕامانەکانیشتەوە پەریەک دەردەجێت.

## پیاسەی پیاوێکی هەژار
## لە شیعری ئیتیلا جۆزیف (هەنگاریا)

- تۆ هەژاری، چەنت دەوێ لەبەرامبەر ئەم لانکەیە؟
- -منالّەکەم هێشتا بچووکە، چۆن لانکەکەی دەفرۆشم؟
- من پاشام و دەسەلاّت و هێزم هەیە،

ئەگەر قبووڵ نەکەیت، بەزەبری هێز لێتدەبەم.
بەداخەوە هەژارەکە  چەکی نیە،
بەلاّم پاشاکە فەرمان بە لەشکرێک دەکات،
بۆیە هەژارەکە لانکەکە هەڵدەداتە ناو دەریاچەکە و
لەگەلیدا  منالّەکەی.
هەژارەکە لە زیندان دەگری و پێدەکەنێت،

چونکە لە ناو زیندانەکەیەوە دەزانێت،
منداڵەکەی جیهانی خراپکارانی بەجێهێشت و
ئێستا لە شوێنێکی باشترە،
واتە لە وڵاتی شەپۆلەکان.
بۆ عەرەبی: انتوان جوکی

## دانپێنان
## لە شیعری جۆهانس ڤۆلڤگانگ غۆتە

چی قورسە بۆ شاردنەوە؟
ئاور!
چونکە بەرۆژ دوکەڵەکەی ناپاکی لەگەل دەکات،
بەشەوانیش بڵێسەکەی، ئەم درندەیە کە لە دووریشەوە بێت، شاردنەوەی هەر سەختە،
هەروا
خۆشەویستیش چەند بە هێمنی بیشاریتەوە،
بە ئاسانی لە چاوت دەردەکەوێت.
شیعر لەگشتی سەختترە بۆ شاردنەوە،
چونکە مرۆڤ نایپێوێت.
هەر کە شاعرەکە دەست بە گۆرانی بکات،
هەست بە سۆز و خۆشی دەکات و
ئەگەر بە جوانی و رێکی نووسیبێتی،
دەیەوێت هەموو دنیا خۆشیبوویت.
بە خۆشحالی و دەنکی بەرز وبێ گوێدان بەوەی ئازارمان دەدات یان بنیاتماندەکات،
بۆ هەمووان دەیخوێنێتەوە.

## ڕێگاکەلی زۆر بڕی
## شیعری ئەنتونیو ماتشادو

ڕێگاکەلی زۆرم بڕی
بە ئاراستەگەلی زۆر ڕۆیشتم
لە هەموو شوێنێک
کاروانی خەمەکان
بەرز و دڵتەنگ
سەرخۆشانی بە سێبەری ڕەش و،
قسەخۆش و خۆهەڵکیش
دەڕوانن، بێدەنگ دەبن و پاشان بیردەکەنەوە
دەزانن بۆچی مەیی ناو مەیخانەکان ناخۆنەوە.
کەسانی شەڕەنگێز ڕێدەکەن و دەڕۆن
زەمین بۆگەندەکەن.
لە هەموو شوێنێک
مرۆزم بینی تانس یان بە کیفن
و کاتێ دەتوانن،
کێڵگە بچووکەکانیان دەکێڵن.
ئەگەر گەیشتنە شوێنێکش،
قەت پرسیارناکەن بە کوێ دەگات و،
بە سوواری قاترە پیرەکانیانەوە ڕێگا دەبڕن،
تەنانەت لە ڕۆژانی جەژنیش پەلەپەلکردنیش نازانن،
لە هەرکوێ شەرابیان دەستکەوت، دەخۆنەوەو
ئەگەر نا، ئەوا ئاوی سارد دەخۆنەوە.
خەڵکی دلۆڤانن، بۆ خۆیان دەژین و جووتیاری دەکەن و
دەڕۆن و خەوندەبینن و

لەرۆژێکدا وەک رۆژانیتر،
لەناو گۆردا پشوودەدەن.

وەرگێران بۆ عەرەبی: شريفه بقنه الشهرانی

## گۆرانی(شادی) بە دەنگیYasmin Levy

من ئەخۆمەوە، ئەخۆمەوە و ئەخۆمەوە،
بۆ ئەوەی تۆ لەبیربکەم.
من ئەخەوم و ئەخەوم و ئەخەوم
بۆ ئەوەی بیرنەکەمەوە.
ئەی جیهانی بە نەفرەتبوو.
بژێ بۆ ئەوەی نرخی گوناهی خۆشەویستییەکەت بدەی،
دووبارە نەفرەتت لێ بێت .
لێمگەڕێ من پێت بڵێم ژیانم نیە و
ئەمە تاوانی تۆیە.
شەوانم وەک رۆژەکانمە
لە تەنهایی
ئای خودایا
هاوکاریکم بکە بۆ کوشتنی ئەم خۆشەویستیە،
ئەمە لەناخمدایە.
ئەی(دیو)ی موبارەک رزگارم بکە.
تەنها بۆ ئەوەی لەسەر رێگای ئەم جیهانە هەنگاو بنێم،
من چیتر هێزم پێنەماوە بۆ موقاوەمەت،

من وامدەزانی خۆشەویستی بۆ تۆ چارەسەری ئازارەکانە،
بەڵام...

## شەوێکی شووم
## شیعری ماجدا بورتال

ئای! ئەستێرەکان کوژاونەتەوە و شەوێکیشە مەرگ بە دەوریدا دەسووڕێتەوە،
شەوێکی خەمناکە و باڵە رەشەکانی،
شەونخونییە بەئازارەکەم برینداردەکات!
بەبێ حەسانەوە لە شەوی ئامادەنەبوون و شووم کە
ژیان وەک فرمێسک دەکەوێنە ناو بیرێکی قووڵەوە،
جەستەی خاج بەرزمدەکات و لە ئامێزم دەگرێت،
بەڵام تەنها بۆ بەرزی هەڵمدەگرێت،
بۆ ئەو شوێنە کە هیچ رێگایەکی نیە.
هیچ کەس ناتوانێت بڵێت کە من دەستپێهێنانەکەیم لێدزیووەو،
چاوە بە ئاگاکەیم داخستووە،
بەبێ حەسانەوە،
چ شەوێکی رووزەردە.
ئەی شەوی دوورە ئەستێرە!
جریوەی چۆلەکە دێت،
دڵی شلە سپێدەدەمان، ئاوادەبێت،
دەنگی مۆسیقا نایەت و تەنانەت گریانیش،
دوورە دەنگی دەریای دوور و،
شەویش بە بێدەنگییە لەرادەبەدەرەکەیەوە بەسەر دنیا راکشاوە،
من لە هەمووان دڵ خەمبارترم،

دەنگەلێکی ئامادەنەبووی بێ هەرای ئەستێرەکان،
و هیچ هێمای ڕووناکییەک نیە کە بتوانێت ئێمە لە پشت نهۆمە بەرزکاندا،
لەیەک نزیک بکاتەوە.
بێگومان من پاشماوەی یادوەرییەکانی لەبیردەکەم،
لە سێبەری شەوانی درێژمەودا،
سپێدەی شین سەرهەڵدەدات و،
پاشماوەی پێکهاتە زەردهەڵگەڕاوە بەلەرزینەکەی
کە خەونەکان شکستی پێهێنان، ڕووناک دەکاتەوە.
ئەوەی لە ژانەکان ماوەتەوە،
لەناو دارە پێچاوپێچەکان
دەخنکێن،
دارەکانی ڕێگا بێ ڕێگاکان،
بێبەزەیی و خەواڵو وەک شەو.
ئای! دەستەکانم بۆ بۆشایی درێژدەبن،
وەک ڕفاندنی مەرگ،
وەک مانگە تەڵخ و قیزئاو،
دڵی شەوێکی بەهەورەوە،
تەپوتۆزی ئەو ئەستێرانە کە قەدەر تەکانی پێداون و،
بەسەر شانوملە خاوەکان کەوتووە.
سەر بزمارێژکراوە لە فرنەکانی هۆلۆکۆست،
بەسەر ستارەی شەوی ترسناک،
ئەم ئەستێرەیە دەبێت بە تاقە ئەستێرەیەک،
لە خولێکی بێ گەڕانەوە.

بۆ عەرەبی: هاجر الکافی

## گۆرانیەکی خۆشەویستی بۆ(لوسیندا)
## شیعری لانغستون هیوز

خۆشەویستی
ناوکی ئالوی گەییوە،
لەسەر دارێکی مۆر گەشەدەکات
گەر بۆ جارێکیش چێژی لێوەربگریت،
ئیدی سیحەرەکەی رادەتدەکێشێت و
لێناگەڕێت هەرگیز وەک خۆت بمێنیتەوە.
خۆشەویستی
ئەستێرەیەکی پرشنگدارە
لە ئاسمانی باشوور دەگەشێتەوەو
پێدەچێت بۆ تۆ زۆر سەخت بێت و
چاوەکانت بەئاگرەکەی شاگەشکە بکات
خۆشەویستی
چیایەکی بڵندو جێگیرە،
هیچ رەشەبایەکی ئاسمان نایلەقێنێت،
لە هەڵکشانیدا دوور مەڕۆ.

بۆ عەرەبی: محمد الصالح الغریسی

## گۆرانی(باران دایگرە) لەلایەن حەبیت محبیان
## لە هۆنراوەی مەحەممەد جەلالی

باران دایگرە،بەهاران وەرزی خوێنە
باران دایگرە، بیابانەکان گوڵاڵە سوورن
باران بباریێ بە سەر چاوی یاران و جیهانی تاریک و دەریا سەروخوار بووە
باران دایگرە و گەماروی ئاین بدە، ئەوانەی راوە مرۆڤ دەکەن و خامی دەیانگرن...
باران دایگرە، خودا کراوە بە یاری و بەناویەوە نەنگیان دەستکەوت.
باران بەناوی هەموو چاکییەکان بباریێ،
لەژێر وێرانییەکان هەندێ جار هەڵپەرکێیەک هەیە.
گۆڕی(جوبارە) تینووەکان پڕن لە بەرد
باران دایگرە، بەهاران وەرزی خوێنە، باران دایگرە، بیابانەکان گوڵاڵە سوورەن.

## گۆرانی – Diana Ross
## بەرووبوومی سەیر

دارەکانی باشوور
بەری سەیریان گرتووە
گڵاکانیان خوێناوین و
رەگەکانیشیان بە خوێنن

جەستەی ڕەشەکان
لەبای باشوور دەلەقێن،
دارە سنەوبەرەکان
میوەی سەیریان پێوەیە،
گۆڕەپانێکی ڕوحانی
لە باشووری بریقەدار و
چاوی ئەستووری و گەورە
عەتری (ماگنولی) پاک و تازەو
پاشان لە پڕ
بۆنی گۆشتی سووتاو دێت
ئێرە..
گۆرانی(ڕۆژی سەرکەوتن)
ڕۆژی سەرکەوتن،
تۆ چەند لە ئێمەوە دووربوویت
وەک ژیلەمویەک لەناو ئاگرێکی کز،
چەندین میل لەبەردەممانەوە
بە سووتاو تەپوتۆزاوی دوور بووی.
ئەوەی پێمان کرا، کردمان بۆ نزیککردنی ئەم ڕۆژە
کۆرس: ئەمە ڕۆژی سەرکەوتنە
با ڕووداوی
ئاهەنگێکە
لەگەڵ پەرستگا بەڕاستی بۆرەکان
دڵخۆشییەکە بە فرمێسکەوە لەناو چاومان

ڕۆژی سەرکەوتن!
ڕۆژی سەرکەوتن!
ڕۆژی سەرکەوتن!

شەو و رۆژ لەناو کورەی تواندنەوەو
وڵاتەکەمان بۆ چرکییەکیش چاوی لێنەنایەوە
رۆژگار و شەوانی سەختی جەنگ بوون
پەلەمان کرد بە باشترین شێوە هەوڵماندا بۆ ئەم رۆژە.
هۆ دایکە گیان، هەموومان نەگەڕاینەوە
چەند حەز دەکەم بەناو ئاوریگ بە پێخاوسی پیاسە بکەم
لە نیوەی ئۆروپا، پێمان نایە نیوەی سەرزەمین،
ئێمە بەباشترین شێوە هەوڵماندا بۆ ئەوەی
ئەم رۆژە خێراتر بکەین .
رۆژی سەرکەوتن!
رۆژی سەرکەوتن!
رۆژی سەرکەوتن!

غراندولا
ئەی شاری گەنمرەنگ،
ئەو ئەو شارە کە زەمینی برایەتی و دەسەڵاتی گەل
لەناخدایە.
برادەری زۆر و
روخسارەکانیش یەکساندەبن و
لە سێبەری دارە مازی،
کە نازانێ تەمەنی چەندە،
سوێندمخوارد بتکەم بە هاوڕێم
من لە چاوەڕوانی ئیرادەتم...

مۆسیقای(ئەلفادو) رۆڵێکی لەبەرچاوی بینی بۆ ئازادی لە ستەمکاری و توندوتیژی لە پورتوگال. رادیو گۆرانییەک کە ساڵانێکە قەدەغەکراو بوو و ناونیشانەکەی(غراندولا،

فیلا مورینا)بوو لەلایەن(زیکا افونسو) نووسراوە کە لە ستەمکاری رژێم دەیناڵاند. ئەم گۆرانیە وەک نهێنی دەستپێکردنی کودەتاکە بوو .
لە 25ی نیشان/1974 کودەتایەکی رێکخرا بەناوی(نێرگز) بۆ لەناوبردنی دیکتاتۆرییەک ماوەی 40 حوکمڕانی کرد.

## گوڵێکی سپی بڕوێنە
## شیعری خوسێ مارتی

گوڵێکی سپی بڕوێنە،
لە یولیو وەک لە ینایر
بۆ برادەرێکی بەفادار کە
بە راستی دەستی بۆ من درێژدەکات و،
بۆ دڵڕەقێک کە دڵێک دەهنجنێت
کە من پێی دەژیم:
من نە رقوقینە و نە دڕکم رواند،
بەڵکو گوڵێکی سپی.

بۆ عەرەبی: احمد یحیی

## کاتێ دوا جەنگ، کۆتاییهات
## لە شیعری بیرتۆڵد بریشت

کاتی بەرپرسەکان باسی ئاشتی دەکەن،
هەموو گەل دەزانن
جەنگ دێت و،
کاتێ بەرپرسەکان جەنگ رادەکەیەنن،
فەرمانی خۆئامادەکردن دەرکراوە.
ئەی پیاوی سەرشەقام،
بەرپرسەکان لە بەردا کۆبوونەوە،
دەست لە هەموو هیوایەک بەردە.

حکومەتەکان واژووی پەیمانی دەستدرێژکردن دەکەن،
ئەی پیاوی بچووک، وەسیەتنامەکەت بنووسە.

بەرپرسەکان دەڵێن رێگاکە بەرەو شانازی دەمانبات،
خەڵکی خوارەوە دەڵێن دەمبات بۆ گۆڕستان.

ئەوانە گۆشتی سەر مێز دەدزن
فێری قەناعەتکردن دەکەن،
ئەوانەی چەپاوەکەیان بەسەر دابەشکرا،
داوای ئازایەتی خۆبەختکردن دەکەن،
سکتێرەکان بۆ برسییەکان باسی سەردەمانی دڵگیری داهاتوویان بۆ دەکەن،
ئەوانەی دەولەت بەرەو هەڵدێرەکان دەبەن دەڵێن:
حوکمڕانی بۆ مرۆڤی ئاسایی زۆر سەختە.

جەنگی داهاتوو، یەکەم جەنگ نیە
پێشتریش دوا جەنگ کۆتایی هات،
چەندین جەنکیتر کراوە،
کاتێ دوا جەنگ کۆتایی هات، سەرکەوتوو و ژێرکەوتوو هەبوو،
بەرەیِ‌اوەکان خەڵک برسی بوون،
لە بەرەی سەرکەوتووانیش خەڵک برسی بوون،

کاتێ وەختی پێشڕوی دێت،
زۆر کەس نازانن،
دوژمنەکانیشیان لەگەلیاندا بۆ پێشەوە پیچشرەوی دەکەن،
ئەو دەنگە کە فەرمانیان پێدەدا
دەنگی دوژمنەکانیانە و
ئەوەی باسی دوژمن دەکات
هەر خۆی دوژمنەکەیە.
لەسەر دیوار،
لەسەر دیوار نووسراوێک هەیە بە تەباشیر نووسراوە:
ئەوان جەنگیان دەوێت،
ئەوەی نووسی،
کوژرا.
وەرگێر بۆ عەرەبی: الدکتور عبد الغفار مکاوی

**کاتێ جیڤارا شەهید دەبێت، شاعیر(لیون فیلیبی) ئەم شیعرەی بۆ دەنووسێت:**
**ئەی مەسیح من خۆشتمدەوێت،**

نا لەبەر ئەوەی لە ئەستێرەیەکەوە دابەزیت،
بەڵکو لەبەر ئەوەی فێرتکردم کە مرۆڤ
فرمێسکی بەئازاری هەیەو،
کلیلی پیرۆزکرنی بە رووناکی پێیە،
بەڵێ
تۆ فێرت کردم کە
مرۆڤ خودایە،
وەک تۆ مرۆڤێکی هەژارە و لە خاچدراوە
هەروا ئەوەی لە چەپتەوە راوەستاوە
لە رێگای هاوار
لە چنگ دزێکی شەڕەنگێز
کە ئەمیش خوداوەندە.

بۆ عەرەبی، لە نووسینێکی  لینا الحسینی

## گۆرانی(من مۆسیقای بلویز بۆ دەژنم)
## لەلایەن(Daniel Castro)

کاتێ تۆ هەست بە روخان دەکەیت و
بەڕاستی قوولّ بریندار کراویت،
وەرە بۆ شوێنی کارکردنەکەم و،
من هەولّدەدەم هەموو هەست بە تەنهاییت
هێوربکەمەوە،
من مۆسیقای(بلویز)ت بۆ دەژنم.
ترست نەبێت، وەرە ژوورەوە،
لەوانەیە چەند برادەرێکی کۆنت ببینیت.
من هەولّدەدەم هەموو هەست بە تەنهاییت
هێوربکەمەوە،
من مۆسیقای(بلویز)ت بۆ دەژنم.
ئەوە ناو و ئەستێرەیەکی گەورە نیە،
من بە جیتارەکەم(بلویز)ت بۆ دەژنم و
من هەولّدەدەم هەموو هەست بە تەنهاییت
هێوربکەمەوە،
من مۆسیقای(بلویز)ت بۆ دەژنم .

## کاتێ تەماشای خۆم دەکەم، لەخۆم تێناگەم
## لە شیعری فرناندۆ پیسوا

کاتێ تەماشای خۆم دەکەم، لەخۆم تێناگەم.
بەهۆی زۆری خوگرتنم بە هەستکردن،
هەندێجار هەناسەی سارد هەڵدەمژم،
کاتێ ئەو هەستکردنانە بەجێدەهێڵم کە هەستیان پێدەکەم.

ئەو بایەی هەڵیدەمژم و ئەو مەیەی دەخۆمەوە،
بەشی مننن لەم بوونە و،
هەرگیز هیچ نازانم، تەنها بە ئەنجامگیری ئەو هەستانە کە دەیانزانم
بەدەر لە ویستی خۆم و، درکیان پێدەکەم.

بەراستی هەرگیز سەرەنجم نەداوە کە
من هەستمکردووە بەوەی هەستی پێدەکەم، ئایا ئەوە منم،
من هەروەک ئەو شێوەیەم کە لە ناخمدایە؟ منم؟
هەروەک پێموایە لە راستی؟
من تەنانەت لەبەردەم هەستەکانیشمدا، کەم بڕوا دیارم،
تەنانەت درک ناکەم بەوەی کە من ئەو کەسەم لەناخمدا هەستدەکات.
کلاودیا، کاتێ تۆم ون کرد، هەردوکمان دۆڕاین:
من، چونکە تۆ بووی، کە لە هەموو شتێک زیاتر خۆشدەویست،
و تۆ، چونکە من بووم کە تۆم زیاتر خۆشدەویست،
بەڵێ، لەهەردوو حاڵەتەکە، هەر تۆ زیاتر دۆڕاوی:
چونکە من دەتوانم یەکێکی تر خۆشبوێت، وەک چۆن تۆم خۆشویست،
بەڵام هیچ کەس ناتوانێ وەک من، تۆی خۆش بوێت!

## شاعری نیکەراگوایی  ئێرنیستۆ کاردینال

کلاودیا، کاتێ تۆم ون کرد، هەردوکمان دۆڕاین:
من، چونکە تۆ بووی، کە لە هەموو شتێک زیاتر خۆشدەویست،
و تۆ، چونکە من بووم کە تۆم زیاتر خۆشدەویست،
بەڵێ، لەهەردوو حاڵەتەکە، هەر تۆ زیاتر دۆڕاوی:
چونکە من دەتوانم یەکێکی تر خۆشبوێت، وەک چۆن تۆم خۆشویست،
بەڵام هیچ کەس ناتوانێ وەک من، تۆی خۆش بوێت!

## شاعری نیکەراگوایی  ئێرنیستۆ کاردینال
## گۆرانی  بۆبۆلینا گاگارینا

خۆشەویستی لە شوێنێک دەژی
من وشەکان نابیستم و لە ماناکانیان  تێناگەم،
قوفڵی روح داخراوە و لەمەودوا رزگارکردن نیەو
لەگەل هاتنی تاریکایی، دووبارە دەکەمەوە بە کنار،
لەبەرزاییە بۆشەکاندا بەرزدەفڕم،
بەتەواوەتی بەتەنها و میلی ناو کاتژمێرەکە راوەستا.
لە خەونبینین هەڵدێم، بەڵام کلیلێک نیە
بۆ کردنەوەی قەفەزی تاریک.
پێوایە بەو شێوەیەیە کاتێ لەبیرم دەکەیت.
بۆ هەمیشە لە دیلی دەربازدەبم- ئازاد دەکرێم-
بۆ شوێنێک کە تێدا خۆشەویستی بۆ ئێمە بژێ.

ئاسمان هەڵدێرێک دەکاتەوە لە چاوی شین
کات وەک بەفردەیبەستێت- هەلمان بۆ دەرەخسێنێت-
وەک یەکەمین جار.
رووناکی لە پەنجەرەکە وە بە تیشکی گەرم بێدار دەبێت.
هەر ئەڵێی ورێنەی دیداریمانە،
هەر ئەڵێی شەو بە چرکەیەک لەگەلمدا شێت بووەو،
پاشان تۆم بینی
لە شوێنێک خۆشەویستی بۆ ئێمە دەژێ.
شوێنێک کە تێدا خۆشەویستی بۆ ئێمە بژێ.
ئاسمان هەڵدێرێک دەکاتەوە لە چاوی شین
کات وەک بەفردەیبەستێت- هەلمان بۆ دەرەخسێنێت-
وەک یەکەمین جار.

## گۆرانی (پاشان کاسترو هات)

لێرە وایاندەزانی کە دەتوانن درێژە بدەن بە 100% دەستکەوتەکانیان
لەناو خانوو و تەلارە کرانبەهاکانیان و
گەلیش بناڵێنێ.
وایان دەزانی دەتوانن هەروا درێژە بە شێوازە کۆنەکەیان بدەن ولە دژی گەل پیلان بگێڕن
بۆ درێژەدان بە چەوسانەوە،
بەڵام پاشان کاسترو هات و خۆشێکەیان کۆتاییپێهات.
فەرماندە گەیشت و فەرمانی راگرتنیانی دا.
خۆشییەکەیان کۆتایی هات.
لێرە وایاندەزانی دەتوانن درێژە بدەن بە قوتتدانی هەرچی زەوی هەیە،

نەیانزانی لە سیرا مایستراوە دوارۆژێکی پرشنگدار هەڵدێت.
لێرە وایان دەزانی دەتوانن درێژە بدەن بە شێوازی کۆنی دڵ قایمی و نەریتە
تاوانبارەکەیان بۆ ئەوەی کوبا بکەن بە بنکەی قومار،
بەڵام پاشان کاسترۆ هات و،
وتی دز و لەیاسا لادەران و چەتەکان وڵاتیان وێران کردووە،
و دەیانەوێت درێژەبدەن بە شێوازە کۆن و شەرمەزاری و
یاریە دیموکراسییەکەیان و خەڵکیش بە میحنەتەوە لەسەرەمەرگدابن
و خۆشیان لەسەر شێوازە کۆنەکەیان درێژەی پێبدەن
بە کەمتەرخەم و
بە چۆنایەتی لەگەل
دزیکردن وەک بنەمایەکی گشتیان،
پاشان کاسترۆ هات.
گۆرانی(کێڵگە بچووکەکەم(
کێڵگەکەی(پۆلیشکۆ(
کێڵکەکە(پۆلیشکۆ(
کێڵگەیەکی فراوانە
قارەمانەکان ئەسپسواری دەکەن؟
ئۆ، قارەمانەکانی لەشگری سوور.
کچان دەگرین و
ئیمرۆ خەمبارن،
عەزیزەکەم دەمێکە رۆیشتووە،
ئۆ، عەزیزەکەم  بۆ لەشکری سوور رۆیشتووە.

کیژان دەڕوانن
چاو بە رێگاکەمان دەگێڕن
رێگایەکی درێژ و پێچاوپێچ
ئەرێ رێگایەکی سەرەنجڕاکێش

ئێمە ئەسپسواری دەکەین، ئەسپسواری و
ئەڕۆین و بەدەوری هەرەوەزییەکانی کشتوکاڵی کچان
بۆ کاری هەرەوەزی کچان
ئەریّ ئاواییە جوانەکانمان

ئێمە تەنها دەبینین کە
هەورێکی بۆر دەبینین
دوژمنانی تورەیی لە دارستان
ئۆ دوژمنی خراپەکاری وەک هەورێکە.

کچان تەماشا دەکەن
ئێمە ئامادەین بۆ بەرەنگاری دوژمن
ئەسپەکانمان توند غاردەدەن
ئەریّ تانکەکانمان خێران.

لەئاسماندا هەورە
فڕۆکەوانە ترسناکەکان چاودێری دەکەن،
)ژێردەریا)ییەکانمان خێرا دەڕۆن.
پاپۆڕەکان چاودێری دەکەن.

پشت بە هەرەوەزییەکان ببەستن
بە خرۆش و دۆستانە کاردەکەن
ئێمە ئیمرۆ پاسەوانی دەکەین
ئۆ، ئێمە ئیمرۆ یەکەی پاسەوانین.

کچان تەماشا دەکەن
کژان فرمێسکەکانیان دەسڕنەوە،

لێگەڕێن گۆرانیەکە بەرزتر بێت
ئەریَ، گۆرانیەکانمان خەبات دەکەن!
کێڵگەکەی (پۆلیشکۆ)
کێڵگەیەکی فراوانە
قارەمانەکان ئەسپسواری دەکەن؟
ئۆ، قارەمانەکانی لەشگری سوور .

## کوێلە یان ئاغا
## (گۆرانیەکی بەناوبانگی ئیتالی)

خەڵکینە گویَ بگرن
ئێوە ئەی کەسە دوور و نزیکەکان
ئەی ئەوانەی وا تەنها گۆرانیە بەهیواکانتان هەس
ئێوە دەمێکە چاوەڕوانی خۆشبەختی دەکەن
ئەگەر بۆی بگەڕێن، تاقە دانەیەکتان دەستناکەوێت.
ئەی ئەوانەی وا ئەم دەریایە سەرسامتانی کردووە
رۆژ بەشی ئەوانە ناکا تکە بۆ سبەینیَ خۆان بەخت دەکەن و
ئەو شەمەندنەفەرە کە نیاز وابوو بەرەو مانگ بتانبات
کوێرانە ئاراستەکەیان بەرەو ئەو بارەگایە گۆڕی
ئەدی چۆن هێشتا هاواردەکەن: بژی ئیتالیا؟
ئێوە بە بیَ کیان دەژین و هەردەم لەناو کێشەو گرفت
بە خۆشی شەکرە کە هیچناوتانە بەسەر خۆتان، گیانلەدەستدەدەن
کوێیلە یان ئاغا
ئەم دەستە لە پێناو تۆیە

تۆ هەناسەیەک دەکێشی و پاشان دەستی نووسین دەگریت
کویلە یان ئاغا، ئیدی وایە
ئەی ئەوانەی وا سەبارەت بە ژیان دەخوێنن
هەرچی دەخوێنن تەنها وشەن
ئامێرن ولە دوورە فەرمانڕەوایی دەکەن و کەناڵە تەلەفزیونەکان
ئەی خەڵکینە گوێ بگرن،
ئێوە ئەی خاوەن شان و باڵی ماندوون
ئەی ئەوانەی وا لەکاتی کارکردن خەون دەبینن
لەناختان هەر باسی ئازارەو ئازادیتان زەوتکراوە
سەرۆکیش ئێوەی لە ریزەکاندا گەمارووداوە
ئەی چۆن هێشتا هاوار دەکەن: بژی ئیتالیا؟
ئێوە بەبێ گیان دەژین و لەناو کێشە و گرفتەکان دەژین
ئەی چۆن هێشتا هاوار دەکەن: بژی ئیتالیا؟

## کوێرم بکە
## شیعری راینەر ماریا ریلکە

کوێرم بکەی: من دەتوانم بتبینم
گوێچکەکانم دابخەی: دەتوانم بتبینم و،
دەتوانم بەبێ پا بۆ لای تۆ بێم،
بەبێ دەم، دەتوانم سوێندت بۆ بخۆم،
دەستەکانیشم بشکێنی،
دەتوانم بە دڵم، وەک دەستێکم، بتگرم،
ئەگەر دڵم دابخەی، مێشکم لێدەدات،
ئەگەر ئاگر لە مێشکم بەربدەی،
ئا بەو شێوەیە بەسەر خوێنەکەم هەڵتدەگرم.

## کورتە شعری شاعری کەنەدی (روپی کور)

1

هەموو مانگێک خوێنم لێبەردەبێت،
بەڵام نامرم،
ئیدی چۆن نەبم بە جادوکەر.

2

خۆشەویستی دڵڕەق نیە،
ئێمە دڵڕەقین،
خۆشەویستی یاری نیە،
ئێمە کردووەمانە بە یاری.

3

من مۆزەخانەیەکم پڕم لە هونەر،
بەڵام تۆ چاوەکانت داخستووە.

4

تەماشام دەکەیت و فرمێسک دەڕێژی،
هەموو شتێک بەئازارە،
لە ئامێزت دەگرم بە گوێتدا دەچرپێنم،
بەڵام هەموو شتێک چارەسەر دەکرێت.

5

لە شەوی پاش ڕۆیشتنت،
بە گیانی شکاوەوە بێداربوومەوەو،
تاقە شوێن بۆ دانانی پارچەکان،
ئاوساندنەکانی ژێر چاووم بوو.

6

سوودی چییە گەر منت خۆشبوێت یان لەدەستم بدەی یان،
پێویستیت بە من بێت،
کاتێ هیچ نەکەی بۆ ئەوەی
لە تەنیشتم بیت.
ئەگەر من نەکەی بە خۆشەویستی ژیانت،
ئەوا منیش لەهەمبەریدا ئەبم بە دۆڕاندنی ژیانت.
7
ئەگەر من بە لاوازی ئەفرێندرام
بۆ ئەوەی بکەوم،
ئەوا هەروا لەدایکبووم و
هێزم پێیە تا هەستمەوە.
8
تۆ بە رۆیشتنت بەهەڵەدا نەچووی،
من هەڵەمکرد بۆ گەڕانەوەکەت و،
بیرکردنم کە تۆ دەتوانی منت هەبێت،
کاتێ ڕێگەتپێدەدرێ و
بەجێمدەهێڵیت کاتێ
ڕێگەتپێنادرێت.
9
چەند بەهێزە دڵی مرۆڤ،
جار لە دوای جار وێرادەکرێت،
لەگەل ئەوەشدا هێشتا هەر دەژێت.
10
شێوازی بەجێهێشتنەکەیان
هەموو شتێکت پێدەڵێ.
11
کە دەتبینم

سەرلەنوێ لەناو خەمدا نغرۆدەبم.
12
جەستەت مۆزەخانەیەکە بۆ
کارەساتە سرووشتیەکان
تۆ دەتوانی تێبگەیت لەوەی
کە ئەمە چەند سەرسووڕهێنەرە.
13
هەرجارێک بە کچەکەت دەڵێی،
بەبێ خۆشەویستی هاواری بەسەر دەکەیت
فێری دەکەیت
چۆن تووڕەیی و بەزەیی بەیەکەوە تێکەڵ بکات و،
کە بە روکەشی دەردەکەێت بیرۆیەکی باشە،
تا گەورە دەبێت و متمانەی بە پیاوانێک دەبێت
ئازاری دەدەن،
چونکە زۆر لە تۆ دەچن.
14
کاتێ تورە دەبم،
هاوار ناکەم، بەڵکو دەسووتێم،
تۆ هەر دەبێ بمبینیت کاتێ دڵم دەشکێت،
خەمبار نابم، بەڵکو وێران دەبم.
15
پەنجەکانتم بەدەوری قژم پێچایەوەو
سەرنجتم راکێشا
بەم شێوەیە
مۆسیقام لێ دەردەچێت.
16
پشتمان

چیرۆکەکان دەگێڕنەوە،
کتێبەکان بڕبڕەی پشتیان نیە بۆ
هەڵگرتنیان.
17
بە فێڵ
هێزی دڵ و روحم بەکاردەبەیت و
هێشتا پێشبینیش دەکەیت
خۆشی ببینم.
18
زمانم درێژە بەهۆی ئارەزووم
بۆ لەدەستدانت.
19
بە خۆشەویستی بۆ خۆم
فێردەبم چۆن خۆشیمبوێت.
20
تۆ دەبێ داوا بکەی
ئەوەی لە ژیانت ماوە،
یەکەمجار لەگەل خۆت بەسەرببەیت.
21
تۆ زۆر درێژدڕی دەکەیت
ئەو بە گوێمدا دەچپێنی،
دەتوانم بیربکەمەوە لە
باشترین رێگا بۆ بەکارهێنانی ئەم دەمە.
22
هەموو شۆڕشێک
بە لێوەکانی دەستپێدەکات و کۆتایی پێدێت.

23

پێمدەڵێت ئێستا هێمن ببەوە،
چونکە بۆچوونەکانم لە جوانیم کەم دەکاتەوە،
بەڵام چارەیەکم نیە بۆ
ئاگرکەوتنێک لە ناو سکم،
بۆیە ناتوانم بیکوژێنمەوە.
هیچم پێناکرێت بەو سووکیەکلە سەر زمانم،
تا بتوانم قوتی بدەم،
چونکە وای کرد تیژبێت،
نیوەی تیغە و نیوەکەیتری هەورێشمە،
لەبیرچوونەوە سەختەو بەدواکەوتنیش بۆ عەقڵ
ئاسان نیە.

24

دەبوو بزانێت کە من ئاگرم
قەت تێنەگەیشتم لەوەی
بۆچی لەگەڵم ماویتەوە،
ئەگەر لە گەرمی دەترسیت.

25

بە چپەوە وتم بمێنەوە
کەچی تۆ
دەرگاگەت داخست.

26

ئەوەی هەمە، هەمە و
و شادمانم،
دۆڕاندت
و زۆریشت دۆڕاند و،
منیش هێشتا هەر شادمانم.

27
جیهان زۆر ئازارت
پێدەداتی و،
وا تۆش لێرەی،
ئاڵتونی لێوە دەردەهێنیت.
28
پێیان بڵێ کە من
گەرمترین شوێن مکە
ناسیوتە
و تۆ منت کرد بە شەختە.
29
هیچ یەکمان دڵخۆش نین
هیچ یەکمان نایەوێت بڕوات
لەگەل ئەوەشدا هەردووکمان
پێدادەگری دەکەین لەسەر هیلاککردی یەکتری و
ناومان لێناوە
خۆشەویستی.
30
تۆ پێویستیت بە دایکە،
پێوویستیت بۆ هەر یەکێکە،
لەوەدا جیاوازی هەیە .

بۆ عەرەبی: الدكتور محمد عبدالحليم غنيم

## گۆرانی (زەمین)

چی بکەین لەگەل رۆژهەڵاتن؟
ئەی باران چی؟
چی دەڵێی سەبارەت هەموو ئەو شتانە
کە وتت ئێمە دەبێ سەربکەوین؟

ئەی ئەو کوژرانەی گۆڕەپانەکانی چەنگ بۆ چییە؟
ئایا هێشتا کاتێک هەیە؟
ئەی چی لەبارەی هەموو ئەو شتانە دەڵێی کە
وتت موڵکی من و موڵکی تۆیە؟

ئایا تۆ قەت لە سەرنجدان راوەستاویت کە
پێشتر چەند خوێنڕشتن کراوە؟
ئایا تۆ قەت لە درککردن راوەستاویت کە چۆن
ئەم زەمینە چۆن دەگرێ و گریانی کناری دەریاکان؟
ئائائائائائا
ئۆئۆئۆئۆئۆئۆ

ئێمە چیمان بەسەر ئەم زەمینە هێناوە؟
تەماشا بکە، بزانە چیمان بەسەری هێناوە
چی لەو هەموو ئاشتییە هات کە
تۆ بەڵێنت بە تاقە کوڕەدا دا؟

چی لە گەشەی ئەو کێڵگانە؟
هێشتا کات ماوە؟

چی لەو هەموو خەونانە بکەین کە وتت
خەونی منە و خەونی تۆ؟

ئایا پێشتر راوەستاویت لە سەرنجدان لەو
هەموو منالانە کە لە جەنگ کوژران؟
ئایا تۆ راوسەتاویت لە سەرنجدانی
گریانی زەمین و ئەم گریانەی کناری دەریاکان؟
ئائائائائائا
ئۆئۆئۆئۆئۆ
من هەمیشە خەونم دەبینی و
تەماشای پشتی ئەستێرەکان بکەن
ئێستا نازانم ئێمە لە کوێین
گەرچی دەزانم ئێمە زۆر دوور رۆیشتووین.
ئائائائائائا
ئۆئۆئۆئۆئۆ
بەراست، دوێنێ چی بوو؟
ئەی لەبارەی خۆمانەوە؟
ئەی لەبارەی دەریاکان؟
)ئەی خۆمان)؟
ئاسمان دەڕوخێت
(ئەی ئێمە چی؟)
من تەنانەت ناتوانم هەناسەش بدەم
(ئەی ئێمە؟)
ئەی ئەم پشتگوێ خستنە؟
(ئەی ئێمە؟)
من پێویستیم بە تۆیە
)ئێمە چی کەبین؟(

ئەی بەهای سرووشت چەندە؟
)ئۆۆ(
سرووشت منالّدانی ئەستێرەکەمانە
ئەی ئاژەڵەکان؟
)ئەوانە چی؟(
ئێمە مەملەکەتەکانمان تەخت کرد
)ئێمە چی ئەکەین؟(
) ئەی فیلەکان؟(
ئایا متمانەیانمان لەدەستدا؟
)ئێمە چی ئەکەین؟(
چی بە گریانی نەهەنگەکان بکەین؟
ئێمە دەریاکان وێران دەکەین
)ئەی ئێمە چیمان بەسەر دێت؟(

لە پیرۆ باران دەبارێت
شیعری خوسێە لویس ئەیالا

لە پیرۆ باران دەبارێت و،
لە دڵیشم دوکەڵی لێدەردێت،
لە چاوانی وڵاتی دوور دەبارێت و،
لەسەرشانیشیدا ئۆستایانی خشتسازی،
ددانم لە نۆستالژیەوە لێکدەدەن.
لە ئەمریکا باران دەبارێت،
لە کاتی منداڵیمدا و لەو ئاگردانانە کە زارۆکان گەرم دەکاتەوە،
ئەوانەی کە با ئارەزوو دەکات گەر بتوانێت بیکوژێنێتەوە،
لە ئاوایيە دووردەستەکان باران دەبارێت و،
فرمیسکەکانیشم بەرەو  بەردەڵانییەکان ملدەنێن.

باران دەبارێت و لە بارینداا بەسەر زەمینی دایک راناوەستێت،
بەڵام ئەم بارانبارینە بێکۆتاییە،
هەرگیز  رووی لەخوێناوێن پۆشراوی پیرۆ لەبەین نابات .

بۆ عەربی: ولید السویرکی

## سروودی ئەم دڵە قەت بێدەنگ نابێت

بای ئاگری خەبات
گەرمی و گەرمی بڵاودەکاتەوە.
چیاکانی پشت سونبولەکان
وەکو گەنم بەبەرن.
چیاکانی پشت سونبولەکان
وەک گۆماو دەبرسکێنەوە
کێ وتی مەرگ بۆ ئێمەیە؟
دڵی خۆشک و براکانمان هەر لێدەدا.
کێ وتی مەرگ بۆ ئێمەیە؟
دڵی خۆشک و براکانمان هەر لێدەدا.
کێ وتی مەرگ بۆ ئێمەیە؟
دڵی خۆشک و براکانمان هەر لێدەدا.
هەی
مردن بۆ ئێمە نیە
مردن بۆ ئێمە نیە
مردن بۆ ئێمە نیە

ئەم دڵە هەرگیز لە کوتان ناکەوێت.
بای ئاگری خەبات
گەرمی، گەرمی بڵاودەکاتەوە.
چیاکانی پشت سنبولەکان
وەک گەنم بەبەرن.
رووبارەکان
روو و گەشە
کێ وتی مەرگ بۆ ئێمەیە؟
دڵی برا و خوشکەکانمان هەر لێدەدا
کێ وتی مەرگ بۆ ئێمەیە؟
دڵی برا و خوشکەکانمان هەر لێدەدا
مەرگ بۆ ئێمە نیە
مەرگ بۆ ئێمە نیە
مەرگ بۆ ئێمە نیە

ئەم دڵە هەرگیز بێدەنگ نابێت
مەرگ بۆ ئێمە نیە
مەرگ بۆ ئێمە نیە
مەرگ بۆ ئێمە نیە
ئەم دڵە هەرگیز بێدەنگ نابێت

## لەناوڕاستی گوڵەکانی باخچەکە بیرم ناکات
## لە شیعری ئوفانیش شیراز-ئەرمەنستان

لەناوڕاستی گوڵەکانی باخچەکە بیرم ناکات،
ئەگەر دڕک لە دەستت چەقی- بانگم بکە، من دێم!
لە ڕۆژێکی روون و خۆردار بیرم ناکات،
ئەگەر ئاسمان هەور گرتی- بانگم بکە، من دێم!
لە هەرکوێ بێت، ڕێگاکەشی بۆ هەر کوێ بمبات،
کاتێ هەست بە بەڵایەک دەکەی-بانگم بکە، من دێم!

بۆ عەرەبی: ابراهیم استنبولی

## ماڵئاوایی
## لە شیعر کاڕڵ مارکس

لەسەر چیاکە قەڵایەک هەیەو
لەوێ کچ خزمەتکارێک دەژێ و،
لە دووریدا، گەنجێک
هەوڵی بۆ دەدا.

کچەکە لە گەلیدا میهرەبان بوو،
بەڵام کوڕەکە ناچاربوو بڕوات و،
لەکاتی ماڵئاواییدا لە
خۆشەویستەکەی کرد.

سالآنێک دێن و
تۆ هیچم لێ نابیستی
بەڵام خۆشەویستیت لەناو دڵمدا
بۆ هەمیشە دەمینێت.

ماڵئاوا،- نەک بۆ هەمیشە-،
ئەستێرەی ئێواران بریسکە دەدەنەوە و
خۆشەویستی زیاتردەبێت کاتێ ژیانیش بۆ پێشەوە دەڕوات .

## ماڵئاوایی
## لە شیعر کارڵ مارکس

لەسەر چیاکە قەڵایەک هەیەو
لەوێ کچ خزمەتکارێک دەژێ و،
لە دووریدا، گەنجێک
هەوڵی بۆ دەدا.

کچەکە لە گەلیدا میهرەبان بوو،
بەڵام کوڕەکە ناچاربوو بڕوات و،
لەکاتی ماڵئاواییدا لە
خۆشەویستەکەی کرد.

سالآنێک دێن و
تۆ هیچم لێ نابیستی
بەڵام خۆشەویستیت لەناو دڵمدا

بۆ هەمیشە دەمینێت.

ماڵئاوا،- نەک بۆ هەمیشە-،
ئەستێرەی ئێواران بریسکە دەدەنەوە و
خۆشەویستی زیاتردەبێت کاتێ ژیانیش بۆ پێشەوە دەڕوات .

## گۆرانی (Mini world) لەلایەن ئەندیلا

لێمگەڕێ خەون ببینم
لێمگەڕێ بڕوا بکەم بەوەی دەیڵێم
کە ئێمە دەتوانین چیرۆکەکە بگۆڕین
ئایا بەڕاستی ئێمە ئازادین، چونکە
دەتوانین بفڕین
لێمگەڕێن
من هەست بە خنکاندن دەکەم
لەم بچووکە، لەم جیهانە بچووکە، لەم بچووکە
وادەزانم من بە هێواشی هەنگاو دەنیم
هێشتا خەون بەوە دەبینم کە
ئێمە بەهەمان ئاواز گۆرانی دەڵێین
من لێیان تێناگەم
بەڵام داخۆ مەبەستیان چییە؟
من بۆچی ساردم
ئایا ئەمە مەرگە
بەڵام ئەگەر رزگاربوونم دەوێت
ئەوا دەبێ قبول بکەم و

بەدوای هەموویان بکەوم و
لە حەقیقەتم دەربچم
لەم بچووکە، لەم جیهانە بچووکە، بچووکە
وادەزانم من بە هێواشی هەنگاو دەنیم
لەم بچووکە، لەم دنیا بچووکە، بچووکە
ئێمە بەهەمان ئاواز گۆرانی دەڵێین
کەواتە، هەموو رۆژێک دەڕۆم
هەموو چرکەیەک دەمرم
هەموو کات هەستدەکەم ژیان نا مینێت و
ئاسۆی دوور بە هەندێ نۆتەی مۆسیقا، دەیبات
گۆرانی هیوا دەڵێم
بۆ ئەوەی ژیانم ئەفسوناوی بێت
لەم بچووکە، لەم جیهانە بچووک، بچووکە
وادەزانم من بە هێواشی هەنگاو دەنیم
لەم بچووکە، لەم جیهانە بچووک، بچووکە
هێشتا خەونم بەوە دەبینم کە ئێمە بەهەمان ئاواز گۆرانی دەڵێین

## گۆرانی فەرەنسی

## ماڵئاوا

بەتەنها دەڕرۆم
بێ ئەوەی بزانم بەرەو  کوێ دەڕۆم
چەکەکانم بەدەستەوە دا
بەڵام لە ئاشتیدا ناژێم
وای پیشان دەدەم کە حاڵم باشترە

و لاپەڕەکانم داخست
پیاو ناگریت، بەتایبەتی لە تەمەنی من
شەوەکانم بە خواردنەوە پەرداخی مەیی خەمباری بەسەر دەبەم
لەشەقامەکاندا هاوسەنگی ڕێکردنم لەدەستداوە
هاواردەکەم خۆشتم دەوێت
جمێن بە ژیان و هەموو بەڵێنەکانی دەدەم
چونکە تۆ وڵامی هەموو هاوارەکانی فریاکەوتنم نادەیتەوە
بۆ هەمیشەماڵئاوا یی دەکەم
لە یادەکانمان لە بەندەرەکە
لە هەردووکمان
لە رابردوو
لە ژیان
ئەگەر نەجاتمبێت
ئەگەر نەجاتمبێت
تۆ ئەزانیت، من چاکدەبمەوە لەهەموو ئەوانەی
بۆ منت بەجێهێشت
لە هەموو درۆکانت
لە چیرۆکە دڵرەوێنەکانت
ئەوە پێویستی بە کات دەکات
بەڵام سوێندت بۆ دەخۆم
باشتر دەبمەوە
تۆ ئەتوانیت هەمان شتم پێ بڵێی
کاتێ بیر لە هەردووکمان دەکەیتەوە
من نامەوێت
لە شوێنی تۆ بم
کاتێ لەبەردەم ئاوێنەکەتدا فرمێسک دەڕێژیت
کاتێ بیر لە هەردووکمان دەکەیتەوە

بۆ هەموو خۆشەویستییەکەم
بێزت لەوانە دەبێتەوە کە ئاشقت بوون
ئەوانەی بەجێیان هێشتی
ماڵئاوا
بۆ هەمیشە
لە یادەکانمان لە بەندەر
لە هەردووکمان
لە رابردوو
لە ژیان
ئەگەر نەجاتمبێت..ئەگەر نەجاتمبێت

## ماڵئاوایی لە وانج وی
## شیعری مینج هاوران

لەوێڕا بەهێمنی زۆر چاوەڕوانیم کرد
رۆ ژلە دوای رۆژ،
بەڵام ئیتر من دەبی بگەڕێمەوە،
ئێستا دەبێ بڕۆم بۆ گەڕان بەدوای گژوگیای بۆندار،
بەڵام من خەمبارم بۆ دوورکەوتنم لە هاوڕێیەکی کۆنم
کێ لەوێیە لە رێگاکە هاوکاریم بکات؟ِ
من تەنها دەبێ تێڕابمێنم لە تەنهایی خۆم و
دەرگا ماڵە کۆنەکەم دابخە.

وەرگیران بۆ عەرەبی: مونیر یەزید

**گۆرانیەک بۆ شەهیدکردنی شیوعی و ئەنتی ئیمپریالیست(دێنز کوزمیش) کە لە ساڵی 1972 لەلایەن حکومەتی فاشیستی تورکیا لە سێدارە درا**

ماڵئاوا براکەم
وا ئێمە دێین و دەڕۆین
ماڵئاوا دێنزی برام
ئێمە نەختێک لێیەوە فێربووین
بەخێربمێنی براکەم دێنز
کەمێک خوێی(لاجوردی(
دێنیزی برادەر بەخێربمێنی
نەختێک زیاتر لە بێکۆتایی
بەخێربمێنێ براکەم دێنز
نەختێک خەمباری
بەخێربمێنی براکەم دێنز
تۆ نەختێک باست بۆ کردین
بەخێربمێنی براکەم دێنز
چارەنووسی دێنزەکان
بەخێربمێنی براکەم دێنز
ئێمە نەختێک پڕ ئومێدبووین
ماڵئاوا براکەم دێنز
ئێمە تۆزێک پیاوتربووین
بەخێربمێنی براکەم دێنز
ئێمەلێرەین و دەڕۆین
بەخێربمێنی براکەم دێنز

## نوێژ
## لە شیعری مرتا بابدوبولوس

تۆ ژنە شاعیرەیەکی
تۆ خانمە شۆڕشگێڕێکی
پەرەییەکی پاسەوانی دەکەی
لەرێگا مەترسیدارەکان کە
هەڕەشە لە روح دەکەن.
منیش لەگەل خۆتدا ببە و
لێرە بەجێم مەهێڵە
من دەترسم!

دنیا تەژیوە لە لانەوازان و یاخی و
دووڕوو و پەیوەندی پەرژەوەندخوازەکان
قیزەوەنی دنیای پۆشیوە،
گوللە ناپاکی و
قوربانیان،
چەند زۆرن کوژراوەکان و
ئەوانەی لەگەل تەرمەکانیان دەڕۆن!
تۆ ژنەشاعرێکی
گۆرانی وشەکانت
بەسنوور ناپێورێت و،
لەنێو پەنجەکانت گوڵی دەشتەکان سەوزدەبێت و
چۆلەکەکانی ئازادی.
فرمێسکی جیهان ببە

تا پەپوولەکانی پرژانگەکانت تینوو ببن و
چاوەکانت تابلۆیەکی نوێ بۆ دادپەروەری بکێشن.

بۆ عەرەبی: غادە البندک

## هۆنراوەی(سەنگەر) لەلایەن ئەرنیستۆ کاردینالْ

ئەرکی هەمووان بوو
ئەوانەی رۆیشتن بەبێ ئەوەی ماچی دایکیان بکەن،
ئەوانەی دەیازانی سەرهەڵدەگرن،
ئەوانەی بۆ دواجار ماچی خۆشەویستەکانیان کرد،
ئەوانەی باوشیان دەکردەوە بۆ لەئامێزگرتن،
ئەوانەی داپیرەکانیان کە جێگرەوەی دایکیان بوون و پێیانیان دەوت:
دەگەڕێمەوە، جامانەکانیان لەسەر کرد و نەگەڕانەوە،
ئەوانەی سالانێک لە چیاکان ژیانیان بەسەر دەبرد،
ساڵێک لە حەشارگەکانی ناو شار کە لە چیا ترسناکتر بوون،
ئەوانەی وەک تەتەر لەسەر رێگا بەسێبەرەکانی باکوور خزمەتیان دەکرد
یان هەموو شەوانێک وەک شوفێر لە(ماناگوا)یان گواستنەوەی پارتیزانەکان کاریان
دەکرد،
ئەوانەی لە دەرەوە چەکیان بۆ پارتیزانەکان دابیندەکرد،
ئەوانەی لە دەرەوە بە ئالا و هاوار خۆپیشاندانیان رێکدەخست،
یان پێشێلی فەرشی ژووری سەرۆکەکانیان دەکرد،
ئەوانەی بە هاواری ئازادی وڵات یان مەرک
هێرشیان بۆ سەر سەنگەرەکانی دوژمن دەبرد،

ئەو گەنجانە کە بە دەمامکەوە لە سوچێکی شەقامە ئازادکراوەکان چاودێریان دەکرد،
ئەو منداڵانە کە بەردی شەقامەکانیان دەردەهێنا- بازرگانییەکی سۆمۆزا بوو-
تا بیانکەن بە سەنگەر بۆ ئاواییەکان
ئەوانەی قاوەیان دەگەیاند بەو گەنجانە کە لە سەنگەرەکان راودەوەستان،
ئەوانەی ئەرکە گرنگ یان ئەرکە ناگرنگەکانیان ئەنجام دەدا،
هەمووی ئەرکی هەمووان بوو،
راستییەکەی ئەوەیە هەموومان بەردمان لەسەر مەتەرەسە گەورەکە ریزدەکرد،
هەمووی ئەرکی هەمووان بوو... هەموو گەل یەکگرتوو بوو و سەرکەوتین.
بۆ ئەو شەهیدانە کە شەهیدی ئێمەن:
کاتێ بۆ کۆبوونەوە یان خەڵات و پلەبەرزکردن بانگێژت دەکەن،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ لە هۆڵی پێشوازیکردنی لە شاندێک یا لیژنەیەک،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ لە هەڵبژاردن سەردەکەویت خەڵک پیرۆزباییت لێدەکەن،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ لەگەل سەرکردەکان، بە چەپڵەرێزانەوە بۆ وتاردان سەردەکەویت،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ لەشارە گەورەکان رێگای فرۆکەخانە دەدۆزیتەوە،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ لەپێش مایکرۆفۆنی و کەناڵەکانی تەلەفزیون فۆکۆست لەسەر دەکەن،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ دەبیت بە کەسێک بڕوانامە و رێگەپێدان بە خەڵک دەدەی،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،
کاتێ دایەپیرەیەک رووتلێدەکات بەهۆی کێشەی پارچەیەکی بچووکی زەوی،
بیر لە شەهیدەکان بکەرەوە،

بەچاوێک بیانبینە، کراسیان لەبەر نیە و پەلەکێشیان دەکەن...خوێناوین و دەمامکیان داوە و وێرانکراون و دەستگیرکراون، چاویان دەرهێنراوە و پارچەپارچە کراون و لەلا شەقامێک، لە چاڵێک یان لە کۆڕێکی بە کۆمەڵ یان لەسەر بارێک پەین فڕێدراون.
تۆ نوێنەرایەتیان دەکەیت !

## هۆنراوەیەکی ڤلادیمیر مایکۆفسکی
## ئێمە شیوعین

چەندە لە ئێستادا ڕەگمان هەیەو
هێندە دوور دەڕوانین بۆ پاش کنار دواڕۆژ
و بۆ ڕێگاکەمان رایدەکێشین.

ئێمە شیوعین
چەندە  توانامان بۆ گوێگرتن لە چینەکەمان
هێندە وا لێ بکەین
پەرتەوازی دەست بە کوڵان بکات لە
یەکگرتنێکی دەنگ زوڵاڵ.

ئێمە شیوعین
هێندەی بەدەستهێنانە هێمنەکانمان
گوێ لە دەنگی تەقینەوەی بەرزبووی ڕەشەبایەکی دەگرین
کە هەرگیز ناشکێتەوە.

ئێمە شیوعین

به قەت تێگەیشتنمان بۆ
خەصڵەت و خراپە و
پاشەکشێ دەکەین*
و زەمین دەکێڵین
و دووبارە رووبەڕوو  بەدەستیانبهێنین.

*لە وتارێکی لینین ساڵی 1923وەریگرتووە

**گۆرانی ئیسما ریزا پۆڤا Gelem**

من رۆیشتم و رۆیشتم
چادرێکی بچووک لە دنیا دەگەڕێت
وەک هەنگ لە گوڵێکەوە بۆ گوڵێکی تر
رەوتی ئەسپەکە لە دوورەوە دەبیسترێت،
بەڵام دەنگی گۆرانییەکە دوورتر گوێیان لێدەبیچت.
ئاخ قەرەچەکان
لەگەل گۆرانی لەدایک دەبن،
لەگەل گۆرانییەکی زیندوو
لە گەل گۆرانیشدا گیانلەدەستدەدەن.
چادرێرێکی بچووک بە دنیادا دەگەڕێت
وەک هەنگ لە گوڵێکەوە بۆ گولچێکی تر
رۆیشتم و رۆیشتم بە شەقامە دوورەکان
چاوم بە رۆمای جوان کەوت
ئاە (روماڵە(

ئاه برادەران
ئاه(روماله(
ئاه برادەرەران
لەسنگی هەر قەرەچێک
تا لە ژیان مابێت، هەمیشە ئاگریش هەیە
هیچ شتێک ناتوانێت خامۆشی بکات
تەنانەت فرمێسکیش کە گۆنا تەڕدەکات
ناتوانێت بیکوژێنێتەوە.
ئاه قەرەچ
للەگەل گۆرانی لەدایک دەبیت
لەگەل گۆرانی  زیندوو
لەگەل گۆرانیشدا گیانلەدەستدەدەن.

من خەونم دەمەوێت
شیعری لیون فیلیبە
چیتر چیرۆکم بۆ مەگێڕەوە،
کە من لە دوورەوە هاتووم،
من هەموو هەموو چیرۆکەکان دەزانم،
چیتر چیرۆکم بۆ مەگێڕەوە،
ژمارە و
باسی ئەم خەونەم بۆ بکە،
رک بتگرێت و
ئاوێنەکەم بشکێنە،
گۆمئاوەکەم بۆ بکەوە،
کەرەواتە،
ئەنگوستیلە،
دیوارەکان،

تۆرەکان،
داوەکان،
و هەموو شەقامە تەریبەکان
من نامەوێت،
من نامەوێت،
من نامەوێت
سەرکاسم بکەن بە چیرۆک،
من نامەوێت،
من نامەوێت،
من نامەوێت،
من نامەوێت دەم و چاوم بە چیرۆک کلیل بدەن.
من نامەوێت،
من نامەوێت،
من نامەوێت
من نمەوێت لەگەل چیرۆکەوە بمنێژن.
من نامەوێت،
من نامەوێت،
من نامەوێت
من نامەوێت بەو کاتەوە رامبگرن،
من نامەوێت خۆم لەناو ئاو ببینم.

هەروا من نامەوێت تەماشای زەمین بکەم
و لە تۆپەکەی وەک بابەتی تەڵی ریش ببم.
من ئەمەوێت خۆم لە ناو با ببینم،
من ئەمەوێت خۆم لە ناو با ببینم
من ئەمەوێت خۆم لەناو با بینم.
من ئەمەوێن...من ئەمەوێت!...خەون...خەون و من خەون دەبینم

من کرمێکم خەون دەبینێ، خەون دەبینم
ڕۆژێک خۆم ببینم لە ناو بادا دەفڕم.

من تەنها لە خودا دەڵێم(پرسیاردەکەم(
گۆرانی مرسیدس سوسا

من تەنها  بە خودا دەڵێم
ئەم ئازارە بۆ من ئاسایی نیە،
دەبا وشکە مەرگ، بە خاڵی و تەنها نەمدۆزێتەوە،
بێ ئەوەی بە گوێرەی پێویست کارێکم کردبێت.

من تەنها لە خودا دەڵێم
ئەم ناعەداڵەتیە بەلامەوە ئاساییە نیە،
چەپاڵەیەک بەلایتری ڕوومەتم مەدە
پاش ئەوەی چنگێک بەختمی بریندارکرد.

تەنها بە خودا دەڵێم
جەنگە بەلامەوە ئاسایی نیە،
دڕندەیەکی گەورەیە و
خەڵکی هەژاری بێتاوان لەناودەبات.

تەنها بە خودا پرسیار دەڵێم
فێڵکرن بەلامەوە ئاسایی نیە،
ئەگەر ناپاکێک بتوانێت زیاتر لە چەند کەسێک
ناپاکی بکات، ئەو کەسانە بە ئاسانی لەبیری ناکەن.

من تەنها بە خودا دەڵێم

دوارۆژ بەلامەوە ئاسایی نیە
خەمبارە ئەو کەسانە کە دەبێ بڕۆن و
لە کلتوورێکی تر بژین.
من بە خودا دەڵێم
ئەم جەنگە بەلامەوە ئاسایی نیە
دڕندەیەکی گەورەیە
خەڵکی هەژاری بێتاوان لەناودەبات.
من تەنها لە خودا پرسیاردەکەم

## من بێکارم
## لە شیعری نیز مالانج

من لێرەم،
لەژێر چادرێکی ڕەش ماومەتەوە،
و لێرە لەژێر  ڕۆشناییەکی کزدا دەمینمەوە،
لێرە،
ئازادی لەسەر دارێک لەخاچدراوە
بۆ ئەوەی بمرێت.
هەر لێرەشدا برساندا خەریکە دەمرم،
هەروا وڵاتەکەم و،
منداڵەممیشم.
چاوتا لێبێت و ببینن
هەنگاوەکانیان بێزارن و
کاتێ بەردەکەنە دواوەوە

هیچیان نیە بیخۆن،
گوێتان لێیانە؟
گوێتا لە گریانەکانیانە؟

لەبەردەم خۆر و رۆشناییەکەی لێمدەدا
بووم بە دووبەشەوەو،
هەموو رۆژێک دەسووتێت و،
منیش چاوەڕوانی باران بارینم،
دە وەرە ئەی باران،
وا  رانەکانمان دەمرن و،
توانای کێڵاندنی زەویە جوانەکەم نیە و
لێرەشدا منیش بێکارم.
من
بێکارم،
من لێرەم، بەڵام نامبینن
ئەی ئامۆژکار...خوداکەتمان پێبدە،
بۆ ئەوەی باران بباریێت،
ئەی خاوەن یەخە سپییەکان وخاکییەکان،
لێگەڕین ئەم تروسکاییە،
رۆشنتربێت،
ئەی ستەمکاران،
من هاوارتان بۆ دەهێنم.
لە دارێکەوە،
ئازادی لە دارەکانەوە دێت و،
روخساریشم
خەم و هەناسەساردی دایگرتووە،
ئەوە من جادووم لێکراوەو،

منداڵەکانم بەهۆی کەمخۆراکی و پڕۆتین،
لەسەرەمەرگن.
لێرە بەرووبووم نیە و،
ئاژەڵەکانیش مردارەوبوون،
ئەوەی بەر
بای ئێواران، تاقە شتە
بەر گوێم دەکەوت و،
درێژەی پێدەدا و
ئازاری مردووان
لەبەر خۆی دەڵێتەوە،
من لە سەرەمەرگم.
من بێکارم
لە شیعری نیز مالانج

من لێرەم،
لەژێر چادرێکی ڕەش ماومەتەوە،
و لێرە لەژێر ڕۆشناییەکی کزدا دەمینمەوە،
لێرە،
ئازادی لەسەر دارێک لەخاچدراوە
بۆ ئەوەی بمرێت.
هەر لێرەشدا برساندا خەریکە دەمرم،
هەروا وڵاتەکەم و،
منداڵەمیشم.
چاوتا لێبێت و ببینن
هەنگاوەکانیان بێزارن و
کاتێ بەردەکەنە دواوەوە
هیچیان نیە بیخۆن،

گوێتان لێیانە؟
گوێتا لە گریانەکانیانە؟

لەبەردەم خۆر و ڕۆشناییەکەی لێمدەدا
بووم بە دووبەشەوەو،
هەموو ڕۆژێک دەسووتێت و،
منیش چاوەڕوانی باران بارینم،
دە وەرە ئەی باران،
وا ڕانەکانمان دەمرن و،
توانای کێڵاندنی زەویە جوانەکەم نیە و
لێرەشدا منیش بێکارم.
من
بێکارم،
من لێرەم، بەڵام نامبینن
ئەی ئامۆژکار...خوداکەتمان پێبدە،
بۆ ئەوەی باران بباریێت،
ئەی خاوەن یەخە سپییەکان وخاکییەکان،
لێگەڕێن ئەم تروسکاییە،
ڕۆشنتربێت،
ئەی ستەمکاران،
من هاوارتان بۆ دەهێنم.
لە دارێکەوە،
ئازادی لە دارەکانەوە دێت و،
روخساریشم
خەم و هەناسەساردی دایگرتووە،
ئەوە من جادوووم لێکراوەو،
مناڵەکانم بەهۆی کەمخۆراکی و پرۆتین،

لەسەرەمەرگن.
لێرە بەرووبووم نیە و،
ئاژەڵەکانیش مردارەوبوون،
ئەوەی بەر
بای ئێواران، تاقە شتە
بەر گوێم دەکەوت و،
درێژەی پێدەدا و
ئازاری مردووان
لەبەر خۆی دەڵێتەوە،
من لە سەرەمەرگم.

## من بەتەنها نیم
## شیعری گابریلا مسترال

شەو هەر لە چیا تا دەریا
تاریکستان و چۆڵە،
بەڵام منم کە بە سۆزەوە جۆلانەت دەکەم،
من بە تەنها نیم!
ئاسمان تاریکستان و چۆڵە،
مانگ خەریکە لەناو دەریا دەخنکێت،
بەڵام ئەوە منم رزگارت دەکەم،
من بەتەنها نیم!
جیهان تارکستان و چۆڵە،
هەموو جەستەکانی گەردون خەمبارن،
بەڵام ئەوە منم لەئامێزت دەگرم،

من بەتەنها نیم.

گۆرانییەک لەلایەن ساندرا
من هەوڵدەدەم
من هەوڵدەدەم
خۆم ون نەکەم
کاتێ تۆ دەگری
نهێنیەکانت دەردەکەی
دووبارە چاوت بکەوە
تەنانەت دەتوانیت دووبارە هەوڵ بدەیت
تۆ بیرناکەیت؟
تۆ بێهودە کاردەکەیت
تۆ چی بووی تا ئێستا ببیت؟
بۆ دەقەیەک راوەستە
تۆ دەبێ خۆ باشتر بگۆڕی
دڵت لە کاتی خۆیەتی
بۆ یەک دەقە راوەستە
بەم شێوەیە دەتوانیت بڕوا بەم لایەنەی من بکەیت
من دەتپارێزم لەوەی رووبەڕووت بووە
ئەگەر دەتەوێت خۆرابگریت
بۆ دەقەیەک راوەستە
من خۆم بەجێدەهێڵم
من خۆم بەجێدەهێڵم بۆ زانینی بەختم کە
تۆ و من
دەتوانین هەست بکەین کەسێکین
بیکەوە و سەرلەنوێ دەستپێدەکەینەوە
بڕوانە دەوروبەرەکەت

له مەبەستەکەی من تێنەگەیشتی؟
تۆ چی بووی تا  ئێستا ببیت؟
بۆ دەقەیەک راوەستە
تۆ دەبێ خۆ باشتر بگۆڕی
دڵت لە کاتی خۆیەتی
بۆ یەک دەقە راوەستە
بەم شێوەیە دەتوانیت بڕوا بەم لایەنەی من بکەیت
من دەتپارێزم لەوەی رووبەڕووت بووە
ئەگەر دەتەوێت خۆرابگریت
بۆ دەقەیەک راوەستە
بزانە چیت بۆ ماوەتەوە.

من کەسێکم هەڵهاتوو
لە شیعری فرناندو بیسوا

من کەسێکم هەڵهاتوو،
پاش لەدایکبوونم
لەناو خۆمدا زیندانیان کردم،
بەڵام من بەجێمهێشت.
روحم لەنێو گرد و دۆڵەکان،
بەدوام دەگەڕێت،
ئومێدەوارم روحم
هەرگیز نەمدۆزێتەوە.

بۆ عەرەبی: شریف بقنە الشهرانی

## ئەوانەی هەڵنا پەڕن
## لە شیعری گابریەلا میسترال

منالێکی کەمئەندام هاواریکرد:
"من چۆن هەڵپەڕم؟"
"لێگەڕێ دڵت هەڵپەرکێ بکات.
ئاوا وڵامماندایەوە.

پاشاننەخۆشییەکی بێزار پرسیاری کرد:
"من چۆن گۆرانی بڵێم؟"
"با دڵت گۆرانی بڵێت"
ئاوا وڵامماندایەوە

درکێکی سیسبووی بێچارە وتی:
"بەڵام من چۆن هەڵپەڕم؟"
"لێگەڕێ دڵت لەگەل با بفرێ"
ئاوا وڵامماندایەوە.

خودا لەبەرزی ئاسمانەوە هاتە گۆ:
"من چۆن لە ئاسمانەکەمەوە دابەزم؟"
"وەرە لەگەلماندا بە رووناکی هەڵپەڕە"
ئاوا وڵامماندایەوە.

هەموو دۆڵەکە پێکەوە لە ژێر خۆر
هەڵپەڕکێ دەکەن و،

دڵی ئەوەی بەشداریمان ناکات،
بوو بە تۆز...تۆز!

بۆ عەرەبی ماجد الحیدر

## گۆرانی یونانی (من نیزانم چەنی دوست دیرم)
## لەلایەن فیکی موسخۆلیو

من نیزانم چەنی دوست دیرم
مەودای خۆشەویست ناپێورێت
خۆشەویستی لە خۆر بەرزترەو
بە چاو نابینرێت.
سەرەتا بلیسەیەک بوو
دلۆپە بچوکێک لە باران
بڵێسەکە بوو بە ئاگر
و دلۆپە بارانەکەش بوو بە دەریا.
پابەندبوونەکەمان بەو خۆشەویستییەکە
ئازار نازانێت
ئێمە لە یەک سەرچاوەین و
پێکەوە بۆ ئەشکەوتێک سەرکەوتین.
سەرەتا بلیسەیەک بوو

دڵۆپە بچوکێک لە باران
بڵێسەکە بوو بە ئاگر
و دڵۆپە بارانەکەش بوو بە دەریا.

## من کافر نیم
## گۆرانی زیاد ڕەحەبانی

من کافر نیم، برسێتی کافرە،
من کافر نیم، نەخۆشی کافرە،
من کافر نیم، بەڵام هەژاری و زەلیلی کافرە،
من کافر نیم
بەڵام چیت لێ بکەم، ئەگەر هەموو شتە کافرەکان لەناومدا کۆبوونەوە؟
ئەی ئەوەی ڕۆژی یەکشەممان نوێژدەکەی و ئەوەی ڕۆژی هەینی نوێژدەکەی
و بە ردێژایی ڕۆژی هەینی درویێنەمان دەکەن،
ئەوە کامە ئاین وتی و منیش ئەوەی کافری تەواوم
لە کتێبە ئاسمانییەکان و وتەی خودا بەدواچوون بکەن.

من کافر نیم، وڵاتەکە کافرە
من لە ناو ماڵی خۆم لە گۆڕنراوم و ناتوانم سەرهەڵبگرم،
مامم تۆ پارۆکەی دەمم دەخویت و خواردنەکەت لەبەردەمتەو،
ئەگەر کوفر بکەم، پێم دەڵێی کافر و
بە هەموو وڵاتە ڕۆژئاواییەکانت و بازگەکانتیش ئاگادار کردووە.

من کافر نیم، ئەوە تۆ کافری
من کافر نیم، لەبەر ئەوەی تۆ کافری

من کافر نیم و تمان کێ کافره...کافر
زانیان کێ کافره....کافر
من کافر نیم، وەک پێم وتی
تۆ بە کافری تۆمەتبارم دەکەی، چونکە خۆت شێخی کافرەکانی.
ئامین

## میرخانمی ئور
## لە شیعری ئامبر باست

من مۆزەخانەیەکم لە قوولایی مێژوو
پێشی تۆزێک تالانیان کردم،
روخسارمیان وێران کردو،
پاشان کتێبەکانمیان سووتاند.
من ئەو ژنەم کە لە وێنەکە دیارم
ئەوەی لوولەی تفەنگەکانیان ئارستەی رووومیان کردو،
قۆڵیانکردم و هەڵیاندامە سەرزەمین،
ئەوەی هیچ کەس ناتوانێت بیدا، لە من داوایانکرد،
)ئەلیخاندرۆ ماجنو)هەوڵی بۆ نەوت نەدا،
بەڵکو حەزی لە تینوێکردنمی کرد
کاتێ باخچەکانی رووبارەکەم دێرین بوو،
من باخچەکەم.
یەکەم ژنم و یەکەم پیاوم
دایکی نووسین و
یەکەم یاسا و

یەکەم شارم.
من ئەو شوێنەم کە هەمووان سەردانیان کرد،
من سپێدە و خاڵی دەستپێکم،
نانم داهێنا،
و گەنم و هەورێشم و شەراب و هەنگوینم ئەفراند.
من تاق و ژێرزەمینم
مۆمێکم تواندنەوە ونی کرد،
سروودی سروودەکانم،
من ئیمانم
من هەموو ئاینەکانم.
لە گشت جەنگەکان دەستدرێژیان لێکردم و،
مناڵەکانمیان دزی و
تۆریاندامە سەرزەوی.
من زەمینم
کاتێ هەستامەوە،
بە سەعات چاودێری سووربوونی موازیکەکانم دەکرد
ئێستا بەبیرم هاتەوە من لە کوێوەوە هاتووم،

من تینوێتیم،
ئەوەتا هاتن،
گوێم لە دەنگدانەوەی هەنگاوەکانیانە.

بۆ عەرەبی: غدیر ابو سنینە

## (باسی مام)تان بۆ دەکەم
## ئەحمەد شاملو

نە بۆ خاتری رۆژ
نە بۆ خاتری ئەفسانە
بیکە بە خاتری بنمێچی بچووکەی ماڵەکەی
نە بۆ خاتری گۆرانیەک بچووکتر لە دەستەکانت
نە بۆ خاتری دارستانەکان
نە بۆ خاتری دەریا
بیکە بە خاتری لاپەڕەیەک
بۆ خاتری دڵۆپەیەکی رۆشنتر لە چاوەکانی تۆ
نە بۆ خاتری دیوارەکان
بیکە خاتری چەترێک
نە بۆ خاتری هەموو مرۆڤەکان
رەنگە بۆ خاتری کۆرپەی دوژمنەکانی
نە بۆ خاتری دنیا
بیکە خاتری خانۆکەی تۆ
بۆ خاتری یەقینی بچوکت
کە مرۆڤ هەموو دنیا دەهێنێت.
بۆ خاتری ئارەزووی چرکەی دیدارتان
بیکە بە خاتری دەستی بچوکت لەناو دەستی گەورەی من
بۆ خاتری لێوی ئەستوری من لەسەر ناوچەوانی بێگوناهی تۆ
بیکە بە خاتری پەلەسرکێکی بەردەم با کاتێ تۆ هەڵهەڵە لێدەدەی
بۆ خاتری شەوی لەسەر جێگا کاتی نووستنت

بیکە خاتری پێکەنینێک کاتێ لەتەنیشت خۆت دەمانبینی
بۆ خاتری سروودێک
بۆ خاتری چیرۆکێک لە ساردترین شەو
بیکە خاتری تاریکترین شەو
بۆ خاتری بوکەشوشەکانت
نەک بۆ خاتری پیاوە گەورەکان
بیکە بە خاتری ڕێگا بەردەڵانەکان کە ئێمە بە تۆ دەگەیەنێێ
نەک بۆ خاتری گەورە ڕێگا دوورەکان
بیکە بە خاتری ئاخورەکان لەکاتی باراندا
بۆ خاتری زەنبور و هەنگە بچوکەکان
بیکە بە خاتری هەورە دوور و هێمنەکانی ئاسمان
بە خاتری تۆ
بە خاتری هەرچی بچووک و گەورەی ژێرخاک هەیە
بیهێنە بیرتانەوە
من بە مامت دەڵێم
من باسی مورتەزاتان بۆ دەکەم.

نیشتمانەکەم، ئەی نیشتمانەکەم
شیعری نازم حیکمەت
شەفقەکەم کە لە دوکانەکانت کڕیم
داڕزا،
پێلاوەکەم کە خۆڵی شەقامەکانتی هەڵگرت،
شڕبوو،
دوا کراس کە لە تورکیا کڕیم،
دەمێکە بووە بە پەڕۆکۆنە.
نیشتمانەکەم
بێجگە لە سەرسپێتی

هیچم لە تۆ بۆ نەماوەتە،
لە لۆچی خەمباری سەر تێوڵم نەبێت،
ئەی نیشتمانەکەم...ئەی نیشتمانەکەم...ئەی نیشتمانەکەم
،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

پێی وتم: بۆچی نایەی؟
پێی وتم: بۆچی نامێنیتەوە؟
پێی وتم: بۆچی پێناکەنیت؟
پێی وتم: بۆچی نامریت؟
منیش:
هاتم
مامەوە
پێکەنیم و
مردم.

## نرخی خۆشەویستی
## گۆرانی یونانی(دیمیترا جالانی)

خۆشەویستی نرخی لەسەر دانانرێت
و نە بە درێژایی ژیانە
کێ دەیفرۆشێت؟
کێ دەیکڕێت؟
کێ هەڕاجی دەکات؟

خۆشەویستی نرخی لەسەر دانانرێت
و نە بە درێژایی ژیانە

هەر کەسێک خۆشەویستی هەیە، با
تەنها بە نیگایەک یان ماچێک پێشکەشی بکات.

ئەگەر تۆ تۆزێک خۆشەویستیت هەیە،
بیدە بە من بۆ شیرینکردنی ژیانم
خۆشەویستی نرخی لەسەر نیە
شانازیش نرخی لەسەر نیە.

## نە ئاسمان و نە زەمین
## لە شیعری ئەکتاڤیو پاز

لە دوای ئاسمان،
لە دوای رووناکی و خەنجەرەکەی،
لە دوای دیواری خوێ،
لە دوای ئەو رێگایانەوە کە بۆ رێگاکانی تر دەڕۆن،
لەدوای پێستم کە لە شوشەیەکی ئەستوورە،
لەدوای نینۆک و دندانەکانم کە کەوتوونەتە ناو بیری ئاوێنە
لە دوای ئەو دەرگایە کە دادەخرێت
لەدوای ئەو جەستەیە کە پاش خۆشەویستییەکی خوێناوی
دەکرێتەوە،
خۆشەویستییەکی پاراوی وێرانکەر،
چنگی لە هەورێشم و لێوانی لە خۆڵەمێش،
لەدوای زەمین و ئاسمان
لەدوای مێزەکان دانیشتوون و
خوێنی هەژاران دەخۆنەوە،

مێزی پارە،
مێزی شکیی و عەدالەت،
مێزی دەسەڵات،
مێزی خواوەند و،
لەبازنەی سەرەکی خێزانی پیرۆز.
سەرچاوەی ژیان
<<لەناویدا ئاوێنەیەکی وردوخاشبوو >>
نەرگزێک خۆی دەخواتەوە و تینوێتی ناشکێت،
لە دوای زەمین و ئاسمان
رێککەوتنی هاوسەری
جەستەی بەیەک گرێدراو دەپۆشن،
بەردگەلێ لەنێو خۆڵەمێش کاتێ رووناکیان
پێدەگات،
هەر یەکێک لەناو زیندانگەلی وشەن،
وگشتیان سەرقاڵن بە درووسکردنین
بورجی بابل
ئاسمان باوشێکی دێت،
دۆزەخ گاز لە کلکی دەگرێ،
رۆژی پەسلان و
ژایانی هەتاهەتایی
رۆژێکە بەبێ سپێدە،
من
بڕوام بە هەموو ئەوانە هێنا و،
ئیمڕۆ لە لێواری هاواروگریان دەخەوم،
ئیمڕۆ گریان و هاوار سەرینمە.

بۆ عەرەبی محمود السید علی

# نامەیەک بۆ ژەنەراڵ
# شیعری بیتر باکوسکی

من هەرگیز نە لە هێز و
نە لە پێداویستی بۆ وی تێگەیشتووم،
تەنها ئەمەوێت شتێک لەبارەی ئەم جیهانە، بڵێم:
من ئەمەوێت وەسفی پیانۆژەنێک بکەم کە
چوارچێوەیەکی دڵگیر درووستدەکات بۆ بێدەنگی و
چۆن با ختۆکەی پەراسۆکانی گۆمەئاو دەکات،
ئەمەوی وەسفی ئەوە بکەم کە خۆشەویستی چۆن
مەلەوانی دەکات و، دووردەکەوێتەوە لە قەفەزی فەرهەنگ و،
کاتێ کەڵایەک دەکەوێتە ناو دەریاچە،
چی بە قازەکان دەڵێ.
ژەنەڕاڵی بەڕێز
ئەی ئەوەی وادەزانێت ئێمە کەمترین لە هێلکەیەکی ناو قاپی  ئەناشتاکەی،
پێشنیار مۆسیقای هاوارکردنمان بۆ تۆ دەکەم و
تۆش ئارەزووی خوێنی گەلان دەکەی.

بۆ عەرەبی شوقی مسلمانی

## نامەیەک بۆ شاعیرەکانی دواڕۆژ
## لە شیعری مانویل سکورسکا

لەوانەیە شاعیرەکان سبەی پرسیار بکەن،
بۆچی شیعرمان بۆ
کچە جوانەکانمان هەڵنەگوت و،
بۆچی شیعرەکانمان
لەو گۆڕەپانانە دەچن کە
پڕن لە توڕەیی؟
من وڵامیان دەدەمەوە:
ئێمە لە هەموو لایەکەوە
گوێمان لە دەنگی گریان دەبوو،
لە هەموو لایەکەوە شەپۆلە رەشەکان دەوریان دەداین .
تا مرۆڤێک هەبێت هەست بە ئازار بکات،
گوڵ ناتوانێت جوان بێت،
تا مرۆڤێکی برسی هەبێت،
گیڵگەی گەنم لە ژێر رووناکی مانگ
خەوی لێناکەوێت
تا نەتگبەتەکان لە ژێر باران تەڕببن،
دڵم پێناکەنێت.
ئەی شاعیرەکان
بەهای رۆمانسییەکانتان لە سەوسەن؟
هاواری گەلی راپەڕیو،

جوانترە لە دەنگی دارەکان کە
ئاورینگ دەیانپۆشێت،
ئەی شاعیرەکان
مەشخەڵەکە  لەدەستی خۆڵەمیش
ئازاد بکەن و،
دەیا پرشنگی ئاگرەگە
ئەم جیهانە تاریکە
رۆشنابکاتەوە .
بۆ عەرەبی: ا.د. چیاو نافع

## پرسیارەکان
## لە شیعری هاینریش هاینە

لەسەر دەریا ولە بیابانەکان و شەوانی دەریا
لاوێک راوەستاوە
سینەی پڕ لە خەمۆکی و سەرتاپا گومان و،
بە لێوە تاریکەکەیەوە پرسیار
لە شەپۆلەکان دەکات:
ئۆ، ئەم مەتەڵەم بۆ هەڵبێنن
ئەم مەتەڵە پڕ ئازارە دێرینەیەم بۆ هەڵبێنن کە
پێشتر مێشکی مرۆڤ بیریان لێکردۆتەوە،
سەرانێک بە شەبقەی تەڵێسماوی
سەرانێک بە عەمامە
کڵاوی رەش،

سەرانێک بە بارۆکەوە و
هەزاران هەژاری تر.
سەرانی مرۆڤگەلێک ئارەقەیان دەڕژێ
پێم بڵێن: مرۆڤ مانای چییە؟
لە کوێوە هات و بۆ کوێ دەڕوات؟
کێ لەو بەرزاییەی سەرووی ئەستێرە ئاڵتونییەکانەوە، نیشتەجێیە؟
شەپۆلەکان لەبەرخۆیانەوە ورتەورتیانە،
ورتەورتی ئەبدی،
با هەڵدەکات و هەورەکان ملدەنێن
ئەستێرەکان بە لاوازی و ساردی،
ڕووناکدەبنەوە و
گەمژەیەک چاوەڕوانی وڵامە.

بۆ عەرەبی: دکتور بهجت عباس

## هایکو
## لەشیعری ماریو بنیدیتی

دەستە شێتەکانی
پیانۆژەن
یان ئاسنگەر
دەماندوێنن.
—
زەنگ
تەنها زەنگ لەدژی با

رادەوەستێت.

---

سۆزەکان
هەر وەک چەکە سپییەکانە
بێتاوانن.

---

ئاوارە
لەگەڵ
نەخۆشی نۆستالژی
رادێت.

---

شیعر
ئەو قوڵاییانە دەڵێ
کە هەندێجار
پەخشان لەئاستیدا بێدەنگ دەبێت.

---

تەنها دار دەزانێت
ئەم هەنگاوانە کێیە،
ئەوە هەنگاوەکانی تەورە.

---

)محار) لە گوێمدا
وتاری کۆنم بۆ
بەجێدەهێڵێت.

---

ئەتاییستێک دەناسم
نوێژدەکات

بەڵام بە زمانی فەرەنسی.

---

بەجێیان هێشتین
بەبێ دار
بەبێ هەور
بەبێ بروا
بەبێ رووبار.

---

کاتێ گەشتدەکەین
گەردونیش لەگەلماندا
گەشتدەکات.

---

لێرەدا کۆتاییهات
بەبێ درووستکردنی سێبەرێک
بۆ کەسێک یان پشتگوێم بخات .

روونکردنەوە: هایکو ناوی کەسێک نیە، بەڵکو ناوی جۆرە شیعرێکی یابانیە و نەزمی تایبەت بە خۆی هەیە.

## ئەبینم

## روکی دالتون

پێموایە ئەوان پربەپێست ئێمەیان هەڵخەتاند،
من ئێستا کلیلی نهێنیەکانم پێییە:
ژانەکان لەنێوان پێکەنینە سەرخۆشەکان و،
شلە تفەکانی جەلادەکان و

نیگای سەگێکی هارو بێبەزەیی، پێیدام.

هەروا ئەمەش دەزانم: زۆر سەختە مرۆڤ رابهێنیت بۆ
ئەو رووتکردنەوەیە کە ئەوەی رۆشنایی پێ بێت،
تێدا بکەوێت،
زۆر سەختیش دەبێت بڕوایان پێبهێنیت بەوەی کە
هەر پێکەنینێک تا ئیمرۆ دژی خۆیەتی و،
درێژکردنی دەستەکانیش بۆ ئەوان، هەموویان بە نینۆکی تیژبوون.
)کەشوهەوا تا رادەیەک سەختە، بەڵام ئەمە چاکەیە
چونکە ئاگرە بکوژەکە کوژایەوە،
پێست لە لووتکەی تێکدان، ئەستووردەبێت و،
ئەفسانە گەرموگوڕەکە کە مەیی جێگیر لەناو خوێن درووستیدەکات،
تەونی جاڵجاڵۆکە سەرسەختەکانە لە زمان.
من دەستبەجێ هەندێ لە پەردەکان لادەدەم و
برینەکانیش
خۆم لە ئەستۆیان دەگرم.

لە سپانیەوە بۆ عەرەبی: ئەحمەد حسان

## گۆرانی خۆشەویستی
## راینر ماریا ریلکە

من چۆن روحم هەڵگرم تا روحت بریندار بکات؟
چۆن بەسەرتەوە بە نەرم ونیانی بەرزی بکەمەوە و

پانتایی زیاتری پێببەخشم؟
چەند حەزم لێبوو گەر توانام هەبوایە
بۆ داخستنی لەنێو شتە ونبووەکان لە تاریکی،
لە شوێنێکی هێمن و نەناسراو_
شوێنێک بەبێ جووڵە بمێنێتەوە
کاتێ لەناختدا هاواردەکات.

## وەک دەست

## راینر ماریا ریلکە

چاوم کوێر بکەیت، هەر دەتبینم
گوێم دابخە، هەر گوێم لێتدەبێت،
تەنانەت قاچیشم نەبێت،
رێگاکەم بۆ لای تۆ دەبڕم و،
بەبێ دەم، ناوت دەهێنم
دەستەکانم بشکێنی
بە دڵ وەک دەستم
لە ئامێزت دەگرم،
گەر دڵم لە کوتان راگری، مێشکم بۆ تۆ لێدەدات،
ئەکەریش ئاگر لە مێشکم بەربدەی،
لە هەر دڵۆپێکی خوێنم
هەست بە سووتانت دەکەم.

## گۆرانی خۆشەویستی
## هێرمان هیس

من کەڵەئاسک و تۆ ئاسکی
تۆ باڵندە و من دارم
تۆ خۆری و منیش بەفر
تۆ رۆژ و منیش خەونم
شەوان لە دەمی نووستوم
)چۆلەکەزێڕین)ە بە دەگی خۆش و باڵی رەنگاڵەوە
بۆ لام دەفڕێ،
گۆرانی پڕاوپڕ لە خۆشەویستی بۆ تۆ ئەچڕێ
گۆرانی من بۆ تۆ ئەچڕێ.

## فەلسەفەی خۆشەویستی
## شاعیر ئەنکلیزی شلی

کانییەکان بە رووبارەکانەوە تێکەڵ دەبن
رووبارەکان بە ئۆقیانۆسەکان و
بای ئاسمان بۆ هەمیشە بە سۆزی بێگەرد تێکەڵ دەبێ.

هیچ شتێک لە دنیا بە تەنها نیە
هەوو شتەکان بە یاسایەکی پیرۆز
بەیەک تێکەڵ دەبن،
ئەدی بۆچی من لەناو تۆدا نەتوێمەوە؟

تۆ بڕوانە چیاکان
ماچی چیا بەرزەکان دەکەن و
شەپۆلەکانی دەریا یەکتر لە ئامێزدەگرن،
لێخۆشبوونیش لە هیچ گوڵێک ناکرێت
ئەگەر رقی لە گوڵێکی تر بێت.

رۆشنایی، خۆر زەمین لە ئامێزدەگرێت
رووناکی مانگ، دەریا لە ئامێزدەگرێت،
بەڵام هەموو ئەو ماچانە سوودی چییە،
ئەگەر تۆ ماچم نەکەی؟

## باس بۆ خەواندن

## ریلکە

من ئەمەوێت گۆرانی بۆ یەکێک بڵێم
لەلای یەکێک دانیشم و ببم،
من ئەمەوێت قورسی یەکێک بکێشم و گۆرانی بۆ بڵێم،
لەکاتی خەوتن و بێداربوون لەلای ببم،
من ئەمەوێت لە ماڵەوە تەنها کەس بم کە دەزانی:
شەو سارد بوو و،

گوێم لە دەنگی ناو و دەرەوە ببێت لە تۆ،
جیهان و دارستان.
کاتژمێرەکان یەکتری بانگدەکەن و،
دەگەن بە دوا کات.
لەخوارەوە، کەسێکی نەناس دەڕوات و،
سەگێکی سەرشەقام بێزار دەکات،
پاشان بێدەنگییە.
کاتێ شتێک لە تاریکایی دەجووڵێت،
من بە چاوێکی کراوەوە لەسەر تۆدا دادەنیم و
بە نەرم و نیانی راتدەگرن و بەرتدەدەن.

## بێزاری بکوژە
## ئۆجین پوتێ

پێشکەشە بە بە ئیمیل زۆلا
کارگە پیس و تاریکە
بای پیس و شوشەی ماتەمینی،
وەکو سمۆرە رووەدەگێڕم
منیش با لەناو ریخۆڵەکانم هەیەو
لەناو پێستی خۆم ژەنگ دەگرم.
)ریبوت(ەکە دوو هەفتەمی قووتدا،
تۆ چیت دەوێ؟ تۆ دەبێ بێزاری بکوژی.
ئای، وەک عەرەب یان شێر
بە ئازادی لە ژێر ئاسمانی ئەفریقا بژین.

من له سیاسەت تێناگەم،
بەڵام پێویستیم بە بزووتنەوەیە!
ریژنەی گوله شەقامەکانی تەنیوەتەوە،
خەڵکیش پێشرەوی دەکەن،
با پێکەوە سەنگەر لێدەین!
تۆ چیت دەویَ؟ تۆ دەبیَ بێزاری بکوژی.
ئاگر! هەمیشە ئاگرەکە خۆشدەکەین و منیش بروسکەم...
روحم لەناو چەکەکەم هەڵدەقولێت،
ئێمە پایەبەرزی بە بارود دەدەین،
نایخەینە ناو  کەرەستەکان
بەڵام من وەک سەرخۆشێک دەکەوم،
فیشەکێک بەلامدا رۆیشت، -شەو شاد-
بەم شێوەیە بمریت، لانیکەمەوە، واتە ژیان
تۆ چیت دەوێت؟
تۆ دەبیَ بێزاری بکوژیت!

## ئەوەی هەر دووبارەی دەکەمەوە
## فۆرتسیا لاتیڤی

خۆشەویسترین هاورێم پێمدەڵێت
بەدەم خەوەوە قسەدەکەی و هەمووی دەیلێم(چۆن توانیم!(
من راهاتووم لەسەر تامی تێکەڵەی پرسیاری سەرزمانی لەگەل قاوەی بەیانیان،
لێوم سووردەکەم-تەنها- بۆ ئەوەی هەندەک هەست بە جوانی بکەم،
درۆ لەسەر پزیشکە دەروونناسەکەم دەکەم،
چونکە سەبارەت بە هەستم پرسیارم لێدەکات و
ترسم هەیە هەڵینج بێنمەوە یان لە ژوورەکەیاد بێهۆش بکەوم.

من لێرە
لەم شوێنە پێشی نووستن، کەمێک مەی دەخۆمەوە،
لە خەونەکانم بە نیانی یەکتر دەشکێنینەوەو،
بەڵام لە ئێسقان شکاندن ناچێت و زیاتر
لە کەرتکردنی تەلە قژێک
درزێک هێدی هێدی
بەرینتر دەبێت.

من دەزانم کە لەگەڵ هەر هەنگاوێکمدا
خەڵک دەڵێن هەرچییەک بێت،
کۆتایی هەر کۆتاییە،
بەڵام کۆتاییەکەمان سەرسووڕی کردم.
هەفتەی رابردوو
جادووکەرەکە قاوەکەمی خوێندەوەو
ئامۆژگاری کردم کە ئیتر لەبیرت بکەم.
ئەمویست پێی بڵێم پەنجەکانم بۆ ئەو
بەهەموو تواناکانیاوە دەکرێنەوەو،
هەوڵدەدەن تووڕەییەکە لەناو سنگم دەربکەن
ویستم پێبڵێم کە من قەت فێری چۆنێتی لەبیربکردن نەبووم
من بەدەم خەوەوە قسەئەکەم و هەموو ئەوەی دەیڵێم و دووبارەیان دەکەمەوە هەر:
چۆن توانیم !

لە وەرگێرانی بۆ عەرەبی: چی رحمی

## هێشتا فێردەبم چۆن کارە ساناکان بکەم

لەناو ئێسقانم خەمێک دەژی
لە خۆم درێژترە کە  بەباڵایەکی زرافە پیاسەدەکەم
درێژترە لە داری(ویلو)ی باخچەی بەرماڵم
کەس نازانێت چی لەبەر خۆی دەڵێت
بەڵام دەنگی زۆر هاوشێوەی نزایە
زۆر لە داوای لێخۆشبوون لە خەتا دەچێت
من هێشتا ئازارم دەدات
و درۆلی لەبارەیەوە دەکەم
ڕێگایەکی نیان نیە بڵێم
هەندێ جار هەناسەدانیش لەبیر دەکەم
بۆیە مەسەلەکە هەر پشتگوێ دەخەم و پرسیار دەکەم
چیمان هەیە بۆ ژەمی ئێوارە
من هێشتا فێردەبم چۆن هەستم بە ئەنجامدانی ساناترین شت،
وەک نانبخۆم کاتێ برسیم دەبێت،
یان هەموو ڕۆژێک جێی نووستنم بەجێبێڵم
هێشتا خەریکی فێربوونم کە چۆن زمانم
بسووڕێنم بەدەوری ئەو وشانەکە هاوشێوەی ڕاستین
هێشتا خەواڵو دەبم و
هێواش لەنێو پەنجەکانم دەخنکێن،
هێشتا بەسەر شوشەی داڕزاوەکان هەنگاودەنێم
بەو بڕوایەم کە ئەوە هێزە،
هێشتا هیوادارم دنیا کۆتایی پێبێت،
پێش ئەوەی بە خۆمان کۆتایی پێبهێنین.

# هیوادارم لە تۆ چاکببمەوە
# شیعری ئۆکتاڤیو بات

هیوادارم لەم رۆژانە لە تۆ چاکببمەوە،
من دەبێ ئیدی تۆ جگەرەئاسا نەکێشم،
نەتخۆمەوە و بیرت لێنەکەمەوە.
هەموویان ئەمانە دەکرێن
یەک بە یەکی رێنماییە رەوشتییەکان ئەنجامدەدەم،
وەسپی کات و ئامادەنەبوون و تەنهایی بۆ خۆم دەکەم،
جی ئەڵێی بۆ ماوەی حەفتەیەک خۆشتمبوویێت نەک زیاتر؟ هەفتەیە نە زۆرە و نە کەم،
کاتێکە بەسدەکات و،
دەکرێتە هەموو وشەکانی خۆشەویستی کە لەسەر زەمین وتراوە لە یەک هەفتە
کۆبکرێنەوە بۆ ئەوەی ئاگرێک بکاتەوە.
گەرمت دەکەم بە ئاگری خۆشەویستیم بۆ تۆ و،
بێدەنگی بۆ خۆم وەسپ دەکەم، چونکە باشترین وشەکانی خۆشەویستی لە نێو دوو
کەس ئەو وشانەن کە ناوترێن.
هەروا دەبێ ئەو زمانە پێچاوپێچ و کودەتاکەرانە کە ئاشقکان بەکاریان دەهێنن،
بسووتێنم.
ئەزانی چۆن پێتدەڵێم خۆشتمئەوێت؟
ئئا بەم شێوەیە: "دنیا چەند گەرمە"!، "ئاوم بدەرێ!"، "تۆ ئەوانی ئۆتۆمبێل لێبخورێت؟گ،
"شەو داهات"!
لەلای خەڵک و برادەرەکانت و برادەرانی تری خۆم، پێم وتی: تەنها بۆ یەک هەفتە تا
هەموو خۆشەویستی مێژوو کۆببێتەوە و پێشکەشی تۆی بکەم و تۆش هەرچ پێدەکەی
بکە.: بیشارەوە، لەسەر شانی بدە یان توریدە بۆ ناو تەنەکە زبڵ .

دڵنیابە هیچ گرنگ نیە.
تەنها یەک حەفتەم دەوێت بۆ ئەوەی لە شتەکان تێبگەم، چونکە ئەمە زۆر هاوشێوەی کەسێکە تازە لە نەخۆشخانە دەروونی درەچووە و چووەتە ناو پەرستگا.

بۆ عەرەبی: قتیبە الرفاعی.

## هیچ کەس، تەنها خۆت
## تشارلز بۆکۆفسکس

بۆ چەندین بار دووچاری هەڵویستی نەکارت دەکەن،
و دیسان و دیسان بە فێڵ و شێوە و تواناکانیانەوە
هەوڵدەدەن وات لێبکەن،
سەرداچەمێنی و خۆت بەدەستەوە بدەیت یان
بەهێمنی لەناخی خۆتدا، بمریت.

هیچ کەس ناتوانێت فریات بکەوێت، تەنها خۆت نەبێت،
زۆر سانایە  بەپێی پێویست نوشتبهێنی،
زۆر سانایە.
بەڵاک، نا، ناو ا نەکەی،
تەنها لێیان بڕوانەو گوێیان لێبگرە،
ئایا دەتەوێت بەو شێوەیە بیت؟
بێ دڵ و ئەقڵ و روو؟
ئایا دەتەوێت ئەزموونی مەرگ بکەیت
پێش ئەوەی بمریت؟

هیچ گەس ناتوانێت فریادت بکەێت،
تۆ شایانی فرایاکەوتنی.
ئەوە جەنگە و،
بردنەوەی ئاسان نیە،
بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت شایانی بردنەوە بێت،
ئەوە تۆی.
لەمبارەیەوە بیربکەوەو
بیر لە رزگارکردنی خۆت بکە

بۆ عەرەبی: شریف بقنه الشهرانی

## هیچ کەس، تەنها خۆت
## تشارلز بۆکۆفسکس

بۆ چەندین بار دووچاری هەڵویستی نەکارت دەکەن،
و دیسان و دیسان بە فێڵ و شێوە و تواناکانیانەوە
هەوڵدەدەن وات لێبکەن،
سەرداچەمێنی و خۆت بەدەستەوە بدەیت یان
بەهێمنی لەناخی خۆتدا، بمریت.

هیچ کەس ناتوانێت فریات بکەوێت، تەنها خۆت نەبێت،
زۆر سانایە  بەپێی پێویست نوشتبهێنی،
زۆر سانایە.
بەڵاک، نا، ناو ا نەکەی،
تەنها لێیان بڕوانەو گوێیان لێبگرە،
ئایا دەتەوێت بەو شێوەیە بیت؟

بێ دڵ و ئەقڵ و ڕوو؟
ئایا دەتەوێت ئەزموونی مەرگ بکەیت
پێش ئەوەی بمریت؟

هیچ گەس ناتوانێت فریادت بکەێت،
تۆ شایانی فرایاکەوتنی.
ئەوە جەنگە و،
بردنەوەی ئاسان نیە،
بەڵام ئەگەر کەسێک هەبێت شایانی بردنەوە بێت،
ئەوە تۆی.
لەمبارەیەوە بیربکەوەو
بیر لە ڕزگارکردنی خۆت بکە

بۆ عەرەبی: شريف بقنه الشهراني

## من تۆم خۆشدەوێت
## ئەحمەد شاملۆ

لای ئێمە شەو نیە
دەنگ لەگەل بێدەنگی ئاشت نابێتەوە
من بەتەنها نیم لەگەل تۆ
هیچ کەس لە گەل هیچ کەسێکی تر بە تەنها نیە
شەو تەنهاترە لە ئەستێرەکان
لای ئێمە شەو نیە
چراکە لە تەنیشت فتیلەکە نائارامە

تورەیی شەقام لەناو مشتی تۆیە
هۆنراوە لەسەر زمانی تۆ بریقەدەداتەوە
من تۆم خۆشدەوێت
شەویش لە تاریکییەکەی دەترسێت.

---

## گۆرانی یونانی (وشە جەرگبڕەکان)
## جۆرج دالاراس

لەسەر مێزی پێداویستیەکان و
قوتابخانە هەژارەکانی فیرکردن
گەیشتین بە ناسینی کۆمەڵگە و
ئەم ئازارە لە مێژینەیە.
هەموو ئەوەی دەیڵێین بریتین لە
وشە جەرگبڕەکان
چونکە لە جیهانێکی نابەرابەر دەژین
ئەو جیهانە لە ناو لانکەوە چاومان لێ بوو.
لەک دنیایە هەوڵماندا بۆ
دە مەتر زەوی
بە گوێرەی خانوویەکی سادە و باڵکۆنێکی بچووک
وشە جەرگبڕەکان
هەموو ئەوەی دەیڵێین بریتین لە
وشە جەرگبڕەکان
چونکە لە جیهانێکی نابەرابەر دەژین
وشەگەلی بار بە غەم
گشت ئەوەیە کە دەیڵێین
چونکە لە جیهانێکی نابەرابەر دەژین.

## وەک ئەم هەورە سپییە
## لیون فیلیبە

دوێنێ خۆشەویستەکەم
وەک ئەم هەورە سپییە بوو،
ئاوا بەتەنها لە ئاسماندا دەڕوات
زۆر بەرزە
ئێستا وەک ئەمە چی لەگەل مانگ زیوین،
روودەدا.

هەور
سپییە،
کە تۆ وا بەتەنها لە ئاسماندا دەڕۆیت
لە زیوی مانگ بەرزتر،
تۆ سبەینێ وەک خۆشەویستیم، لەناو ئاو،
لەناو ئاوی دەریا، رادەوەستیت.
ئەمە تاڵە.

خۆشەویستیم (ریتورنیلۆی)هەیە
وەک ئاو بەبێ راوەستان،
لە هەورەکان بەرەو ئاسمان دەڕوات و
لە باراندا، بەرەو دەریا،
ئاو، ئەم (ریتۆرنیلو)یە
خۆشەویستیم بەبێ راوەستان،
لە خەونەکان بەرەو ئاسمان دەڕوات و
بە گریانەوە بۆ قووڵی دەریا

## وەسیەتنامە
## یانیس رتسوس

دەڵێ: من بڕوام بە شیعر و خۆشەویستی و مەرگە،
ڕێکوڕوان بۆیە بڕوام بە نەمرییە و
شیعر دەنووسم.
بۆ دنیا دەنووسم کە من هەم و
دنیا هەیە و
لە کناری پەنجەمەوە رووبارێک دەڕوات.
شینی ئاسمان حەوت جار شینە و ئەم بێگەردیە
یەکەم راستییە و
دوا ئارەزوومە.

بۆ عەرەبی: اسکندر حبش

## شیعری وارتان
## ئەحمەد شاملۆ

وارتان
بەهار پێکەنی و ئەرخەوان گەشایەوە
لەماڵەوە، لە ژێر پەنجەرەکە، پیرە گوڵی(یاسمین)چرۆی گرت
دەست لە گومان هەڵگرە
لەگەل مەرگێگی خەفتبار

بوون لە نەبوون بەتایبەتی لە بەهار
وارتان هیچی نەگوت
بەشانازییەوە.
دانی بەخۆ گرت و بە جەرگی نەخۆشی بەستەوە و ڕۆیشت.
وارتان بدویَ
مریشکی بێدەنگی، جوجەی مەرگێکی خەمناک
لە سەر هێلکەکانی دانیشتووە
وەرتان هیچ نەگوت
وەک خۆر
لە تاریکی هات لەناو گۆمی خوێن دانیشت و ڕۆیشت
وارتان هیچ نەوت
وارتان ئەستێرە بوو،
هەناسەی کێشا و ڕۆیشت،
وارتان قسەی نەکرد
وارتان پەمەیی بوو
گوڵی دا و موژدەی دا
زستانی شکاند
و ڕۆیشت.

## ئازادی

## پۆل ئیلوارد

لەسەر دەفتەرەکانی قوتابخانە،
مێز و دارەکانم و
لم و بەفر

ناو تۆیان لەسەر دەنووسم.
لەسەر هەموو لاپەڕە خوێنراو و
لاپەڕە سپییەکان و
لاپەڕە خوێناوی یان خۆڵەمێشەکان
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم.

لەسەر وێنەی کەسە پیرۆزەکان
لەسەر تاجی پاشا و
چەکی جەنگاوەرەکان،
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم.

لە سەر دارستان و بیابانەکان
لە لانەی سەر دارەکانی(جولس)و
دەنگدانەوەی منالّیم
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم.

لەسەر سەرسووڕمانی شەوان،
ولەسەر رووی نانی سپی بۆ رۆژگاری رەش و
هەڵکشان و داشکانی شەپۆلەکان
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم.
لەسەر هەموو ئاسمانە شینە پارچەپارچەکراوەکەم و
گۆماوە بۆگەنبووەکان و
لەسەر هەڵهاتنی مانگی سەر رووبارەکان
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم.
لەسەر کێڵگەکانی ئاسۆ و
باڵی باڵندەگان و
ئاسیاوی سێبەرەکان

ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر هەر هێمایەکی سپێدەدەمان،
لەسەر دەریا و پاپۆڕەکان و
چیا ئەفسووناویەکان
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر کرێوی هەورەکان و
ئارەقەی ڕەشەباکان و
هەر دڵۆپە بارانێکی بە خوڕ
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر شێوە بریقەدارەکان و،
زەنگی ڕەنگەکان و
راستی فیزیکی
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر ریگاوبانە پڕ جموجوڵەکان
لەسەر شەقامە بەرفراوانەکان و
مێزە تەژیوەکان
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر گڵۆپە داگیرساوەکان و
ماڵە تاقانەکەم
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر میوە قاشکراوەکان،
ئاوێنە و ژوورەکەم و
لەسەر جێگای نووستنم
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر سەگە بخۆر و نیانەکەم
لەسەر گوێچکە قیتەکەی و
پەنجە گەمژەکانی

ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر بەردەرگای ماڵەکەم و
شتەکانی و
بڵێسەی موبارەکی سەر دیوارەکەم
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر نێوچەوانی برادەرەکانم و
هەر دەستێکی دۆستانە
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر پەنجەری سەرسوورمان و
ئەو لێوانە کە
زیاتر لە بێدەنگی، چاوەڕوانی دەکەن
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم

لەسەر پەناگا روخاوەکەم،
چرای قوللە وێرانەکان و
دیواری ئازارەکانم
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر نەشوە بێئومێدەکانم و
تەنیاییە پەتییەکان و
پلەپاچینەکانی مەرگ
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم
لەسەر باشبوونەوەی تەندرووستی و
مەترسییەکی ونبوو و
هیوایەکی لەبیرچوو
ناوی تۆیان لەسەر دەنووسم و
بە رێی دەسەڵاتی وشەیەک
دەست بە ژیانی نوێم دەکەمەوە

من بۆ ئەوە لەدایکبووم
تۆ بناسم و ناوت لێ بنێم
ئەی ئازادی!

## ئا-زا-دی
## یانیس ریتسوس

تۆ هەمان وشە دووبارە دەکەیتەوە،
ئەو وشەیەکی رووت کە،
لە پێناویدا ژیای،
لە پێناویدا گیانتلەدەستدا،
لە پێناویدا هەستایتەوە،
)چەندی جار(
هەر هەمان وشە.
بەو شێوەیە بە درێژایی شەو،
بەدرێژایی هەموو شەوان،
لە ژێر بەرد،
پەیڤ لەدوای پەیڤ.

وەک ئەو حەنەفیەیە کە ئاوی دەڕوات
ولە خەونی کەسێکی تینووە.
هەروا و هەروا
لە ژێر بەرد و
هەموو شەوان
وشەیەکە بەسەر پەنجەوە دەدبڕێت،
بە ئاسانی،

وەک چۆن دەڵێین من برسیمە،
وەک چۆن ئەڵێین من خۆشتتوام،
زۆر بە ئاسانی،
وەک لەبەردەم پەنجەرەدا هەناسەدەدەین،
ئا-زا-دی.
بۆ عەرەبی: اسکندر حبش

## یادوەریەکەت
## شیعری بیرو شامبی

یادوەرییەکەت ڕێگایەکی پڕ لە رووناکییە،
وەک (کومیتیم)ی رۆشنا،
هەمیشە بەدوامەوەیە لە هەرکوێ ببم و یۆ هەر کوێ بڕۆم،
ئێستا کە دیار نیت،
پێموایە هێشتا لە نزیکمی و،
ئێواران دەگەرێمەوە بۆ ئەو شوێنە کە
دەستت دەگرتم.
روخسارت ئێوارانە و سێبەر بەری گرتووەو،
یادی هەنگاوەکانت،
بە بێ داپسان بەدوام دەگرێن لە هەر کوێم بم و بۆ هەر کوێ بڕۆم.
ئێستا کە دیارنیت،
هەست بە ئارەزوویەکی دەستبەجێ دەکەم بۆ بێدەنگی
بێدەنگییەکی ئەبەدی،

بێدەنگییەکی رووتەڵە،
بولبولی سپی
و یادوەری بێگەرد لەسەر
رێگای پڕ بە رووناکی،
لە رێگایەکی بێکۆتایی.
بۆ عەرەبی نورالدین منصوری

## وێرانی
## کازیمیرو دو بریتو

1
نەوت دەرژێنەوە
بەسەر ئەوەی لە بەهەشت ماوەتەوە.
ئۆقیانووس لە ماتەمە.
2
بەردێک لەدەست
بیماری کەردوون و
سەرکەوتنەکانی.
3
سرووشت
مێشکی لەدەستداوە، لەوانەیە
ئاشق بێت.
4
لەقلەقەکان
بەبێ ئەوەی بۆ دواوەوە بڕوانن،

ئەم کێڵکە وشکانە بەجێدەهێڵن.
5
کناری دریا چۆڵە
زبڵوخاشاکی مرۆڤ لەبەرامبەر
جوانی ئەبەدیە.
6
دەریاچەی(ئۆهرید:(
تەنانەت لەناو دڵی مەرگیشدا
پێداگری لەسەر بزەی خەندە دەکات.
7
لەبەری ئەوبەری دەریاچەکە
زەویوزارەکە دڵخۆش دیارە:
پیاوەکان دەجنگن.
8
شار! ناوکە
لم! پارچەی فیشەکەکان
لە ئاسمان.
9
ئەی پەیوولە هەڵبێ
وا خەڵک بە لەشکرەکانیانەوە
بەرێگەوەن.
10
بروسکە لەسەر دارەکەیە
ئیدی لەمەودوا
چۆلەکەکان لە کوێ دانیشنەوە؟
11
پاپۆڕی نەوتهەڵگریش

له دەریا دەژێ
ئاژەڵگەلی نەخۆشن.
12
بەیانیانێک بەبێ باڵندە:
له ئاوایی مرۆڤ
گوێمان لە بۆشاییەکی گەورە دەبێت.
13
جگەرەکە لە دەمی
دەستوتێ.
ئەی چی لە دڵی هەیە؟
پاشماوەی گرکان؟

بۆ عەرەبی: جمال الجلاصی

## گۆرانی(چەند وشەیەک بۆ یولیا)
## گۆرانی پاکۆ ئیبانێز

تۆ ناتوانیت بگەڕێیتەوە،
چونکە ژیان وەک گریانێکی بێکۆتایی
فشارت بۆ دەهێنێت.
هەستدەکەی گەماروت دەدەن و،
هەستدەکەی ونبووی یان تەنهایت
رەنگە حەز بکەی لەدایک نەباتای،

لەدایک نەبیت.

بەڵام تۆ هەمیشە بەبیرت دێتەوە،
ئەوەی رۆژێک نووسیم،
بیر لەتۆ دەکەمەوە، بیر لە تۆ دەکەمەوە.
وەک چۆن ئێستا بیر لە تۆ دەکەم.

ژیان جوانە و دەبینی
سەرەڕای پەشیمانی
لەداهاتوو برادەرت دەبێت، خۆشەویستت دەبێت.
برادەرەت دەبێت.

پیاوێکی بەتەنها، ئافرەتێک
بۆیە یەک لەدوای یەک،
هەردووکیان وەک تەپوتۆزن، هیچ نین،
هەر هیچ.

بۆیە هەمیشە لەبیرت بێت
رۆژێکیان چیم نووسی،
بیر لە تۆ دەکەم، بیرم لە تۆ دەکەم.
وەک چۆن ئیستا بیرت لێدەکەمەوە.

ئەوانی تر چاوەڕوانن موقاوەمەت بکەی،
هیوادارم خۆشحاڵیت یارمەتیان بدات،
هیوادارم گۆرانیەکانت یارمەتیان بدات
لەنێو گۆرانیەکانی.

هەرگیز ورە بەرمەدە، گومڕا مەبە،
هەرگیز بە درێژایی ڕێگاکە نەڵێی
من لەمەودوا ناتوانم بەرگە بگرم و لێرە دەمێنمەوەو
لێرە دەمێنمەوە.

بۆیە هە میشە بە بیرت بهێنەوە،
ئەو ڕۆژە چیم نووسی،
بیر لە تۆ دەکەم، بیر لە تۆ دەکەم،
وەک چۆن ئێستا بیر لە تۆ دەکەم.

ژیان جوانە و دەبینی
سەرەڕای پەشیمانی
لەداهاتوو برادەرت دەبێت، خۆشەویستت دەبێت.
برادەرەت دەبێت.
من نازانم چۆن شتێکیتر بە تۆ بڵێم،
بەڵام تۆ دەبێ تێبگەیت کە من
هێشتا لە ڕێگام
بە ڕێگاوەم.

بەڵام تۆ هەمیشە بەبیرت دێتەوە،
ئەوەی ئەو ڕۆژەی نووسیم،
بیر لە تۆ دەکەمەوە، بیر لە تۆ دەکەمەوە.

# ئامادەنەبوو
## شیعری ئۆکتاڤیو باز

1

ئەی خوداوەندی چاوبرسی کە شەونخونیم خۆراکتە،
ئەی خوداوەندی وشک کە تینوێتیە ئەبەدییەکەت بە فرمێسکەکانم دەشکێنیت،
ئەی خوداوەندی بەتاڵ کە سنگم بە مشتێکی بەرد دەکوتیت، بە مشتێک لە دوکەڵ،
ئەی ئەو خوداوەندەی کە بەجێمدەهێڵیت،
ئەی خوداوەندی چۆڵ، ئەی ئەو بەردەی کە نوێژەکانم دەیشوات،
ئەی ئەو خوداوەندە کە بە بێدەنگییەکی دوورکەوتنەوەی زیاتر، وڵامی مرۆڤی پرسیارکەر دەدەیتەوە،
ئەی خوداوەندی رەق، خوداوەندی هیچ، ئەی خوداوەندەکەم:
خوێنێک، خوێنی خۆت، خوێن پێشڕەوی و رێپیشاندەریم دەکات.
خوێنی زەمین،
خوێنی ئاژەڵان، خوێنی گژوگیای باخەکان،
خوێنی کانزا بەردبووەکان، خوێنی ئەو ئاورە کە لە زەمین دەخەوێت،
خوێنی ئەو شەرابە کە گۆرانی دەڵێت کاتێ بەهار دێت،
ئەی خوداوەندی کوێیلە و خۆر،
(...)
خوداوەندی زیندووبوونەوەو
ئەی ئەستێرەی بەگڕ،
خوێن،
خوێنێک کە هەمیشە بە شکۆداری بەربەریانەوە، خەڵتاندت دەکات،
خوێنی رژاوی شەوی قوربان،
خوێنی بێتاوان و ئەتائیستەکان،

خوێنی دوژمنان و بەندە چاکەکانت،
خوێنی خۆت، خوێنی قوربانییەکانت.
2
من بەتۆوە، بەڕێگای نەوەکانمەوە، بەرز و نزم دەبمەوە،
تەنانەت  بیری خۆڵ،
کە نەوەیەکم لەناو نەوەکان وندەبێت،
زۆر دێرینتر و بەبێ ناو،
لە رووبارە کوێربووەکانی دەشتگەلی خۆڵەمێش،
من بۆ تۆ گەڕام، بۆ تۆ دەگەڕێم
لە دوێنێی چۆڵەوانی و سیسارکی ئەقڵ بازنەیی،
لە ناو جنجاڵی ئەو خەونانە کە پێشبینی یەکلاکەرەوەیان هەیە و،
لەناو ئەو لافاوە رەشانەدا کە وڕینە بەریاندەدات:
بیر، شمشێرە
رۆشناکەر و وێرانکەرەو،
پاش هەورەتریشقە هیچ نیە،
تەنها پێشبڕکێی تا بێکۆتایی نەبێت،
لەوێ خۆمان لەبەردەم دیوارەکە دەبینینەوە.
من بۆ تۆ گەڕام، بۆ تۆ دەگەڕێم،
لەناو توڕەیی کەسە بێئومێدە خاوێنەکان،
لەوێ کە مرۆڤ کۆدەبنەوە تا لەنێوان
نەفرەت و گوڵێکی سەربڕاودا
بە بێ تۆ بمرن.
نەخێر، تۆ لەناو ئەم روخسارە شکێنراوە نەبووی کە بۆ هەزار پارچە روخساری یەکسان وردوخاشبوو.
من بۆ تۆ گەڕام، بۆ تۆ دەگەڕێم،
لەنێو ئاسەواری کەلاوەی شەو،
لەناو لاشەکانی رووناکی هەڵهاتوو،

لەناو ئەو منداڵە گەداکەرەی سەر شاقام کە خەون بە لم و شەپۆلەکان دەبینێت،
لەلای سەگەکانی شەوان و،
لەناو روخساری هەور و برین و،
لەناو هەنگاوە وشک وخاڵییەکانی ئەو پاژنانە کە بەدەم خەوەوە رێدەکەن.
من لەناو خۆمدا بۆ تۆ دەگەڕێم.
ئایا تۆ روخساری منی لە چرکەی سڕینەوەی ناوم کە وتیان دادەڕزێت،
ئایا تۆ منی لەکاتی بێهۆشبوونم؟
3
وشەی پێکهاتن
پێکهاتنی وشە،
بەرد و خۆڵ و رێپێوان،
سەوزایی لە ناکاو،
ئاگرێکی هەرگیز ناکوژێتەوە،
ئاوێکی پرشنگدار لەناو ئەشکەوتێک:
تۆ بوونت نیە، بەڵام
لەناو دڵەڕاوکێ
قووڵایی چرکە بەتاڵەکاندا، دەژێی.
- ئای لەم بێزارییە-
لە کارکردن و ئارەقەی کە بەروبوومەکەییت،
لەو خەونەی کە دیوار لەدایکدەهێنێت و رێگری و قەدەغەدەکات،
ئەی خوداوەندی سرەنجراکێش، خوداوەندی کەڕ، ئەی خوداوەندەکەم،
تۆ بۆ ئێمە فرمێسکی، ناسزاییت و
شەو و بێدەنگی مرۆڤی،
بورجی گریانەکانمانی و، ژمارەی خوێنی،
شێوەیەکی ترسناکی بۆ عەدەم،
جاڵجاڵۆکەی ترس و
ِبڕبڕەی پشتی کاتی،

نیعمەتی دنیای و، نهێنییەکی ڕێگەی تێناچێت،
روخسارتم پیشانبدە کە دەبێتەوە بە عەدەم،
تا بۆ خۆڵ دەگەڕێمە،
بۆ ئاوری پیسکراو .

## ئاڵای سوور(Le Drapeau Rouge)
## شۆڕشگێڕانی سەدەی ناوەڕاست

لەسەر قوللەکاندا نیشانەی ئازایەتیان پیشانداو
هەمیشە ڕەنگی پاشاکانیان زەرد دەکرد.
ئەوەتە، ئەوەتە، ئەوەتە
دەشەکەیت و بەشانازییەوە بەرزدەبێت.
لۆچە درێژەکانی لە خەبات ئامادەکراوە،
جورئەت بکەن، جورئەت بکە نبۆ رووبەڕووبوونەوە،
ئاڵا سوورە جوانەکەمان،
خوێنی سووری کرێکارانە،
خوێنی سووری کرێکارانە.

لەلایەن قارەمانەکانی فرایەر
لەسەر سەنگەرەکان چێنراون،
بۆ هاوڕییەکان
بوو بە پەرچەمی زەحمەتکێشان.

ئەوەتە، ئەوەتە، ئەوەتە
دەشەکێت و بەشانازییەوە بەرزدەبێت.
لۆچە درێژەکانی لە خەبات ئامادەکراوە،

جورئەت بکەن، جورئەت بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوە،
ئاڵا سوورە جوانەکەمان،
خوێنی سووری کرێکارانە،
خوێنی سووری کرێکارانە.
لەسایەی کۆمۆنە هێشتا ئاڵاکەمان بەرزدەبێت
لە سەر لووتکەی بتالیونەکان
وهەر سەنگەرێک وەرزشکارانە بەرزکراگرتووە،
پارچەکانی لۆچە درێژەکانی بە خرگەیی بڕاوە،
ئەوەتە، ئەوەتە، بڕوانە
دەشەکێت و بەشانازییەوە بەرزدەبێت.
لۆچە درێژەکانی لە خەبات ئامادەکراوە،
جورئەت بکەن، جورئەت بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوە،
ئاڵا سوورە جوانەکەمان،
خوێنی سووری کرێکارانە،
خوێنی سووری کرێکارانە.
سەنگی شەرەفمەندانەی پرۆلیتاریە
ستەملیکراوان پێشەنگن
بۆ هەموو گەلانی دنیا
ئاشتی و شادی دەهێنن.
ئەوەتە، ئەوەتە، بڕوانە
دەشەکێت و بەشانازییەوە بەرزدەبێت.
لۆچە درێژەکانی لە خەبات ئامادەکراوە،
جورئەت بکەن، جورئەت بکەن بۆ رووبەڕووبوونەوە،
ئاڵا سوورە جوانەکەمان،
خوێنی سووری کرێکارانە،
خوێنی سووری کرێکارانە.

## سروودی ئافرەتانی کۆمۆنە

ئیمڕۆ هەموو(موبەق)ەکان ساردەبن،
ئافرەتان لەماڵەوە نامێننەوە،
بۆ چێشتلێنان و کاری ناوماڵەو،
بۆ ناوەندەکانی کۆمونە دەڕۆن و
داوادەکەن: چەک بدەن بە ئێمەی ئافرەت!
روومەتە سوورەکانیان چەند بریقەدەدەنەوە، لە کاتی دروستکردنی سەنگەرەکان
جوانترین ئافرەت تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،
جوانترین ئافرەت تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،
جوانترین ئافرە تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،
ئیدی بوو بە قسەی رابردوو:
ئافرەت بۆ ناو ماڵ و
جەنگیش بۆ پیاوان،
ئافرەت چیتر بێدەنگ نابێ
تێگەیشت: هەر کەسێک بیەوێت ئازاد بێ،
دەبێ بۆ ئازادی بجەنگێ!
روومەتە سوورەکانیان چەند بریقەدەدەنەوە، لە کاتی دروستکردنی سەنگەرەکان.
جوانترین ئافرە تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،
جوانترین ئافرەت تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،
جوانترین ئافرەت تا ئێستا
ئافرەتانی کۆمۆنەن،

## هۆنراوەیەکی ئالان بوسکێ

گوێ بگرە، گوێ
بۆ هاواری ئێسقانە کەڕەکەت،
پاش خۆشەویستی، مەبەستم پاش کردەی خۆشەویستی،
دەتەوێت چی لەنێوانمان بێت؟
بۆ ئەوەی سەرڕاست لەگەڵتان، دوو وڵام هەیە:
یان هیچ،
یان هەموو شتێک.
هیچ: بە یەکجاری لەبیرت بککەم
هەموو شتێک: بتپەرەستم.
"لە رۆژی شەشەم"دا، خوداوەند لەبەر خۆی وتی :
لە مەتری زێدە رۆییم کرد.
من پەلکەزێرینە لەو وڵاتانە دەفرۆشم کە
بارانی لێ نابارێت،
هەموو گوڵەکانم ناویان"جانجۆڵەکەیە"
سەرکەوتنی پیانۆ لەوەیە، لە من زیاتر ددانی هەیەو،
سرووشتیش دوژمنی قیزەوەتری نیە لە پێناسەکەی.
خانمەکەم
من لە تۆدا کۆتایی دیا دەبینم، بەڵام
پاش پێنج مان گلە ئێستاوە
مناڵێکم دەبێت،
خانمەکەم
من لە تۆدا کۆتاییەکیتری جیهان دەبینم .

## ئاگری هەموو رۆژێک
## شعری ئۆکتاڤیو باز

لەنێوانی کارکردن یان بڕوانم،
لەنێوان کردە و تێڕامان،
من درووستکردنی وشەم هەڵبژارد،
ببم بە وشە و تێدا نیشتەجێبم،
چاومان بە زمان بدەم:
شیعر راستی نیە، بەڵکو
سەرهەڵدانە بۆ ئامادەیی،
مێژووە
گۆڕاوە بۆ راستی لە کاتێکی بێ مێژوو.
شیعر
وەک مێژووە...درووستدەکرێت،
شیعر:
وەک راستیە...دەبینێ
شیعر:
بەجەستەکردنی خۆرە لەسەر تاشەبەردەکان بە یەک ناو
وردکردنی ناوەوگەرچی دوورترە لە تاشەبەر،
شیعر:
پردێکی هەڵواسراوە لەنێوان مێژوو و راستی:
رێگایەکیش نیە بەرەو ئەم یان ئەویان،
دەبێ دەست بە ئاسوودەیی بهێنین لەناو دڵی هەژاندن،
پەرێنەوەیە بەرەو ئاسوودەیی:
مێژوو ئەو رێگایەیە کە بەرەو بێشوێنی دەڕوات،
رێگای هەموومانە:

ئێمە نە دەڕۆین و نە دەگەڕێینەوە،
ئێمە لەناو  مشتی کاتین:
ڕاستییەکەی ئەوەیە هەر خودی هەڵواسراومان هەر لەسەرەتاوە
بناسینەوە،
ئەو خۆشەویستییە بناسینەوە کە لە سەر بۆشایی دامەزراوە.

## ئەنتۆلۆجیا
## لە شیعری ئادەم زاخاجیڤسکی

ئێوارە ئەنتۆلۆژیام خوێندەوە،
لەپشت پەنجەرەکەوە شوانی هەورە قرمزەکانی دەکرد،
دوێنێی رابردوو لە مۆزەکانە لەبەرچاو ونبوو
ئەی تۆ؟ – تۆ کێی؟
نازانم.
نەمدەزانی
من بۆ خۆشی لەدایکبووم،
یان بۆ خەم؟ یان بۆ چاوەڕوانی درێژخایەن؟
لە بای پاکژی ڕۆژئاوابوون
ئەنتۆلۆژیام خوێندەوە .

## ئەمولێت
## شیعری کارڵ مارکس

ساڵەکان لە گەردوون
بێ کۆتایی هەڵدێن و بەسەردەچن،
بە مەیل و راڕایی، حاڵەتی ئەبەدی شەوانەیە.
من  بە پێکەنینەوە لەسەر کورسییە بەرزەکەمەوە،
تەماشای دەکەم
جا سرنجڕاکێش بێت
یا رەشەبا و بروسکە.

من ئێستا چونکە تەڵسمێکم دۆزیەوە
هێزەکەی برین تیماردەکات و،
جەسوورانە بۆ پێشەوە دەمبات.
ستایشی و بانگی دەکات،
بە گۆرانی هەناسەدەداو
و هەموو گاڵتەجاڕییەکان دەسووتێنێت و،
عشق و ئاوازی روحی و
ئارەزووی بێکۆتایی بۆ نزیکبوون، بانگدەکات.

# یەکێک
# لە شیعری ماریو بینیدیتی

یەکێک زیندانەکەی پاکژکرد،
نە خوێن ما و نە تامی ئازارەکان،...
یەکێک ناوی تۆی لەسەر هەموو پەرژینەکە چنی،
هیچ ئەستێرەیەک پاسەوانی ئەم شەوانە ناکات.
یەکێک وشەیەکی دۆستانەی پێشکەش کردو، رقوقینەی پاکژکرد...
و لەبیری چوو...
وەک ئاوێنە بریقە دەداتەوە...
یەکێک ئەم پرسیارە ماندوویکرد
بۆچی مرۆڤ بۆ پێشەوە دەڕوات،
پێکەنینەکان وەک شەمشاڵ لە وەهمدا تانسدەکەن، جا بۆچی...
کەڵەشێرەکەش سروودی سپێدەی وتەوە...
بۆ ئەوەی دڵەڕاوکێی ئەبەدی وەک هەور بەسەرتەوە بمێنێتەوەو...
یەکێک حەزی نەکرد ببێت بە دوژمنت و....
بەختیش کەمە
بۆ وەستان بەڕووی مەرگ
بۆ مەسەلەیەکی زۆر قورس...
یەکێک زیندانەکەی پاکژکردەوە،
ئاسەواری خوێن نەما،
تەنها خەم شوێنی گرتەوە.

بۆ عەرەبی: بهاءالدین السیوف

# یەکەم بیرۆکە پاش ئەوە بینیم پێدەکەنی
# شیعری وارسان شایر

وەرە
بە هەموو برینەکانتەوە،
بە هەموو ئەو ئافرەتانەوە خۆشتویستون،
بە هەموو درۆکانتەوە،
بەهەموو ئەوەی شەوان مەراقت دەداتێ،
بە هەموو خوێنێکەوە تامیت کردووە
و بە هەموو ئەو دوژمنانەی درووستکردوون،
بەهەموو ئەوانەوە وەرە کە لە خێزانەکەت ناشتووە،
بە هەموو کردە قیزەوەنەکانتەوە
بە هەموو شەرابێک هەناوتی سووتاندووە
و گشت بەیانییەک بە تەنها و بەبێ ئامانج
بێداردەبوویتەوە
وەرە بە شکستییەکانت و
پەشیوانی و
گوناە و
یادوەری و
بە نهێنییەکانتەوە وەرە.
وەرە بە دەمی وشکبوو و
بە دەنگە کڕخنەکەتەوە کە لە دەرزیەک دەچێت ئەستوانەی گرامافۆن خراپدەکات
وەرە بە دوو چاوە دۆستانەکانت و ئازارەکانی ئێسقانتەوە
بە هەموو نەنگییەکانتەوە وەرە
بە دڵە پڕەکەتەوە وەرە
من هەرگیز کەسێکم نەبینی وەک تۆ جوان بێت.

بۆ عەرەبی: چی رحمە

## ئەگەر هەر دەمرین
## لە شیعری کلود ماکای

ئەگەر هەر دەبێ بمرین، با بمرین،
بەڵام نەک وەک بەراز،
راومان بکەن و لە شوێنێکی رسوا
زیندانی بکرێین و
سەگە هارو برسییەکانیش لەولاوەوە
پێمان بووەڕن و
بەم چارەنووسە بەنەعەلەتبووەمان گاڵت بکەن.

ئەگەر مردن ناچارییە، با بە روومەتی سوورەوە بمرین،
بۆ ئەوەی بەخۆڕایی خوێنمان نەڕێژن
تەنانەت ئەگەر مردین،
ئەو دڕندانەش کە رووبەڕوویان وەستاوین،
ناچار دەکەین بەشکۆدارییەوە بۆمان بڕوانن.

ئەی هاوڵاتیان، گەلەکەم!
ئێمە دەبێ بەرووی دوژمنی هاوبەشمان راوەستین،
گەرچی ژمارەیان لە ئێمە زیاترە،
با ئازایەتیمان بۆیان بسەلمێنین،
لەبری هەزار دەستوەشاندیان لە ئێمە،

با یەک لێدانی بکوژیان لێبدەین!
گەر لەبەردەماندا دەمی گۆڕیشیان بۆ ئێمە کردبێتەوە؟
وەک مەرد رووبەڕووی چەتەی ترسنۆگی مرۆڤکوژ ببینەوە،
لە تەنیشت دیوارەکان ریزمان دەکەن و دەمرین،
بەڵام ئێمە هەر دەجەنگین.

## ئەی خۆشەویستی بێداربە
## لە شیعری ماریو بینیدیتی

ئەی خۆشەویستی بێداربە
ئاگادارت دەکەم:
تەنها لە جیهانی سێ،
رۆژانە چل هەزار مناڵ لە برساندا دەمرن.
لەسەر ئاسمانی رۆشن و جوان
بۆمبا و هەلۆ باڵدەگرن
چوار ملیون بونەوەر توشی ئایدز بوون،
بێداربە،
چاوچنۆکی ئەمازۆن چەپاودەکات،
لەسەر کۆمپیوتەری باپیرەم،
نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێن،
ناتوانین زیاتر لاشەکانی رواندا بژمێرین،
توندڕەوەکان سەری بیانییەکان دەبڕن، و
پاپاش ئامۆژگاری دەکات دژ بە،
خۆپاراستنە تەندرووستیەکان،
ئەی خۆشەویستی بێداربە،
مەترسی هەڵهات.

## ئەوەی ئازارم دەدا

## شیعری فرناندو بیسوا

ئەوەی ئازارم دەدات،
ئەوە نیە کە لەدڵەوە هەڵدەقوڵێت،
بەڵکو ئەو شتە جوانانەیە
کە هەرگیز نابن،
ئەو شێوانەیە کە شێوەیان نیە و،
بەبێ ئازار تێدەپەڕن
دەتوانی بزانی یان
حەزبکەی خەونیان پێوە ببینیت
هەر ئەڵێیت خەم
دارێکە لێدەگەڕێت
گەڵاکانی
لە نێوان شوێنپەنجە و تەم
یەک لەدوای یەک هەڵوەرێن.

بۆ عەرەبی نەزار ئاغری

## ئەوە بەس بوو
## شیعری رائول سوریتا

لەداهاتوودا:
دەریایەک لە بەرد دەبینی
دەریایەک لە(گوڵی داودی) دەبینیت،
خواوەندی برسێتی دەبینیت،
برسێتی دەبینیت،
شێوەگەلێک دەبینیت پێتوایە گوڵاڵەن،
بیابان دەبینیت،
دەریا لەناو بیابان دەبینیت،
نەفرەتی خۆت دەبینی،
دەوڵەتێک لە تینوێتی دەبینی،
ناوی هەڵهاتوان دەبینی،
تینوێتی دەبینی،
چیرۆکگەلێکی خۆشەویستی هەڵهاتوو دەبینیت،
لە خۆشەویستی کەمێک دەبینی،
گوڵگەلێک هەر ئەڵێی بەردن،
چاوگەلێکی هەڵهاتوو دەبینی،
لە لووتکەکاندا گوڵی داودی دەبینی،
رۆژی سپی دەبینی
دەبینی دەڕوات،
دەبینی و هیچ نابینی و
دەست بە گریان دەکەیت.

بۆ عەرەبی: ابراهیم الیعیشی

## ئەوانەی خەون بە شیعروە دەبینن
## شیعری غی مای

زۆرباشە، کەواتە سەرلەبەری نوشستیم قبوڵدەکەم و
بوتڵی مەیی خاڵی و ئەو هێلکانە کە کونی رەشی بچووکیان تێدایە.
زۆرباشە، ئێستا دەتوانم نوشستییەکی گرنتر ئەنجامبدەم،
دەبا ئەم جارەیان بەشێوەیەکی نموونەیی بێت،
و سەبارەت بە مەیەکەمان و دەستنووسی وشەکەکانمان
و خۆشەویستی، رەفتار، تف، حەزە گەورەکانمانەوە،
دەتوانم لەناو مەنجەڵێک بیانکوڵێنم و
پێشکەشی تۆی بکەم،
ئەی ئەوەی  وا بەحەسرەتەوەی
سەرتاپا بڕوخێم.

بۆ عەرەبی: یارا المصری

## ئەو ئەرکە سەختە
## شیعری فیکتۆر دولا کروز

ئەو ئەرکە درێژە،  سەخت بوو:
ئەرکی بوون بە پیاو.
رۆژ لەدوای رۆژ ئاوی
شەربەتی رۆژانەی ژیان
بنۆشیت(تاڵ-شیرین(
چەند سەختبوو لەم گۆڕەپانە کە وێراندەبێت،
ئێسقانت راستببێتەوە.
ئایا گوێت لە جیڕەجیڕی بونیادە کۆنەکان نیە لە ژێر پێمان
هەر لە ژووری  ئەشکەنجەوە تا بەرزی ئالا لە لەسەر تەلارەکە،
دراوەکەمان دادەبەزێت لە سەرەخوارکێی دۆلار
پەلەیە لە ژێر قورسایی گەندەڵی و،
وڵاتەکەمان وێراندەبێت و،
ئێمەش دەژین، هەر ئەڵێی هیچ نەبوو:
ئەرکێکی سەخت بوو:
لەنێو ئەم وێرانیە بژی.

بۆ عەرەبی: ولید السویرکی

## ئەو درۆیانە کە بۆ منداڵە سێ ساڵییەکەم وتووە
## شیعری راۆول غەتیریز (کوبا)

بە شەوان دارەکان لەگەڵ یەکتری قسەدەکەن.
هەموو ماسییەکان ناویان لورنا و جاکە.
پێش ئەوەی چاوت لە بینینی کەناڵە تەلەفزیونەکان بکەوێت،
زۆر گەورەتردەبن.
ئەگەر تۆ زۆر زۆر هێمن بیت، ئەوا گوێت لە هەورەکان دەبێت چۆن لە دەرگای ئاسمان دەدەن.
زۆر دەمێکە مانگ و خۆر شەریان لەگەڵ یەکتر کرد.
هەر کەسێک لەلانی کەمەوە، تەنها یەک زمانی نهێنی دەزانێت.
کاتێ هیچ کەس چاودێرم ناکات، دەفڕم.
هەمووما‌ن پەتگەلێکی نهێنی بەیەکەوە دەمانبەستێتەوە.
پەرتووکەکانیش هەست بە تەنهایی دەکەن.
دەتوانرێت خەمیش بخورێت.
من بۆ هەمیشە لێرە دەمێنمەوە.

بۆ عەرەبی: چی رحمی

## بەشێک لە هۆنراوەیەکی پاپلۆ نیرۆدا (گەورە شاعیری شیلی و جیهان)

ئیمپراتۆرە چاخەکانی نیویورک
مرۆڤکوژی دەم بەخەندەو
رووخۆشن
هەورێشم و نایلۆن و جگەرە دەکڕن
ستەمکار و دیکتاتۆرە بچووکەکان دەکڕن.
وڵات و خەڵک و دەریا و پۆلیس و ئەنجومەنەکانی نوێنەرایەتی دەکڕن و
ناوچە دووردەستەکان
لەوێ کە هەژارەکان گەنمەشامی دەشارنەوە
وەک چۆن نەکبەتەکان ئاڵتونەکانیان دەشارنەوە
کۆمپانیای"ستاندر ئویل" بێداریان دەکاتەوە و
جلی سەرباززیان لەبەردەکات و
دەبن بە برایانی دوژمن

باراگوایی دەست بە جەنگەکانی دەکات
و پۆلیڤییەکان بە پڕ چەکییانەوە
لەناو دارستانەکانی دەروخین.
سەرۆکێک بە هۆی دڵۆپەیەکی نەوت دەکوژرێت،
ملیونها دولار و هکتار زەوی لە رەهن دەنێن
سپێدەدەمان لەسێدارەدانی بە پەلە ئەنجامدەدرێن
سەربازگەی نوێ دادەمەزرێنن
زیندانیانی وێرانکاری لە باتاغونا،
خیانەتکاری
تەقەکردن

به سەرپەرەشتی مانگی نەوت
و لە پایتەختەکاندا گۆرانکاری وەزارەتەکان بە نهێنی رێکدەخەن
هەر وەک دڵۆپی نەوتاوی بەرین دەکبنەوە
بۆ ئەوەی چنگ بدەن
و دەبینن چۆن وشەکانی (Standar Oil)لەسەر هەورەکان و
دەریا و
لەسەر خانۆکەت، بەرزدەبن و
دەسەڵاتەکەیان روونددەبێت.

## ئەی وەتەن من ئەمەوێت گوڵەکانت لە ئامێزبگرم
## شیعری ئارتۆرۆ مۆنتیرۆ فیجا

سەرەڕای رقوقینە، نوزە و بەڵاکانی دەوروبەرمانەوە،
سەرەڕای وشکبوونی بێدەنگی لە نیگای چاومان،
سەرەڕای ئەوەی رووبارەکان خوێنمان لەگەڵ خۆی بەرەو دەریا دەبات،
سەرەڕای لەرزینی گوڵەکان بە ترسەوە لە شەوانمان،
سەرەڕای تاریکی تاڵ لە کێڵگەکانمان،
سەرەڕای ئەوەی تەپوتۆز رێگری لە رووناکی دەکات بۆ سەوزاییەکانمان،
سەرەڕای ئەوەی ئاگر لە خۆرەکەمان کوژایەوە،
سەرەڕایی ئەوەی قینە لە سپێدەدەماندا نێوەچوانمانی گرژکردووە،
سەرەڕای ئەوەی خەمی کۆترەکان لەدەورماندا نەماوە،
سەرەڕای ئەوەی فرمێسک مەودای بینینمانی تەڵخکردووە،
سەرەڕای ئەوەی ژیان و مەرگ لە گۆڕەپانەکانماندا ململانێ دەکەن،
سەرەڕای ئەوەی کارەساتەکان سەر دڵمانی گرتووە،

سەرەرای هەموو خەمەکانمان،
من هەر ئەمەوێت گوڵەکانت لە ئامێزبگرم، ئەی وەتەن .

www.dengekan.info